WILLAM COOPER

ئاشکراکردنی 40 تەکنیکی شاراوەی بەکاربردنی هەستی، شتنەوەی مێشک و کۆنترۆڵکردنی ئەقڵ. فێربە چۆن خەڵکی بخوێنیتەوە، نهێنی NLP و زانستی قایلکردن بۆ کاریگەری دانان لەسەر هەر کەسێك کە بتەوێت






# نهێنییەکانی دەروونناسی تاریك

ویلیام کۆپەر

وەرگێڕانی: سەمیر حسێن

# DARK PSYCHOLOGY SECRETS

# وەرزی یەکەم

# نهێنییەکانی دەروونناسی تاریک

هەربۆیە ناکرێت پشتگوێ بخرێت. بڕیار لەلای خۆتە، دەتوانیت بڕیار بدەیت کە نهێنی بەهێزی دەروونناسی تاریک لەبەرچاو نەگریت و ببتە قوربانی، یان هەوڵبدەیت لێی تێبگەیت و خۆت بەدوور بگریت لە بوون بە قوربانی و گرنگی بدەیت بەو کۆمەڵە کەسانەی بەلاتەوە گرنگ و جێگەی بایەخن.

دەروونناسی تاریک هەر وەکو بنەما و ئایدیاکانی پەیوەست بەو زانستەوە، دەتوانێت هاوکاریت بکات، لە کار و پیشەکەتدا. بێگومان نامەوێت بە فێربوونی ئەم ڕێگایانە، هانت بدەم بۆ ئەوەی ببیتە کەسێکی شەڕەنگێز و خراپەکار! بابەتەکە ئەوەیە بە زانینی ئەو نهێنیانە، کاردانەوە و کرداری باشترت دەبێت لە ژیان و هەلومەرجە جیاوازەکاندا.

## جیاوازی قایلکردنی (هاندانی) تاریک و دەستکاری سۆزداری شاراوە (Manipulation).

جیاوازی نێوان قایلکردن تاریک و دەستکاری سۆزداری شاراوە دەتوانرێت لەناو دوو پێناسەدا ببینرێت.

دەستکاری هەستی (سۆزداری) شاراوە: پرۆسەیەکە مرۆڤ لەناویدا هەوڵ دەدات تاوەکو بەشێوەیەکی شاراوە یان لە ژێر پەردەیەکدا، کاریگەری بکاتە سەر بڕیارەکان و هەستەکانی کەسانی دیکە. لە دەستکاریکردن سۆزداری شاراوەدا بەگشتی کەسی سوئیسفادەکەر (زەفەربەر)، نیەتی سەرەکی و ڕاستەقینەی خۆی دەشارێتەوە، و ناڕوون دەیهێڵێتەوە. کەسی زەفەربەر یان سوئیسفادەکەر تەرکیز دەکاتە سەر لایەنی سۆزداری قوربانی، چونکە دەزانێت کە هەستی کەسەکە، لایەنی سەرەکی کەسایەتییەکەی پێکدەهێنێت.

## ئاشنابوون بە نهێنییەکانی
## دەروونناسی تاریک

بێگومان بوونی زانست و زانیاری، هێز و توانایی دەهێنێت. بۆ پەیبردن بە نهێنییەکانی تاریکی دەروونناسی، سەرەتا دەبێت ئاشنای بابەت و واتای بنەڕەتی و بنەماکانی تێگەیشتنی دەروونناسی ببین. دەروونناسی دەتوانرێت وەکو توێژینەوە لە کرداری میشکی مرۆڤ پێناسە بکرێت. شوێن پێی زانستی دەروونناسی دەتوانرێت لە هەموو بوارەکاندا لە ڕیکلامەکانەوە بیگرە تاوەکو دەگاتە پەیوەندی و هەستەکانی وەکو عەشق و ڕق ببینرێت. ئەو کەسەی ئاگاداری بنەماکانی زانستی دەروونناسی بێت، بە ئاسانی دەتوانێت سود لەو لایەنە وەرگرێت بۆ کاریگەری کردنە سەر کەسانی دیکە، بەڵام بەدەستهێنانی ئەو زانستە دژوارە، ڕێک وەکو دۆزینەوەی لایەنەکانی دیکەی سنورەکانی پەیوەست بە نەوەکانی مرۆڤ. نهێنییەکانی دەروونناسی لەناو قولایی بوونی مرۆڤەکاندا شاردراوەتەوە و لە دیدی کەسانی دیکەوە نادیارن. بۆ بەدەستهێنان و دەرخستنی ئەو نهێنیانە دەبێت لەم بوارەدا کتێبێکی زۆر بخوێنرێتەوە. نهێنییەکانی دەروونناسی تاریک، ئەو بنەما تەکتیکیانەن لە لایەن کەسانی کاریگەرەوە بەکاردەهێنرێن.

**بۆچی دەبێت بە ئاگابین لە نهێنییەکانی دەروونناسی تاریک؟**

چونکە لە دنیای ئەمڕۆدا سود لە دەروونناسی تاریک وەردەگیرێت،

قایلکردن و هاندانی تاریک، دەتوانرێت بە هەوڵدانێک بۆ خستنە ژێر کاریگەری کەسەکان بەهۆی تەکتیکەکانی دەروونناسی تاریکەوە پێناسە بکرێت. هەروەها دەتوانرێت ئەو تەکتیکە بە پرۆسەیەک پێناسە بکرێت کە لە ڕێگەیەوە کەسەکە قەناعەت دەکات کە کارێک بە پێچەوانەی خواست و بەرژەوەندییە کەسییەکانییەوە ئەنجام بدات. قایلکردنی تاریک، کردارێکی نا ئەخلاقییە و بزوێنەرەکانی پشت ئەم کردارەش بە پێچەوانەی ئەخلاقیاتەکانی مرۆڤەوەیە.

لە بارەی دەستکاری شاراوە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی، تەنها دەبێت تەرکیز لەسەر یەک کەس بکرێت، بەڵام لە پرسی قایلکردن، نەک تەنها دەتوانرێت سود لە یەک کەس وەربگیرێت، بەڵکو دەتوانێت لەناو گروپ و کۆمەڵەی گەورەتریش بەکار بهێنرێت و بۆ کاریگەریی کردنە سەر کۆمەڵە تایبەتەکان لە خەڵک و تەنانەت هەندێکجاریش لەسەر هەموو کەسانی کۆمەڵگە کاریگەر دەبێت. ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو کە قایلکردنی تاریک تاوەکو چەند دەتوانێت مەترسیدار بێت! چونکە ڕاستەوخۆ دەتوانرێت کاریگەر بێت بۆ گۆڕینی شێوەی بیرکردنەوەی کۆمەڵگە و چینە جیاوازەکان.

## چ کەسانێك سود لە دەروونناسی تاریك وەردەگرن بۆ کاریگەریکردنە سەر خەڵکی؟

لەوانەیە ئێستا ئەو پرسیارەتان بۆ دروست بووبێت کە بە وردی چ جۆرە کەسانێک سود لە ڕەوشی قەناعەتسازی تاریک وەردەگرن؟

ئەو کۆمەڵە کەسە بەرژەوەندیخوازانە لە مەودوا بە قایکەر ناویان دەبەین، هیچ گرنگی نادەن بە کاریگەری کارەکانیان لەسەر ژیانی کەسانی دیکە. ئەوانەی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەیان هەیە یان کەسانێکی

زۆر خۆپەرستن کە حەز و خواستەکانی خۆیان بە گرنگتر لە حەز و خواستەکانی خەڵکی دیکە دەزانن یان کەسانی دژە کۆمەڵگەن (Psychopathy) کە پەیبردنێکی ڕاستەقینە و گرنگیدانیان نیە بۆ هەستی کەسانی دیکە.

**پێشینەی قایلکردن:**

(هەوڵدان بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوت یان بیروباوەڕی کەسێک سەبارەت بە بابەتێک یان چەمکێک یان کەسێکی تر) (Persuasion)

بە درێژایی مێژوو، واتا و کرداری دەستەواژەی قایلکردن و ڕازی کردن توشی گۆڕان بووە و واتاکەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ساڵانێکە کە هاندان و قەناعەتسازی خەڵک، بەشێوەی کرداری بوونی هەیە؛ لە ڕاستیدا دەتوانرێت بووترێت ئەو کارە لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە بوونی هەبووە. دیارە ئەو بابەتە بەو مانایە نایێت کە ئەمڕۆ پرۆسەکانی هونەری کرداری قایلکردن کتومت وەکو ڕابردووە. ئەوەی ئەمڕۆ لەبەرچاوە هونەری هاندان و قایل کردن و چۆنیەتی سود لێ وەرگتنیەتی، کە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

ریچارد ئیم. پرلوف ماوەیەکی زۆری تەرخان کرد بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی بیروباوەڕە سونەتییەکان، شێوەی سودوەرگرتن لێیان و چۆنیەتی کاریگەری گشتیان لەسەر فەرهەنگ و کەلتور. هەروەها کتێبێکی بەناوی (هاندانی دینامیکی: پەیوەندییەکان و تێڕوانینەکان لە سەدەی بیست و یەک) بڵاوکردووەتەوە. لەم کتێبەیدا پێنج شێوەی جیاوازی لە بەکارهێنانی بەهاکانی ئەمڕۆی لەچاو ڕابردوو، خستووەتە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە. یەکێک لەو بوارانە، ئەو کۆمەڵە پەیامانەیە کە وەکو پەیامی هاندەرانە لەبەرچاوگیراون، کە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو

پەرەیانسەندووە. لە یۆنانی کۆن، هاندان و کرداری قەناعەتسازی خەلکی تەنها لەناو دەقە نووسراوەکان و گفتوگۆی نێوان نوخبەکان سودی لێ وەردەگیرا. ڕەوشەکانی هاندان نەک هەر بەشێوەیەکی فراوان بەکار نەدەهێنران، بەلکو زۆر بەکەمیش سود لەم جۆرە تەکنیکانە وەردەگیرا.

لە دنیای ئەمڕۆدا گەیشتن بە خواستەکانت بەبێ سودوەرگرتن لە پەیامەکانی هاندان و قایل کردن زۆر دژوارە. شێوازە جۆراوجۆرەکانی ڕیکلام کردن لەبەرچاو بگرە، لە یەک ڕۆژدا زیاتر لە ۳۰۰۰ پەیامی هاندەرانە و قەناعەتپێکەرانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بلاودەکرێتەوە. جگە لەوەی کە زۆرجار لە مالەوە دانیشتوویت، کەسانێک لە دەرگاکەت دەدەن و هەولدەدەن بەهۆی ئەو وەسف و باسەی کە بۆ کەلوپەلەکانیان دەکەن، هانت بدەن یان ناچارت بکەن بۆ کرینی کالاکەیان. لە دنیای مۆدێرنی ئەمڕۆدا، زیاتر لە هەر سەردەمێکی دیکەی مێژوویی، سود لە هاندان و قەناعەت پێ کردن وەردەگیرێت.

دەتوانرێت بووترێت ئەمڕۆ خێرایی گەشەسەندنی پەیامەکانی هاندان و قەناعەت پێ کردن زۆر پەرەیانسەندوە، لە کاتێکدا ناردنی یەک پەیامی هاندەرانە و قەناعەتپێکەرانە لە یۆنانی کۆندا بەلایەنی کەمەوە یەک هەفتە جارێک یان زیاتریش ئەنجام دەدرا.

حەزی هاندان و قەناعەت پێ کردن لەو سەردەمەدا سنوردار بووە، چونکە زۆربەی خەلک توانای وەرگرتنی ئەو پەیامانەیان نەبووە. زۆرێک لە دەستپێشخەرییەکانی هاندان و قەناعەتپێکردنیش بەشێوەی ناچاری و وەکو حزوری لەناو خەلکیدا ئەنجام دەدرا. بەلام ئەمڕۆ ئەنتەرنێت، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بوونەتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ پەرەسەندنی ئەم جۆرە پەیامانە و بە خێراییەکی زیاتر بۆ هەموو کونج و کەلەبەرێکی دوور و نزیک.

ئێستا تەنها لە ماوەی چەند چرکەیەکدا، هەڵبژێردراوە سیاسییەکان، دەتوانن لە یەک کاتدا قسە بۆ هەموو لایەنگرەکانیان بکەن، واتە خێرایی گواستنەوەی قسەکانییشیان پەرەیسەندووە. کاریگەری پەیامە قەناعەتپێکەر و هاندانەکان، ئەگەر بەخێرایی بەگوازرێنەوە، دەبێتە چەند قات.

سودوەرگرتنی ڕاست و دروست لە هونەری هاندان و قەناعەت پێ کردن، دەتوانێت ببێتە هۆی بەدەستهێنانی پارەیەکی زۆر. ئەمڕۆ ئیش و کارێکی زۆر بەهۆی هێزی هاندان و قەناعەت پێ کردنی مشتەرییەکانەوە بەدەست دێت و هەموو هەوڵدانێکیان بۆ سودوەگرتنی ڕاستەقینە لەو کارە بەکاردەهێنرێت. چونکە هەرچی زیاتر سەرکەوتووبن لە کرداری هاندان و قەناعەتپێکردنی مەشتەرییەکانیان بۆ کرینی کالاکانیان، بێگومان پارەیەکی زیاتر بەدەست دەهێنن.

زۆرێک لە دامەزراوەکان وەکو کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری گشتی، کۆمپانیا یان سەنتەرەکانی ڕیکلام، زۆر بەشێوەیەکی تایبەتی لێکۆڵینەوە و کار دەکەن لەسەر ڕەوشی پەیوەست بە هاندان و قەناعەتپێکردنی بەرامبەرەکانیان. کۆمپانیا و ناوەندەکانی تریش لەم ڕێگایەوە دەتوانن سود لە ستراتیژەکانی هاندان و قەناعەتپێکەرانەی ئەم دامەزراوە و کۆمپانیانانە وەگرن، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و فرۆشی زیاتر.

شێوازی کار و جوانکاری لە ڕەوشی هاندان و قەناعەت پێ کردن بەدرێژایی مێژوو گۆڕانکاری و پەرەسەندنی زۆری بەخۆیەوە بینیووە. پێشتر کاتێک کەسێک دەستی بۆ قایلکردن و قەناعەتپێکردنی خەڵکی ببردایە، ئەوا بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی بەشێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا دەخستەڕوو بۆ کۆمەڵێک یان گروپێک لە خەڵک، تاوەکو ئەوانیش بۆچوونەکانیان لەبەرامبەر بابەتێکی تایبەتی یان ئەو بابەتەی گفتوگۆی

دەکرد بگۆڕن، بەڵام لە ئێستادا ئەو ڕۆژانە تێپەڕیوون و ڕەوش و پرۆسەی قایلکردن و قەناعەت پێ کردن ، زۆر زیرەکانەتر و شاراوەتر لە پێشتر ئەنجام دەدرێت.

## کاریگەرییەکانی دەروونناسی تاریک

ئێستا حەز دەکەم ڕێنوێنیت بکەم بۆ بابەتە سەرەکییەکە، بەڵام ئاگاداربە کاریگەرییە لاوەکییەکانی ئەم بابەتە لە کاریگەرییەکانی خودی بابەتەکەش زیاترە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە چۆن دیاردەی نهێنی ئامێزی دەروونناسی تاریک کاریگەری هەیە لەسەرمان؟ ئایا هەر بە ڕاستی ئەم پرسە کاریگەری ڕاستەقینەی هەیە لەسەر ژیانمان؟ بەڵێ، دەتوانم ئەو دڵنیاییەت پێ بدەم کە هیچ گومانێک لەم مەسەلەیەدا نیە و لەم وەرزەدا چۆنیەتی ئەم بابەتەت بۆ ڕوون دەکەمەوە.

دەبێت ئەوە بزانین کە کەسی بەرژەوەندیخواز لەگەڵ قوربانییەکەی (سوژەکەی) هەردووکیان دەکەونە ژێر کاریگەری دەروونناسی تاریکەوە. بۆ پەیبردنی ئەم کاریگەرییانە دەبێت قسە لەسەر سەرچاوە سەرکییەکانی دەروونناسی تاریک بکەین. ئەو کەسانەی سودمەندن لە تایبەتمەندییە کەسییەکانی وەکو خۆپەرستی، دژەکۆمەڵگەیی و ماکیاڤیللیزمی کە بە بەشێک لە تایبەتمەندییە تاریکییەکانی کەسایەتی دادەنرێن، زیاتر لە هەموو کەسێک توشی کێشەکانی پەیوەست بەم مەیدان و بوارە دەبن. ئەگەر هەر سێ تایبەتمەندییە کەسایەتییە ناوبراوەکە، لە ناو کەسێکدا بوونیان هەبێت، ئەگەری توشبوونی بە تاوان زیاتر دەبێت.

بۆ نمونە کەسی خۆپەرست، هەمیشە هەست بە گەورەتر و تایبەتبوونی خۆی دەکات، زۆر ماف بەلایەنگیربوونی خۆی دەدات، هەمیشە حەسودی دەبات بەسەرکەوتنی کەسانی دیکە و هەڵسوکەوتی

سەرمایەگوزارانە لەناو خۆیدا پەرەپێدەدات. سیفەتە دیارەکانی دژە کۆمەڵگە، کەمبوون یان نەبوونی وژدانی ئەخلاقی، نەبوونی دەردەڵی و دڵسۆزی، توشبوون بە هەڵسوکەوتی توندوتیژانەی تێکدەرانە، خۆویستی و نەبوونی قبوڵکردنی بەرپرسیارییەتییە.

خۆبەگەورەزانین، بە بچوک زانینی کەسانی دیکە و هەڵسوکەوتی دەسەلاتخوازانە بە ناچاری و هەڕەشەئامێزانە لە نیشانە دیارەکانی کەسایەتییەکانی ماکیاڤیللییە.

هەریەکە لەو سێ تایبەتمەندییە، بە تەنها کێشە دروستکەرن، بەڵام ئەگەر هەموویان لەناو کەسێکدا کۆببنەوە، کێشەی کەسەکە بەتایبەتی لەبارەی پەیوەندی بە خەڵکییەوە، دەبێتە چەند قات. بۆ نمونە ئەگەر کەسێک بە بوونی هەموو ئەو تایبتمەندییە کەسایەتییانەوە لە شوێنێکدا ئیش بکات، لەوانەیە لە شوێنی کارەکەیدا هەڵسوکەوتێکی نەگونجاوی هەبێت و تەنانەت لەکاتی ئەنجامدانی ئاساییترین کارەکانیدا توشی کێشە ببێت. سەرەڕای ئەوەش ئەگەری هەیە ئەم کەسە بەهۆی نەبوونی توانایی تەحەمولکردنی ژیانی کۆمەڵی یان دەستەجەمعی، ببێتە هۆی دروستکردنی کێشە و گرفت لە شێوەی کارە دەستەجەمعییەکاندا و بەم کارەی، شەپۆلێکی بەهێز لە ڕق و قین سەبارەت بەخۆی دروست بکات.

ئەم جۆرە کەسانە سەرەڕای کارەکەشیان، لە پەیوەندییە شەخسییەکانیشیاندا توشی کێشەی جۆراوجۆر دەبەن. پێویستی و نیازی هەمیشەیی ئەوانە بە گرنگیدان و قبوڵ کردن و پەسەندکردنی، لەوانەیە ببێتە هۆی ماندووکردن و ئازارپێگەیاندنی کەسانی دیکە، هەر بۆیە پەیوەندییەکانیان بە خێرایی کۆتایی دێت. ئەم کەسانە بۆ کۆنترۆڵکردنی کەسانی بەرامبەریان سود لە دەستکاریکردن جەستەیی و سۆزداری وەردەگرن. هەروەها حەزیان بە ئەنجامدانی هەڵسوکەوتی سوکایەتی

کردنی قسە، هەستی یان جەستەیی تەنانەت سەبارەت بە هاوسەر یان منداڵەکانیشیان هەیە. ئەگەر ئەم جۆرە ئەزموونەت هەبووە، دەتوانیت بە هەوڵدان و کارکردن لەسەر ڕەوشی دەروونناسی چارەسەر وەرگریت. گرنگ نیە ئەم کێشانە تاوەکو چەندە قوڵن و تاوەکو چ ڕادەیەک لەناو کەسەکەدا ڕەگوڕیشەیان داکوتاوە، تۆ هەمیشە دەتوانیت بە گۆڕانکاری لە تێڕوانین و هەڵسوکەوتەکانت، گۆڕانکاری بەسەر ئەزموونەکانتدا بهێنیت. یەکەم هەنگاویش ئەوەیە کە پەی بە هەلومەرجەکان ببیەت، کێشەکانت بناسیتەوە و بەخێرایی هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەیت.

ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان لەگەڵ کەسانی خاوەن کەسایەتی خۆپەرست، دژە کۆمەڵگە و ماکیاڤللییانە هەیە، لە کۆتاییدا بە مێشکێکی ئاڵۆز و هەستێکی زیانپێگەیشتووانە ئەوانە بەجێدەهێڵن. ئەم زیانە زۆرجار لەوانەیە جەستەیی یان تەنانەت قەرەبوونەکراو و چارەسەرنەکراو بێت. کەسێکم بەهۆی دراوسێیەتییەوە دەناسی کە ئەزموونە ترسناکەکانی هانیدام بۆ نووسینی ئەم کتێبە، چونکە بەڕاستی هەموو شتێکی بەهۆی ئەم مەسەلەیەوە لەدەستدا بوو. ماڵ و ئیشەکەی لەدەستدا بوو، مسەلەی داراییەکەی لە خراپترین حاڵەتدا بوو، هەموو ئەمانە، تەنها بەشێکی بچوک بوون لە کێشەکانی. ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ ئەو کەسە تاوانبارەی کە ژیانی ئەم کەسەی وێران کردبوو، نەبوو. کەچی ئێمەش لەم ڕەوش و حاڵەتەدا بووبووین بە قوربانی. کێشەکانی ئێمە بە ڕادەی ئەو کەسە نەبوون، بەڵام ئێمەش توشی زەرەر بووبووین، چونکە دراوسێ باشەکەمان بەهۆی ئەم کەسەوە لەدەستدا. ئەو بە زیندوویی مایەوە، بەڵام دوای ئەو ئەزمونە، هیچ کاتێک نەگەڕایەوە بۆ حاڵەتی ئاسایی، ئێمە متمانەمان سەبارەت بە هەمووکەس لەدەستدا و ئێستا پێدەچێت بە

هۆکاری زیاتریش پێویستیمان بە پەیوەندی شەخسی هەبێت بۆ پاراستن و متمانەی خۆمان.

گەورەترین و خراپترین کاریگەری دەروونناسی تاریک لەسەر کەسەکان، دروستکردنی هەستی بێ متمانەیی و گرفت و کێشەیە. هەندێک لە کەسەکان بەهاکانیان لەدەست دەدەن، هەندێک پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کەسانی دیکە لە خراپترین حاڵەتە و هەندێکیش تەنانەت گیانیشیان بەهۆی ئەم کێشانەوە لەدەست دەدەن. هەر بۆیە بە سەرنجدان بەو پرسانە، دەبێت بزانرێت کە دەرئەنجامی ئەم تاریکییە، تاوەکو چەند زیانپێگەیەنەر و وێرانکەرانەیە و زەرورە کە خۆمان لەبەرامبەر ئەم دیوە شارانەوە بپارێزین.

# وەرزی دووەم

# تەکنیکە باوەکان لە دەروونناسی تاریک

# ڤایلکردن

سەرەتا دەبێت شیکارێکی واتا و دەستەواژەی ڤایلکردن یان قەناعەتسازی بکەین. زۆرجار کاتێک پرسیار دەکەین لەبارەی واتای ڤایل کردن لە خەڵکی لە بارەی ڕیکلامی ئەو کۆمپانیایانەوە قسە دەکەن کە هەوڵدەدەن تاوەکو قەناعەت بە خەڵکی بکەن کاڵاکانیان بکڕن. ژمارەیەکی دیکە ئەم واتایە دەبەستنەوە بۆ ئەو کاندیدانەی هەڵبژاردن کە لە ڕێگەی ئەو بەڵێن و قسانەی دەیانکەن بۆ گۆڕانکاری هەڵیان دەبژێرن. لە هەر دوو شێوەکەدا نمونەی هاندان و ڤایل کردن هەیە، چونکە لە هەردووکیاندا کەسێک لە ڕێگەی ناردنی پەیامێکەوە هەوڵ بۆ گۆڕانکاری یان کاریگەری لەسەر شێوەی ژیانی ئەوانی تر دەکات.

کاتێک پرسیار دەکەیت لە خەڵک، لەبارەی هاندان و ڤایل کردن، ئاگاداری تێڕوانینی سەلبیان دەبیت بۆ ئەم دەستەواژەیە. چونکە بە زۆری بیر لە کەسێکی ساختەچی و هەڵخەڵەتێنەر دەکەنەوە کە هەوڵ دەدات کاریگەری هەبێت لەسەر بیروبۆچوونەکانیان و ئەوەندەش بەردەوامی دەدات بەو کارە تاوەکو لە کۆتاییدا بەدەستیان دەهێنێت و قەناعەتیان پێ دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا هاندان و ڤایل کردن هەمیشە واتای ناڕوونی و تاریکی نیە و زۆرجار لە زەمینەیەکی سودمەندی وەکو کەمپینەکانی وازهێنان لە ماددەی بێهۆشکەر سودی لێ وەردەگیرێت.

پیرلۆف قایل کردن وەکو پرۆسەیەکی سومبلی پێناسە دەکات، لەناویدا خەڵکی بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسەکان، هەوڵدەدەن تاوەکو بەرامبەرەکانیان قەناعەت پێ بکەن و لە ڕێگەی گواستنەوەی پەیامێکەوە، هەڵسوکەوت و تێڕوانینی بەرامبەرەکەیان لە فەزایەکی بێ لایەنی و هەلومەرجێکی بڕیارداندا ئازادانە بگۆڕن. لە پرۆسەی هاندان و قایل کردن، کەسەکە بڕیاری کۆتایی بە ئیرادە و بە ئازادی خۆی دەگرێت. تەنانەت ئەگەر قایلکەر و هاندەر بە سودوەرگرتن لە ڕەوشەکانی قەناعەتپێکەرانەی جیاواز، هەوڵیدابێت بە ڕازی کردن و قایل کردنی لەبارەی بابەتێکی تایبەتییەوە، هێشتا هەر لەم پرۆسەیەشدا، کەسەکان ئازادن بەوەی کە ڕێگاکەیان بە ئیرادەی خۆیان هەڵبژاردووە.

# دەستکاری دەروونی

دەستکاری یان کرداری هەژمونی دەروونی چییە؟ ئەم کتێبە وەکو ڕێنوێنییەک بۆ پەی بردن بە واتای دەستکاری کار دەکات و ئەم کارە بە پشت بەستن بە واتای پەیوەست بە دەستکاری دەروونناسی ئەنجام دەدات کە وەکو ئامرازێک بۆ کاریگەری کۆمەڵایەتی و گۆڕانی تێڕوانینی کەسانی دیکە دەناسرێت. کەسانی کۆنترۆڵکەر، بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەسەر بەهای لەناوبردنی بەرژەوەندی کەسانی دیکە دابین دەکەن. بەزۆری ئەو ڕەوشانەی کە بەکاری دەهێنن هەڵخەڵەتێنەرانە و ئیستغلالگەرایانەیە. کاریگەرە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە کەسانی ناتەندروست و کەسانی تاریک نین. بەڵکو هەندێکجار کەسانی خێرخوازی وەکو دکتۆرەکان کە ناچارت دەکەن بە وازهێنانی عادەتی ناتەندروستی خواردنەکانت.

لەبەرامبەر ئەم کەسانە، دەستەیەکی دیکە هەن کە بە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانیان لە کەسانی دیکە بە پێچەوانەی خواستە شەخسییەکانی ئەو کەسانەوە، هەلپەرستی دەکەن. ئەم کارە بە بەشێک لە کاریگەری کۆمەڵایەتی تاریک دادەنرێت و دەتوانرێت مەترسیدار و زیانبەر بێت. دەستکاری هەستی یان سۆزداری نمونەیەکە لە قایل کردنی ناتەندروست و سەپاندنی ناچاری کەسەکان. لەم حاڵەتەدا کەسی کۆنترۆڵکەر ئامانجێکی تایبەتی لە مێشکیدایە و بۆ سوئیسفادەی خۆی لە

کەسانی دەوروبەری و گەیشتن بە خواستەکانی سودیان لێوەردەگرێت و هەموو ڕێگایەک دەگرنەبەر بۆ ئەوەی لەسەر حسابی کەسانی دیکە بگات بە ئامانجە شەخسییەکانی. ئەم پرسە بەگشتی بە باجدانی سۆزداری تەواو دەبێت. کەسانی سوئسفادەکەر بۆ ئەوەی کەسانی دیکە ناچار بکەن بەو کارێک کە خۆیان لەبەرچاویان گرتووە، سود لە کۆنترۆڵی مێشک، شۆردنەوەی مێشک و هەڕەشە و ترساندن وەردەگرن. پێدەچێت کەسی قوربانی کۆنترۆڵکراو حەز بە ئەنجامدانی کاری کۆنترۆڵکەر نەبێت، بەڵام بەهۆی باجدان یان هەر ڕێگایەکی دیکە کە کەسی کۆنترۆڵکەر دەیسەپێنێت بەسەریدا، هیچ ڕێگایەکی دیکەی نیە، جگە لەوەی کە دەبێت تەسلیمی خواستەکانی کەسی کۆنترۆڵکەر ببێت. زۆربەی کەسانی کۆنترۆڵکەر خاڵین لە هەستی دڵسۆزی و هاودەردی سەبارەت بە کەسانی دیکە، هەر لەبەر ئەوەیە ئەو کارەی کە دەیگرنەبەر، هەر جۆرە کاریگەرییەکیشی هەبێت، بەلایانەوە گرنگ نیە.

کەسانی کۆنترۆڵکەر یەک خەونیان هەیە، دەیانەوێت بگەن بە ئامانجەکەیان و گرنگی نادەن بەوەی لە ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجەیان، چ کەسانێک زەرەرمەند دەبن یان دەڕەنجێن لە دەستیان. سەرەڕای ئەوەش، ئەو جۆرە کەسایەتییە کۆنترۆڵکەرانە، ترسیان هەیە لە چوونە ناو پەیوەندییەکی تەندروستەوە، چونکە وابیر دەکەنەوە کە کەسانی دیکە ئەوانیان قبوڵ نیە و ڕازی نابن پێیان. کەسانی کۆنترۆڵکەریش هیچ کاتێک ڕێگا نادەن بەوەی کە ئەو کەسە بۆ خۆی بژی. زۆربەی ئەو کەسانەی کەسایەتی کۆنترۆڵکەریان هەیە، ناتوانن بەرپرسیارییەتی کار، کێشە و ژیانیان بگرنە ئەستۆ. لەو حاڵەتەشدا کە کەسانی کۆنترۆڵکەر ناتوانن سەبارەت بەو پرسانەی کە هەیە بەپرسیارییەتی قبوڵ بکەن، هەر بۆیە سود لە ڕەوشی دەستکاری عەقڵی وەردەگرن، تاوەکو ئەوانی دیکە

ناچار بکەن بە ئەنجامدان و قبوڵ کردنی کارێک ئەگەر بە زیانی خۆشیان تەواو ببێت.

ڕەشبگیری یان باجگیری سۆزداری (emotional blackmail) یەکێکە لە پڕبەکارهێنەرترین تەکنیکەکانی ئەم زەمینەیە. ئەم کارە ڕێک لەو کاتەدا ڕوودەدات کە کەسی کۆنترۆڵکەر دەست بە دروستکردنی هەستی گوناه یان دڵسۆزی بۆ کەسی قوربانی و کەسی مەبەستداری دەکات. ئەم دوو هەستە لەبەر ئەوە هەڵدەبژێردرێن، چونکە بەهێزترین هەستی مرۆڤن و بە ئەگەرێکی زۆر کەسی قوربانی ناچار بە پەیڕەوی و ئەنجامدانی خواستی کەسی کۆنترۆڵکەر دەبێت. کەسی کۆنترۆڵکەر بە بزواندنی هەستی دڵسۆزی یان هەستی گوناه، توانای سوئیسفادەی لە قوربانی دەبێت و بەرامبەرەکەی ناچار دەکات بە هاوکاری بۆ گەیشتن بە خواستەکانی کۆتایی خۆی.

زۆربەی کات کەسی کۆنترۆڵکەر نەک هەر دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی ئەو هەستانە لەناو کەسەکاندا، بەڵکو دەتوانێت ڕێژە و ئەندازەی ئەو هەستی دڵسۆزییە یان هەست کردن بە گوناهە لەناو کەسی قوربانی لە پێوەرێکی بەهێزتر لەو هەلومەرجەی کە لەناویدایە کۆنترۆڵ بکات. ئەوەش بەو مانایەیە کە ئەو کەسانە لەتوانایاندا هەیە تۆ بەشێوەیەک دەستکاری بکەن کە هەست کردن بە گوناه لە ئامادەنەبوونی میوانییەکی هاوڕێیانە بگۆڕن بۆ هەست کردن بە گوناهێکی ئامادەنەبوون لە کۆبوونەوەیەکی ئیداری گرنگ. هەر بۆیە باجگیری سۆزداری یەکێکە لە تەکنیکەکانی سودلێوەرگرتنی کەسی کۆنترۆڵکەر.

یەکێکی دیکە لەو تەکنیکانەی کە زۆر لە کۆنترۆڵکەرەکان بە سەرکەوتوویی بەکاری دەهێنن، دروستکردنی هەستێکی شێتگەرایی و بەدگومانی (Paranoia)یە لەناو کەسی قوربانیدا. ئەم تەکنیکە لەسەر

قوربانیدا ئەنجام بنەمای دروستکردنی گومان و دوودلی لەناو کەسی دەدرێت، بەجۆرێک کە کەسەکە بەشێوەیەک لەناوەوە تووشی گومان و رارایی دەبێت کە هەست دەکات لە حاڵەتی لەدەستدانی عەقل و شێتبووندایە. کەسی کۆنترۆڵکەر بۆ دروستکردنی هەستی شێتگەرایی لەناو کەسی قوربانی بەگشتی سود لە شێوەیەک لە توندوتیژی هەڵچوونانە وەردەگرێت. زۆرجار کەسی کۆنترلکەر لەوانەیە بەشێوەی قسە وا خۆی پیشان بدات، کە لەحاڵەتی پشتگیری کەسی قوربانیدایە، بەڵام دواتر لە کاردانەوەی کرداری و بێ قەسەکردنیدا ئەوە پیشان دەدات کە بەتەواوی پێچەوانەی قسە و گوفتارەکانیەتی. هەروەها لەوانەیە کەسی کۆنترۆڵکەر بە زۆری و بە ئەنقسەت هەوڵ بۆ لاوازکردنی چالاکییەکان و کرداری کەسی قوربانی بدات، ئەویش رێک لە حاڵەتێکدا کە خۆی بە ئاشکرا، هەڵسوکەوت و کرداری هاوبەش لەگەڵ کەسی قوربانیدا پیشان دەدات و ئەگەر بە رێکەوت، کەسی قوربانی تێگەیشت لەو دژبوونە، کەسی کۆنترلکەر بە هەڵخەڵەتاندن، پاساو و رەفزکردنەوەی ئەو واقعیەتە، هەوڵدەدات بۆ رزگاربوونی لە نوقبوون لەناو ئەو حاڵەتەدا.

یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی پەیوەست بەو کەسانەی کە دەست بە کۆنترۆڵ و دەستکاری سۆزداری دەکەن، ئەوەیە کە ئەو کەسانە هەندێکجار سەرکەوتوو نابن بە پەیبردنی خواستەکانی کەسی قوربانی و بە تێپەڕبوونی کات توانایی خۆیان لە ڕازیکردنی ئەوانە و یان تەنانەت گرنگیدان بە خواستەکانیان لەدەست دەدەن. ئەڵبەتە ئەم پرسە بەڵگە نیە بۆ پاساوی هەڵسوکەوت و کرداری ئەوان، بەڵام کۆنترۆڵکەرەکان بەزۆری گوێ بە بەرژەوەندی و سودی کەسانی دیکە نادەن و یان ئەم بابەتە خەم و کێشەی ئەوان نیە، هەر لەبەر ئەوەیە پێویستی کەسانی دیکە بۆ سوئیسفادەی باشتر لێیان لە ئەولەویەتی ئەو کەسانەدا نیە. هەر لەبەر

ئەوەیە بەبێ هەست کردن بە گوناە و یا عەزاب ویژدان، دەست بۆ دەستکاری سۆزداری بەرامبەرەکەیان دەبن. هەر ئەم بابەتەش، ڕێگە گرتن لە ڕەوشی دەستکاریکردن سۆزداری دژوار کردووە و بەردەوام بەشێوەی لۆژیکی ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی کەسی کۆنترلکەر دەبێت هەرچی خێراتر بۆ ڕزگاربوونی خۆی، واز لەئەنجامی ئەو کردارە بهێنێت.

دروستکردنی پەیوەندی دۆستانە و درێژخایەن و ئیجابی بۆ کەسانێک کە دەست بۆ ئەو جۆرە کارانە دەبەن دژوار دەبێت، چونکە ئەو کەسانەی کە دەچنە ناو پەیوەندییەوە لەگەڵیاندا بەردەوام وا هەست دەکەن کە سوئیسفادەیان لێ دەکرێت لەلایەن ئەو کەسە کۆنترۆلکەرانەوە و ناتوانن متمانەیان پێ بکەن. ئەم کێشانە بەردەوام لە یەکەم هەنگاوی دروستبوونی ئەو پەیوەندییەدا بەرچاو دەکەوێت، لەلایەن کەسی کۆنترۆلکەرەوە ناتوانرێت گرنگی بە خواستەکانی کەسی بەرامبەر بدرێت، لەلایەکی دیکەشەوە کەسی قوربانی ناتوانێت پەیوەندی سۆزداری گونجاو لەگەڵ کەسی کۆنترۆلکەر دروست بکات یان متمانەی پێی هەبێت.

## جیاوازی نێوان قایلکردن و دەستکاری

بەو شێوەیەی کە پێشتر باسکرا، قایل کردن دەتوانرێت وەکو ڕەوشێکی هێمایی پێناسە بکرێت کە لەناویدا تاک یان کەسێک بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسێک، هەوڵدەدات تاوەکو قەناعەتی پێ بکات و تێڕوانینەکانی یان هەڵسوکەوتەکانی لە ڕێگەی گواستنەوەی پەیامێکەوە، لە فەزایەکی بێ لایەن و هەلومەرجێکی بڕیاردانی ئازادانەدا بگۆڕێت. دەستکاری یان هەژموونی دەروونی، ئامرازێکە بۆ کاریگەری کۆمەڵایەتی بە ئامانجی قەناعەتپێکردنی کەسێک بۆ گۆڕینی تێڕوانینی.

قایل کردن لەو ڕووەوە لەگەڵ دەستکاریدا جیاوازە کە لەناویدا، قوربانی سەرپشکە کە ئازادانە بڕیارێک بدات. ئەو کەسەی کە دەست بە قایل کردنی کەسێک دەکات سود لە کۆمەڵە ڕەوشێکی تایبەتی وەردەگرێت بۆ کاریگەری کردنە سەر کەسی قوربانی. بەڵام لە کۆتاییدا، بڕیاری کۆتایی لە ئەستۆی خودی قوربانیدا دەبێت. لە دەستکاری عەقلیدا، کەسی کۆنترۆڵکەر سود لە ڕەوش کاری هەژموونی تایبەتی خۆی هەڵدەگرێت بۆ هەڵخەڵەتاندنی قوربانییەکە و ناچارکردنی بۆ ئەنجامدانی کارێکی پێچەوانەی حەزی ناوەکی خۆی و قوربانییەکەش تەسلیمی خواستەکانی بەرامبەری دەبێت، چونکە هەست دەکات هیچ ڕێگایەکی دیکەی نیە جگە تەسلیم بوون نەبێت.

## ڕەوشەکانی دەستکاری کردنی هەستەکان

**بۆردومانی هەستەکان یان سۆزداری:**

بۆردومانی هەستەکان و سۆزداری یەکێکە لەو ڕەوشانەی کە کەسی کۆنترۆڵکەر لە یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ قوربانییەکە سودی لێ وەردەگرێت. ئەم ڕەوشە بریتییە لە دەرخستنی هەستێکی ئیجابی توند، چاوەڕواننەکراو و بەهێز بەرامبەر بە کەسی قوربانی (سوژە). لەم ڕەوشەدا کەسەکە، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و لە پڕێکدا دەست بە دەرخستنی توندی هەستە ئیجابییەکان و سۆزدارییەکان بۆ کەسی قوربانی دەکات. ئەم مەسەلەیە لەوانەیە لە سەرەتادا کەمێک دژبەیەک و سەرسوڕهێنەرانە بەرچاو بکەوێت. لەوانەیە ئەو پرسیارەت بۆ دروست ببێت کە بۆچی ئەگەر ئامانجی کۆنترۆڵکەر زیان پێگەیاندنی ئەو کەسە بێت کە مەبەستییەتی،

سەرەتا لەگەڵ قوربانییەکەیدا زۆر سۆزدارانە و ئیجابیانە هەڵسوکەوت دەکات؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئامرازێکی پاساو بۆ ئامانجەکەی دروست دەکات!

کەسی کۆنترۆڵکەر بەم کردارەی، دەبێتە هۆی دروستکردنی هەستی متمانە، خۆشەویستی و هاندانێکی قوڵ بۆ کەسی قوربانی، هەر ئەم بابەتەیە کە دەبێتە بیرۆکەی ڕەوشی بۆردومانی سۆزداری. لەسەر بنەمای شیکارە ئەنجامدراوەکان لەسەر کەسی کۆنترۆڵکەر، بڕی سودوەرگرتن لە بۆردومانی سۆزداری و ئەو قوربانیەی کە بڕیارە بەهۆی ئەو کردارەوە کۆنترۆڵ بکرێت، لە بنەڕەتدا پشتگیری کاری دەستکاری سۆزداری دەکات. ئەو قوربانییەی کە تەنها و بێ پشت و پەنایە، زیاتر لە کەسانی دیکە، خوازراوی یارمەتی و دڵدانەوەیە، هەر بۆیە زیاتر دەکەوێتە ژێر بۆردومانی سۆزداری بەهێزتری کەسی کۆنترۆڵکەرەوە، چونکە کۆنترۆڵکەر دەزانێت ئەو جۆرە کەسانە بەو هەلومەرجەوە، زیاتر خوازراوی و قبوڵکراوی ئەو جۆرە ڕەوشە سۆزدارییەیە. بە تێپەڕبوونی کات، هەرچی کەسی قوربانی زیاتر بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو هەستانەوە، هەوڵەکانی کەسی کۆنترۆڵکەر بۆ دروستکردنی ئامرازی هەستە ئیجابییەکانی، کەمتر دەبێتەوە.

شیکارکردنی ڕەوشی بۆردومانی سۆزداری، دوو وانەی گرنگمان فێر دەکات لەبارەی دەستکاری سۆزدارییەوە:

**وانەی یەکەم:** ئەوەیە کە گرنگی شاردنەوەی دەستکاری سۆزداری لەناویدا بەباشی دەردەکەوێت. بیهێنەرە بەرچاوت کە بتەوێت پەی بە لایەنی نەرێنی بۆردومانی سۆزداری ببەیت. (باشە، ئەو بەڕێزە لەگەڵ مندا زۆر میهرەبان بوو دەبووە هۆی ئەوەی هەستێکی زۆر باشم هەبێت!) زۆر

دووره کە دوای وتنی قسەیەکی لەم شێوەیە، زەنگی مەترسی لەسەر بنەمای ئەگەری سوئیسفادە بۆتان لێ بدرێت.

ئەم کتێبەی لەبەردەستدایە، نموونەی زۆری تێدایە لەبارەی ئەوەی کە چۆن دەکرێت شتێک کە لەوانەیە لە ڕواڵەتدا بە ئیجابی بەرچاو بکەوێت، بەلام ئەنجامێکی سلبی دەبێت.

**وانەی دووەم:** پەیوەست بە دەستکاری سۆزدارییەوەیە کە دەتوانرێت لە ڕێگەی ڕەوشی بۆردومانی سۆزدارییەوە پەی ببرێت کە چۆن دەستکاری هەستەکان، گونجاو لەگەڵ هەر بارودۆخێک، دەتوانێت بەشێوەیەکی تایبەت بخرێتەڕوو و شێوە بگرێت. کۆنترلکەرەکان بە ئەزموون، بە تاقیکردنەوەی شاراوە کە لەسەر کەسانێکی زۆر بەدرێژایی مێژوو ئەنجامدراوە بابەتی زۆریان لەبارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم کارەوە لەبەردەستدایە. هەر بۆیە، ئەوان باش دەزانن کە دەبێت بۆ هەر هەلومەرجێک، سود لە چ شێوەیەک وەرگرن و بە کام ڕەوشی دەستکاری سۆزداری، و بۆ چ ماوەیەک و بە چەند هێز سودوەرگرن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەیان.

## هاودەردی (هاوسۆزی)

هاودەردی، توانایی دانانی خۆتە لەبری کەسێکی دیکە و پەیبردنی سۆز و هەستە شەخسییەکانی ئەوە. هاودەرد کەسێکە کە دەتوانێت بە پلەی تایبەت و جیاواز، بە ڕادەیەک لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا پەیوەندی دروست بکات کە کەسی خاوەن کێشە توانای دەرخستنی هەستە واقعییەکان و قوڵەکانی خۆی بۆی هەبێت. ئایا کەسی هاودەرد، ئەو تواناییەی چۆن بەدەستهێناوە؟ هێشتا بۆ زۆرکەس ڕوون نیە، بەلام زۆرێک باوەڕیان وایە کە هاودەردی توانایەکی زاتییە و لە ڕێگەی دی ئین ئێنەوە

دەگوازرێتەوە. لەبارەی شێوەی کارکردنیەوە دەتوانرێت بووترێت، هەموو شتێک لە جیهاندا بە وەزەیەکی کارەبایی شەپۆلی کار دەکات و وادەردەکەوێت کە کەسانی هاودەرد، توانای پەیبردن و وەرگرتنی گۆرانکاری وزەی شەپۆلی دەوروبەرەکەیان هەیە. کەسانی هاودەرد، بەگشتی کەسانێکی میهرەبان، خۆشەویست، دلسۆز و وردن سەبارەت بە هەستەکانی کەسانی دیکە.

لەگەڵ هەموو ئەمەدا، لەوانەیە توشی سەرسوڕمان بێت ئەگەر تێبگەیت کە کەسێکی هاودەردیش، دەتوانێت لایەنێکی تاریکی لە خۆیدا هەبێت. ناوەرۆکی هاودەردی خۆی لە خۆیدا زەمانەتی ئەوە دەکات کە زۆرێک لە خەڵک دەکەونە ژێر پارێزگاری و یارمەتی کەسانی هاودەردەوە. سەرەڕای ئەوەش دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە کەسانی هاودەرد زیاتر لە کەسانی دیکە پەی بە جیهانی دەوروبەریان دەبەن، هەر لەبەر ئەوەشە زۆرجار توشی کێشەی تایبەتی دەبن لە هەندێک لە بوارەکانی ژیاندا.

لایەنی تاریکی کەسانی هاودەرد ئەوەیە کە هەستەکانیان شایەنی کۆنترۆڵ کردن نیە. لەوانەیە وا هەست بکەیت کە ئەوانە بە باشی هەستەکانیان لە ژێر کۆنترۆڵدایە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کەسانە بەردەوام دەرگیری هەوڵدانن بۆ کۆنترۆڵ کردنی هەستەکانیان. هەندێکجار لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەیە توشی خەمۆکی دەبن، چونکە بە هێز و توانابیەکی زۆرەوە توانای پەیبردن و هەستە تایبەتییەکانی کەسانی دیکەیان هەیە. لەم هەلومەرجەدا دیاریکردنی هەستەکانی خۆیان لەگەڵ هەستەکانی کەسانی دیکە بۆیان دژوارە و پێویستیان بەوەیە کەسێکی دیکەی هاودەرد بدۆزنەوە کە هەستەکانیان بۆ دەربڕن.

کەسانی هاوەرد کاتێک دەکەونە بەر وزەی شەپۆلی نەرێنی کەسانی دیکەوە، هەوڵدەدەن خۆیان بگونجێنن، هەر بۆیە ڕێژەیەکی زۆر لە زانیاری پەیوەست بەو حاڵەتە نەرێنییە لەناو خۆیاندا کۆدەکەنەوە و لە ئەنجامدا توشی ماندووبوون و بێتاقەتی دەروونی دەبن، چونکە دەیانەوێت سەریان لە هەمووشتێک دەربچێت و پەی بەو بابەتانە بەرن و لە کۆتاییدا ئەمەش دەبێتە هۆی سەرگەردانی و ماندووبوونی خۆیان. بنەمای ئەم کەسانە بەشێوەیەکی تایبەتی لەبەردەم وزەی نەرێنیدان و بە سەرنجدان بە ڕۆحیەتیان بە توندی زۆر بێتاقەتن لەو بابەتانە. هەر بۆیە لۆژیکییە کاتێک هەست دەکەن وزەی نەرێنی لە دەوروبەریانە، توشی ماندووبوون و بێتاقەتی دەبن.

کەسانی هاوەرد لەبەرئەوەی ئەوەی مهرەبان و خۆشەویستن، هەمیشە باوەڕیان بە باشی زاتی مرۆڤەکان هەیە، هەربۆیە زۆرجار دەکەونە ژێر سودی کەسانێکەوە کە ویژدانێکی کەمیان هەیە. کەسانی هاوەرد، زاتیەن بەخشندە و مهرەبانن هەر لەبەر ئەوەیە کەسانێک بۆ خۆیان ڕادەکێشن کە هەمیشە سودیان لێ وەربگرن و لەبەرامبەریشدا هیچ شتێکیان بۆ ناگەڕێنەوە. کەسێکی هاوەرد پاش ئەوەی کە زانی سوئیسفادەی لێکراوە و خراپ بەکارهێنراوە، توشی خەمۆکی و بێتاقەتییەکی قوڵ دەبێت.

لەو حاڵەتەدا کە هاوەردی دەبێتە هۆی ئەوەی پێش ئەوەی وەرگریت، حەزت لە بەخشینە بۆ بەرامبەرەکەت، هەر بۆیە کەسی هاوەرد گوێ بە سەلامەتی دەروونی و جەستەیی خۆی نادات و پشتگوێیان دەخات. ئەم جۆرە کەسانە دەکەونە ژێر هەستێکی توندەوە و بەزۆری ئەم بابەتانە بەرەولایەنی تاریکی دەگۆڕێن، چونکە بەگشتی ئەوە لەبیر دەکرێت کە دەبێت سەرنجیان پێ بدرێت، گرنگیان پێ بدرێت و

پارێزگاریان لێ بکرێت. کەسێکی هاودەرد، هەموو بێ بەزەییەکانی جیهانی بینیووە و ئەزموونی کردوون هەر لەبەر ئەوەیە، کاتێک خۆی تەرخان دەکات بۆ کەسێک زۆر سەخت و دژوار دەبێت بۆی. ئەوانە بەشێکی بچوکی دڵیان بۆ خۆیان دەهێڵنەوە تاوەکو ئەگەر لە ئایندەدا خیانەتیان لێ کرا، شتێکیان بۆ مابێتەوە، ڕێگا نادەن بەخۆیان بە قوڵی عاشق ببن، چونکە ترسیان لەو قەبارە عەشقەیە، ترسی ئەوەیان هەیە ئامادەگی پێویستیان نەبێت بۆ قبوڵ کردنی ئەو بڕە هەستەی کە هەیانە.

هاودەردەکان کەسانێکی فیداکار و لەخۆبووردوون کە ڕۆژانە دەکەونە ژێر فشاری زانیارییەکی زۆری هەستییەوە، هەر بۆیە زۆرجار وابیر دەکەنەوە بارێکی قورسیان لەشان گرتووە. ئەوان بە ئەرکی خۆیان دەزانن یارمەتی خەڵکی بدەن، بەڵام ئەم تێڕوانینە ئەرکێکی قورس دەخاتە سەر شانیان، چونکە ناتوانن یارمەتی هەموو ئەو کەسانە بدەن کە دەیانبینن، هەوڵدەدەن نیگەرانی و خەمەکانی کەسانی دیکە لەکۆڵ بگرن ئەو کەسانەی دێنە لایان نائومێدیان نەکەن، تەنانەت ئەگەر بەو کارەشیان زیان بەخۆیان بگات. ئەگەر ئەو کەسانە بیانەوێت لە لایەنی تاریکی شەخسی خۆیان دووربکەونەوە، دەبێت فێر ببین هەموو ئەو کەسانەی لە ژیانیاندا ڕووبەڕوویان دەبنەوە لە خۆیان بە پێشتری نەزانن. هەروەها پێویستە جارجار ڕێگا بە دەرگاکانی بەرگری دڵی خۆیان بدەن، کە بەرەو کەسانێکی تایبەتی بکرێنەوە و پەیبردنی هەستی عەشقی پێشکەش بە دڵیان بکەن.

**بردنەوە- بردنەوە**

پرۆسە و ڕەوشی بردنەوە- بردنەوە سادە و ڕاست و دروستە، بەڵام زۆرجاریش دەرئەنجامەکەی ئاسان نیە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە شێوەی

بیرکردنەوەیەکی زۆری جیاوازتری ئەوەی کە زۆربەی ئێمە لە ڕووبەڕووبوونەوەکانماندا دەیخوازین بە پێچەوانەی بۆچوونەکانەوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەکو ئەوەی لە درێژەی بابەتەکەدا دەیبنین، پەیڕەوی کردن لەم ڕەوشە پێویستی بە ئارامگرتن و خۆڕاگری هەیە. کاتێک پەیڕەوی لەم ڕەوشە دەکەیت، ئەو ڕێگاچارەی کە بەدەستی دەهێنیت بێگومان دەبێتە جێگەی خۆشحاڵیت، چونکە پەیڕەوی لەم ڕەوشە، ڕازیبوونێکی زیاتر لە پەیوەندییەکانتاندا دروست دەکات.

**هەنگاوی یەکەم- هۆشیار و بە ئاگا بە:**

لەبری گوێ نەدان بە جیاوازییەکانت لەگەڵ کەسی بەرامبەر، هەوڵبدە بەباشی بیناسیت. ئەوە بزانە هەر جۆرە گوێنەدانێک بەو پرسانە، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو جیاوازییە بۆچونیانە، شادی و ڕازیبوون لە پەیوەندییەکانتاندا نەهێڵێت. تکایە هۆشاربە، چونکە مادام تۆ بە پاراستنی ئەدەب و ڕێز، ئەم جیاوازییانە بەڕێوەدەبەیت، کەواتە بەهۆی زانینی ئەم جیاوازییانەوە، هەلێکی زۆر باشترت پێ دەدرێت بۆ قوڵتربوونەوەی پەیوەندییەکانت لەگەڵ کەسی بەرامبەر.

**هەنگاوی دووەم- توڕەبوونەکانت دووربخەرەوە:**

کاتێک ئەگەر لایەنێک یان هەر دوو لایەنی پەیوەندییەکە، توڕە بن و یان هەستەکانیان بریندار بووبێت، هاوکاری و یارمەتیدان بۆ هەردوو لا زۆر دژوار دەبێت. کاتێک هەست بە توڕەیی دەکەیت، چۆن دەتوانیت بە تاقەت و ئارامگرتنەوە گوێ لە قسەکانی بەرامبەرت بگریت؟ کاتێک هەستەکانت بریندار بوون، چەند دەتوانیت بە دوای دەرئەنجامێکی (بردنەوە- بردنەوە)ی ئاشتیخوازانەوە ببیت؟ بێگومان بۆ بەدەستهێنانی

هەلومەرجی (بردنەوە- بردنەوە) دەبێت سەرەتا خۆت لەشەڕی تورەبوون ڕگار بکەیت.

**هـەنگاوی سـێیەم- بـە تێڕوانینـی بردنـەوە- برندنـەوەوە هەڵسوکەوت بکە:**

ئەمە بەو مانایەیە کە تۆ ئەرکت ئەوەیە چارەسەرێک بدۆزیتەوە کە بۆ جیاوازی و ناکۆکییەکانی هەروودولا ڕێگا چارە بێت. واتە کاتێک ڕێگا چارەکە دەبێتە هۆی بردنەوەی تۆ و دۆڕانی بەرامبەرەکەت، نابێت خودی خۆشت ئەو دەرئەنجامە قبوڵ بکەیت. دەبێت بڵێیت بەشوێن ڕێکار و سازشێکەوە نیم کە لەناویدا لایەنێک براوە و لایەنێک دۆڕاو بێت، تۆ دەبێت تەنها ڕێگا چارەیەک قبوڵ بکەیت کە لەناویدا، هەردوولایەن براوبن و هیچ یەکێکیان دۆڕاو نەبێت.

**هەنگاو چوارەم- بە وردی گوێ بگرە:**

تێڕوانینێکی وردت هەبێت بۆ لایەنە گرنگ و پێویستییەکان. لەوانەیە هەر ئێستا بزانیت چۆن براوە دەبیت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانیت کە بەرامبەرەکەشت چۆن براوە دەبێت؟ چۆن ئەگەری بەدەستهێنانی هەلومەرجێکی بردنەوە- بردنەوەوە بەدەست دێت؟، کاتێک تەنها ڕێگای سەرکەوتنی خۆت دەزانیت و ئاگاداری چۆنیەتی سەرکەوتنی لایەنی بەرامبەرت نیت! دەبێت بەوردی گوێ بگریت تاوەکو زانیاری پێویست بەو بابەتانە بەدەست بهێنیت. ئەرکی تۆ ئەوەیە تەنها بەبێ داوەری کردن و بڕیاری پێشوەخت گوێ بگریت. ئەمەش بەو مانایەیە کە هەردووکتان، بەبێ گرنگیدان بە خواستەکان و بەها تاکییەکانتان، گوێ لە خواستەکانی یەکتر بگرن. کاتێک زانیاری پێویستت لە ڕێگای ئەو گفتوگۆ و قسەکردنە

بێلایەنەوە بەدەستهات، ئەو کاتە ئامادەی ڕێگا چارەی (بردنەوە- بردنەوەوە) دەبن بۆ کێشەکانتان.

## هەنگاوی پێنجەم- بیرۆکەی تازەی لەناکاو

ئێستا بەبێ دەستێوەردانی سۆزداری و بە تێڕوانینی (بردنەوە- بردنەوە)، ئامادەیت تاوەکو ڕێگا چارەیەکی گونجاو بدۆزیتەوە بۆ جیاوازییەکانتان، بەتەواوی ئاگادار بە کە ئەم بردنەوە، بۆ هەر دوو لایە. ئەو کارەی کە لە هەنگاوی پێنجەمدا ئەنجامی دەدەیت ئەوەیە کە بیرکردنەوەی هەر دوو لاتان پێکەوە تێکەڵ بکەن و ڕێگا بدەن کە بیرکردنەوەیەکی تازەی لە ناکاوی گونجاو سازگار لەگەڵ هەلومەرجەکانتاندا بە مێشکتاندا بێت.

# ورزی سێیەم

# سێگۆشەی دەروونناسی تاریک

## سێگۆشەی دەروونناسی تاریک

ئەم وەرزە یارمەتیت دەدات تاوەکو مانای سێگۆشەی تاریک کە هەندێکجاریش بە ناوی (سێ کۆچکەی ناپیرۆز) ناودەبرێت لەگەڵ ئەو واتاییە لەخۆ دەگرێت لێی تێبگەیت.

سێگۆشەی تاریک شتێکە هەموو بەشەکانی دیکەی دەروونناسی تاریک پێکەوە بەیەک دەگەیەنێت. سێ گۆشەی تاریک، سێ تایبەتمەندی کەسایەتییە هەر سیانیان وێرانکەر و زیاندەرن و هەرکەسێکیش خاوەنی ئەم سێ تایبەتمەندییە بێت لەوانەیەبە ئاسانی دەربکەوێت و جیا دەبێتەوە. سێ شێوەی کەسایەتی سێگۆشەی تاریک بریتین لە: **ماکیاڤێلیزمی، خۆپەرستی (نەرگسییەتی) و دژە کۆمەڵایەتی (Psychopathy)**. زۆرێک لە خەڵکی گومانیان هەیە کە ئەم سێ کۆمەڵە جیاواز بن، بەڵام دەبێت ئەم سێ کۆمەڵەیە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو دەسەڵاتانەی کە هەریەکەیان هەیانە، بناسین و پەیان پێ بەرین.

## ماکیاڤێللیزمی چییە؟

ماکیاڤێللیزمی، کەسێکی فێڵباز، بێباک و بێ جیاوازییە. ناوی ئەم تایبەتمەندییە لە کەسایەتی فەیلەسوفێکەوە بەناوی ماکیاڤێللی وەرگیراوە. دەتوانرێت بووترێت ڕێبازی ماکیاڤێللیستەکان لە ژیانیانیدا زۆر

ستراتیژییانەیە. ئەم جۆرە کەسانە دەرئەنجام یان کاریگەری هەر کارێک لەسەر بنەمای کاریگەری ئەو کەسەی کە هۆکارە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن. ئەم کەسانە توانایەکی زۆریان لەسەر ئەنجامدانی ئەو کارانە هەیە کە سودی هەیە بۆیان و هاوکات حەزیان بە پاراستنی ڕواڵەت و شێوەی خۆیانە لەناو خەڵکیدا. نموونەیەکی باش لەبارەی کردارەکانی ماکیاڤێللییەکانەوە دەتوانرێت لەناو شێوەی هەر دوو سەرۆکی پێشوی ئەمریکا، جۆرج دەبلیو بۆش و باراک ئۆباما ببینرێت، چونکە بە هەڵبژاردنی ڕێکارەکانی ماکیاڤێللییانە، جۆرج بۆش شەڕەنگێز و باراک ئۆباما سەرۆک ئاشتیخواز دەردەکەون. لە ڕاستیدا دەتوانرێت بووترێت هەردوو سەرۆک، بەیەک ڕادە حەزێکی شەڕەنگێزییان هەبوو، بەڵام ئۆباما توانی ئەو حەزە بەشێوەیەک بخاتەڕوو کە یارمەتی شێوە و وێنەی کۆمەڵایەتییەکەی بدات، بەڵام بۆش نەیتوانی ئەو کارە بکات.

## دژە کۆمەڵایەتی چییە؟

ئەگەر پرسیار لە کەسێک بکەیت کە بە چ کەسانێک دەووترێت دژە کۆمەڵایەتی، لەوانەیە وەڵامەکەی بریتی بێت لە (بکوژەکانی زنجیرە دراماکان)، بەڵام حەقیقەتەکەی زۆر قوڵتر و ترسناکترە. خودی وشەکە ناتوانرێت بە ئاسانی مانا بکرێت، بەڵام دەتوانرێت بووترێت کە بارودۆخێک و حاڵەتێکی عەقڵییە بە ڕواڵەتێکی سەرنجڕاکێشییەوە لەبەرامبەر نەبوونی هەست کردن بە کەمی حاڵەتی ئینسانیبوونی وەکو پەشیمانی یان هاسۆزی.

دەتوانرێت بووترێت دژە کۆمەڵایەتی، کەسێکە خاڵییە لە هەستی پەشیمانی و هاودەردی، سەبارەت بە کەسانی دیکە. دەوترێت ئەم جۆرە

کەسانە بە ترسناکترین مرۆڤەکانی سەر زەوی هەژمار دەکرێن و وەکو دەڵێن، گورگن لەناو پێستی مەڕدا. دژە کۆمەڵایەتییەکان هەر وەکو نامۆییەک بە ڕواڵەتی سەرنجڕاکێش و دلڕفێن، لەبەرامبەرت دەردەکەون و هەناسەت لێ دەبڕن. دواتریش، ئەو کەسانە ئامانجیان بۆ لەناوبردن یان کۆتایی هێنانی ژیانی قوربانی دادەنێن. زۆرێک لە خەڵک نیگەرانییەکانیان لەبارەی کێشەکانی دژە کۆمەڵایەتیبوونەکان سەبارەت بە کۆمەڵگە خستووەتەڕوو. ئەم کەسانە لە هەر بوارێکدا- چ لە بەشی کاروباری دارایی و چ لە بەشی مرۆڤ کوشتن!- دەتوانن بە ئاسانی بگەن بە پلەی یەکەم، چونکە ئەمانە ناکەونە ژێر کاریگەری ئەو هەستە کۆمەڵە مرۆڤانەی کە خەڵکانی دیکە لە تاوان و خراپە دەپارێزن.

## خۆپەرستی (نەرگسییەت) چییە؟

هەڵەترین وێنایەک کە لەبارەی کەسانی خۆپەرستەوە، ئەوەیە کە ئەوانە وەکو کەسانێکن کە بە تەواوی کەمێک زیاتر لە ڕادەی ئاسایی خۆیان خۆشدەوێت، حساب بکرێن. ئەم پێناسەیە دەتوانرێت بە لایەنی باشیش لێک بدرێتەوە، بەڵام کاتێک لە قەڵەمڕەوی دەروونناسی تاریکدا قسە لەبارەی خۆپەرستییەوە دەکەین، پێناسەیەکی لەو شێوەیە، زۆر دوورە لە حەقیقەتی بابەتەکەوە.

جیاوازی نێوان کەسێکی باوەڕبەخۆبوونی بەرز و خۆپەرستەکان چییە؟ خۆپەرستەکان حەزیان بە دەرخستنی بەنرخداربوونی خۆیان هەیە بۆ نموونە، ژیان و گیانی خۆیان زۆر گرنگتر و پڕ بایەختر دەزانن لە ژیان و گیانی خەڵکانی دیکە. نەک هەر خۆیان بەتایبەت دەبینن، بەڵکو

باوەڕیشیان وایە زۆر باڵاترن لە خەڵکانی دیکە. هەندێک لە نیشانەکانی خۆپەرستی کە دەتوانرێت لەناو ئەو جۆرە کەسانەدا ببینرێت :

- هیچ جۆرە ڕەخنەیەک قبوڵ ناکەن
- ئەگەر کەسێکیش لەگەڵیاندا بگونجێت و ڕەزامەند بێت پێیان، وەکو ماستاوچی سەیری دەکەن.
- حەزێکی زۆریان بە هاندان و پشتگیری بەردەوامی خەڵکی هەیە.
- بەشێوەیەک لە ناو خەڵکدا دەژین کە پێویستیان بە پیاهەڵدان و ماستاوچیەتی و خۆبردنە پێشەوەیە.

# کردارەکانی کەسانی ماکیاڤیللیزمی

وەکو پێشتر باسمان کرد، ماکیاڤیللییەکان کەسانێکن لەکاتی بەدەستهێنانی حەزە شەخسییەکانیان، گرنگییەکی زۆر دەدەن بەو وێنا کۆمەڵایەتییەی کە لەناو خۆیدا بەجێیدەهێڵێت. دیاریکردنی هەڵسوکەوتی ماکیاڤیللیستەکان زۆر قورس و دژوارە، چونکە ئەوانە وستا و شارەزان لە شاردنەوەی ئامانج و نیەتە سەرەکییەکانیان لەلای خەڵکی گشتی. هەر بۆیە، ئێمە دەمانەوێت چەند تایبەتمەندییەکی دیاری ماکیاڤیللیستەکان کە سودی لێ وەردەگرن و بەکاریان دەهێنن بەشێوەیەکی دیار بیخەینەڕوو. پێش ئەوەی درێژە بدەین بە بابەتەکە ڕێگام بدەن کە ئەوە زیاد بکەم کە ئەو کەسانەی ناگونجێن لەگەڵ پێناسەکەی کەسایەتی ماکیاڤیللیدا، کەسانێکن کە وێنەی کۆمەڵایەتی ئەوانە، ئاوێنەی ژیانی تایبەتی ڕاستەقینەی خۆیانە.

ماکیاڤیللییەکان جیاوازییەکی ڕوونیان هەیە لە شێوەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کەسان و نیشاندانی کەسایەتی ڕاستەقینەیان. ئەم تێگەیشتنە بە باسکردنی نمونەیەک ڕوونی دەکەمەوە بۆتان. ژمارەیەکی زۆر لە بکوژانی زنجیرە دراماکان بوونیان هەیە کە ماوەیەکی زۆر بە ئاسانی هەڵدێن لەو تاوانانەی کە ئەنجامیانداوە، چونکە وێنای دەرەکی ئەوانە لەگەڵ پێناسە و تێڕوانینی خەڵکی سەبارەت بە کەسێکی مرۆڤ کوژ زۆر جیاوازە. بۆ نمونە دەتوانرێت ئاماژە بە کەسێک بکرێت کە ماوەیەکی زۆر کاتی تەرخانی

لایەنی خێرخوازی و مرۆڤ دۆستانە کردووە و وادەردەکەوێت کە بەردەوام لە حاڵەتی هاوکاری کردنی خەڵکیدایە، بەڵام دواتر دەردەکەوێت کە ڕێک ئەو کاتانەی خەریکی کاری خێرخوازی بووە، دەستی بۆکرداری ترسناک و دەستدرێژی سێکسی بردووە.

حەزێکی دیکەی کەسانی ماکیاڤیللییانە بریتییە لە حەزی سوئیسفادە کردن لە خەڵکی. بۆ پەیبردنی باشتری ئەم بابەتە، کەسێک بهێنەرە بەرچاوت کە تازە چووبێتە ناو فەرمانگەیەکەوە. ئەگەر ئەم کەسە لەلایەنی کەسایەتییەوە ماکیاڤیللییانە نەبێت، کاتێک سەیری دەورووبەری خۆی دەکات، کەسانێکی جیاواز لەناو ئەو فەزایەدا دەبینێت کە هەریەکەیان دەتوانرێت لە شوێنی خۆی و لەکاتی خۆیدا بناسێت و پەیان پێ بەرێت. لە دیدی ئەوەوە هەموو کەسەکان لە یەک ئاستدان. هەندێکیان سەلیقەیان خۆشەو و هەندێکیشیان سەلیقەیان ناخۆشە، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە تازە، کەسێکی ماکیاڤیللییانە بێت هەر لە سەرەتای هاتنییەوە، یەک بە یەکی کارمەندەکان، سەرۆکەکەیان یان کەسانی کۆمەڵەکە وەکو ئامرازێک یان پارچەیەک لە پازل یان میکانۆیەک دەبینێت کە دەتوانێت سودیان لێ وەرگرێت و بەکاریان بهێنێت بۆ خۆی. کەسی ماکیاڤیللیزمی لەبری ئەوەی بە چاوی مرۆڤەوە سەیری خەڵکی بکات، بە زنجیرەیەک لە خاڵی بەهێز و خاڵی لاواز بۆ ئیستغلال کردنیان و پوچەڵکردنەوەی کاریگەرییان وێنایان دەکات. ئەمە یەکێکە لە گرنگترین ئەو بەڵگانەی کە بۆچی کەسانی ماکیاڤیللیزمی لەکاتی هەڵسوکەوتی یەکەمیان گرنگی زۆر دەدەن بە کەسەکان. چونکە ئەوان دەزانن ئەم وێنا دەرەکییە، کلیلێکە بۆ کرداری هەژموون و سودوەرگرتن لە هەموو ئەو کەسانەی کە یە یەکەم بینینی بەدەستی دەهێنن.

کاتێک کە کەسێکی ماکیاڤێللیایی پەیمانی خۆی دەشکێنێت، ئەم کارەی بەشێوەیەکی بە ئاراستە و تەنانەت بە شایەنی ستایشییانە لێکدەداتەوە. سیاسەتە مۆدێرنەکان، نمونەیەکی گونجاوی کاری ئەم جۆرە کەسانەن.

# کردارەکانی کەسانی دژە کۆمەڵایەتی

جگە لە کەسانێک کە لە زەمینەی چارەسەری دەروونییدا کار دەکەن دەتوانن ناسینیان دەربارەی ئەم جۆرە کەسانە هەبێت و پەیان پێ بەرن، ئەگەری زۆر کەمە کە خەڵکی دیکە بتوانن ئەو کەسانە وەکو کەسێکی دژە کۆمەڵایەتی بوون بناسنەوە.

هەر بۆیە، دیاریکردنی دەرخستنی شێوەی کەسانی دژە کۆمەڵایەتی پێویستە، چونکە بەگشتی ئەمە تەنها ڕێگایە بۆ دیاریکردنی دژە کۆمەڵایەتییەکان پێش ڕوودانی کارەسات و کارێکی قەرەبوونەکراوە.

سەرنجڕاکێشی و شەیداکردنی خەڵکی بۆ خۆت، یەکێکە لە تایبەتمەندییە ڕواڵەتییە دیارەکانی کەسانی دژە کۆمەڵایەتییەکان. هەرچەندە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەم سەرنجڕاکێشییە هەرگیز قوڵ و دەروونی نیە و بەتەواوی ڕواڵەتی و ڕووکەشییە. ئەگەر بیر لە کەسێکی سەرنجڕاکێشی ژیانی ئێستای خۆت بکەیتەوە، بە دڵنیاییەوە پشتگیری ئەوە دەکەیت کە ئەوانە خاوەنی تایبەتمەندییەکی کەسایەتی خوازراون کە بنەما و بنەڕەتی هەڵسوکەوتی دەرەکی و ڕواڵەتیان ئەوە نیشان دەدات. خۆ ئەگەر کەسانێکی سەرنجڕاکێش هەڵسوکەوتێکی دڵڕفێن و تایبەتی هەبێت، ئەو هەڵسوکەوتەی لە ڕاستیدا بۆ دەرخستنی مهرەبانی و خۆشەویستی و نیشاندانی حەزێکە بۆ خۆشحاڵ کردنی

کەسانی دیکە، بەڵام لەبارەی دژە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەرگیز بەو شێوەیە نیە.

دژە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن هەموو تایبەتمەندییە دەرەکییەکانی کەسێکی سەرنجڕاکێش وەکو سەرنجڕاکێشانی جەستەیی، پەیوەندییەکی گەرم و گوڕ لەگەڵ کەسانی دیکە لەناو خۆیاندا بخەنەڕوو. بنەما و سەرچاوەی دەروونی ئەم هەڵسوکەوتە ڕواڵەتی و نمایشییانە، هۆکاری نیشانەی مەترسیبوونی ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانەیە لەو کەسانە. هۆکاری سودوەرگرتن لەو جۆرە سەرنجڕاکێشییە ڕواڵەتییە لەناو ئەو کەسانەدا، بریتییە لە زیاتر گەڕان و پیشاندانی خۆی بۆ کەسی قوربانی. سەرلەبەری سەرنجڕاکێشی دژە کۆمەڵایەتییەکان حساب بۆ کراوە و هیچ یەکێکیان بنەمایەکی دەروونی ڕاستەقینەیان نیە.

یەکێکی دیکە لە نیشانەکانی کەسایەتی دژە کۆمەڵایەتیەکان درۆکردنە، بەڵام ئەم بابەتە بەتەنها بەس نیە تاوەکو کەسەکە بکەوێتە ناو ئەو کۆمەڵە ناسراوەی دژە کۆمەڵایەتییەوە. بەڵام ئەگەر ئەم تایبتمەندییە هەڵسوکەوتییە چەند تایبتمەندییەکی کەسایەتی دیکەی لەگەڵدا بێت، دەتوانرێت دەرخەری کەسایەتییەکی دژە کۆمەڵایەتی بێت.

درۆ کردن بۆ کەسانی دژە کۆمەڵایەتی، وەکو هەناسەدانی کەسانێکە کە لە حاڵەتێکی تەواو تەندروستی دەروونیدا بژین، بە ئاسایی کارەکەیان دەبینن. لەو حاڵەتەدا کە دژە کۆمەڵایەتیبوونەکان خاڵین لە هەر وابەستەبوونێکی سۆزداری یان هەر جۆرە هەستکردنێک بە تاوان سەبارەت بە کردارەکانیان، هیچ نیشانەیەکی دەرەکی لە درۆکردنەکانیان ناخەنەڕوو. بۆ ئەو کەسانە، درۆکردن تەنها شتێکە کە لە کاتی گونجا و لە کاتی پێویستیدا، دەبێت سودی لێوەرگرن.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە جیاوازەکان کە کەسانی دژە کۆمەڵایەتی جیا دەکاتەوە لەگەڵ کەسانی ئاسایی، نەبوونی هەستی پەشیمانییە لەناو ئەو کەسانەدا. زۆرێک لەو کەسانەی توشی تاوانی ستەماکارانەی وەکو کوشتن دەبن، بەهۆی بوونی ئەو هەستە ئینسانییەوە، بە توندی توشی هەستکردن بە شەرم و تاوان و هەندێکجاریش بەهۆی بەهێزی ئەو هەستەوە، گیانی خۆیان لەدەست دەدەن. بەڵام ئەم بابەتە سەبارەت بە دژە کۆمەڵایەتیبوونێک بەو شێوەیە نیە، کە بە شێوەیەکی بە ئیرادە بڕیار بدەن توشی پەشیمانی ببن، بەڵکو لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی جەستەیی و فیزیکییەوە خاڵین لە پەیبردنی هەر جۆرە هەستێکی ئینسانی و ڕێک وەکو کەسانێکن کە توانای بینینیان لەدەست دابێت!

# کردارەکانی کەسانی خۆپەرست

یەکێک لە یەکەمین نیشانەکانی خۆپەرستی، وەهم و وێناکردنی پێگەیەکی بەرز و هێزێکی فراوانە بۆ خۆت. بە پێی ڕاپۆرتەکان، زۆرێک لە کەسە خۆپەرستەکان، لە واقعدا توشی وەهمی سەرەتایی و منداڵانەی جێگەی سەرنج و ستایشی کەسانی دیکە دەبن. لەکاتێدا لەوانەیە کەسانی ناخۆپەسەندیش جارجار توشی وەهمی بە باڵازانینی خۆیان و هێزیان ببن، بەڵام کەسایەتی خۆپەسەند لە حەقیقەتدا واهەست دەکات کە شایەنی ئەو ستایشی و پێگە دیارەیە و ئەوەش بە مافێکی ڕەوای خۆی دەزانێت. لە دیدی دەروونناسییەوە، کاتێک کەسی خۆپەسەند نەکەوتە بەر ستایش و ڕێزلێگرتنەوەوە، لە واقعدا بە جۆرێک لە سوکایەتی دەزانێت. ئەو باوەڕەی کە ((من لە زۆربەی خەڵکی دیکە باشترم و ئەوانە بۆ من هیچ نرخێکیان نیە)) ئەمەش یەکێکە لە تەلقیناتە مێشکییە جدییەکانی کەسانی خۆپەسەند.

زۆربەی کەسەکان، خۆیان بەهۆی هەڵسوکەوتەکان و دەستکەوتەکانیان لە ژیاندا، وێنایەک لە مێشکی خۆیاندا دروست دەکەن، بەڵام لەبارەی کەسانی خۆپەسەندەوە بەهیچ شێوەیەک بەو جۆرە نیە، تێڕوانینی کەسانی خۆپەرست بەوجۆرەیە کە ئەوانە بەردەوام چاوەڕوانی ئەوەن لەلایەن خەڵکی دیکەوە پەبێ هیچ هۆکارێک بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و بەردەوام لە ڕێگەی کەسانی دیکەوە ماستاوچییەتیان بۆ بکرێت و سیتایش بکرێن بەبێ سەرنجدان بە گۆڕانکاری ژیانیان.

خۆبەگەورەزانین و خۆ بە بەهادارزانین لایەنی شاراوەی دەروونی کەسانی خۆپەرستە، دەرئەنجامێکی دیاری لەسەر حەقیقەتی دەرەکی ئەوانەوە هەیە. بەشێوەیەکی ئاسایی، ئەم کارە لە دوو ڕێگاوە پیشان دەدەرێت- پێویستیان بە قبوڵ کردن و ستایشکردنی کەسانی دیکەیە و بێزارن لە ڕەخنە و نەیاریکردنی خەڵکانی دیکە- وەفاداری و ڕەزامەندی بەردەوامی خەڵکی بۆ کەسانی خۆپەرست وەکو ئۆکسجینە و ڕەخنە و نەیاربوونیش وەکو ژەهرە.

بەو شێوەیەی کە لە حاڵەتی دەرئەنجامی لۆژیکی ئەم بەشەی، دەتوانیت بۆ یارمەتی، دیکتاتۆرێک لە کاتی بەهێزبوون و پرچەکبوونیدا وێنا بکەیت، تاوەکو پەیبردنێکی باشترت بۆ کەسانی خۆپەرست هەبێت. ئەو کەسانە ڕێک وەکو ئەو کەسە دیکتاتۆرە، خوازیاری ستایش و پەرستنن و چاوەڕوانی ئەوەن کە هەلومەرجەکان هەمیشە بە خواست و حەزی ئەوان بێت. حەزیان لەوەیە هەموو کەس بەبێ چەند و چۆن گوێڕایەڵیان بکەن و ئاگاداری هەموو شتێک بن و ڕێگای دەستێوەردانیان لە کاروباری ئەو کەسانەدا هەبێت کە لە ژێر دەستیاندان. لە دیدی ئەو کەسانەوە، هەر جۆرە نەیاری و مل بادانێک بە تاوان هەژمار دەکرێت و دەبێت بەخێرایی و بە توندوتیژی وەڵام بدرێنەوە.

## سادیزم (Sadism)

واتای سادیزم، لە ناوی کەسێکەوە وەرگیراوە بەناوی مارکوس دو ساد، بەگشتی لەگەڵ حەزی سیکسی توندوتیژیدایە، بەڵام ئەم پێناسەیە لە سادیزم، هەم سەرلێشواوانەیە و هەم ترسناک. ئەو کەسەی کە خوازیاری توندوتیژییە و حەزی لێیەتی، لە دیدی ئێمەوە کەسایەتییەکی سادیزمی

واقعییه. بەڵام کەسی سادیزمی، حەزی لە زیان پێ گەیاندنی کەسانی بێ تاوان و تەنانەت کوشتنیشە و سەرەڕای ئەوەش، خوازیاری کرداری توندوتیژییە لە هەموو قۆناغەکانی بەدەستهێنانی خواستەکانیدا.

# وەرزی چوارەم

## شێوازەکانی دەروونناسی تاریک و ڕەوشەکانی دەستکاریکردن عەقڵی

# هەڵچوونی سۆزداری

هەڵچوونی (یاخی بوونی) سۆزداری ستراتیژییەتێکی سادەیە کە پێکدێت لە دەرکەوتنێکی درەوشاوە، لە ناکاوی بەهێزی هەستە باش و خوازراوەکان بۆ قوربانی. بیرخستنەوەی ئەو خاڵە پێویستە کە کۆنترۆڵکەرەکان بەگشتی لەسەرەتا و دەستپێکی پەیوەندییەکانی خۆیاندا سود لەم ستراتیژییەتە وەردەگرن. ئەم ستراتیژییەتە سەرەتا سەیر بەرچاو دەکەوێت. چونکە هۆکارەکەشی ئەوەیە کە پێشبینی ناکرێت ئەو کەسەی کە مەبەستی زیان پێ گەیاندنی دوژمنەکەیەتی سەرەتا هەڵسوکەوتێکی تەواو خوازراو و پەسەندی هەبێت لەگەڵ کەسی قوربانیدا، بەڵام کاتێک ئەو کەسە دەتوانێت بە دەرخستنی هەڵسوکەوتێکی لەم شێوەیەی، بەرژەوەندی شەخسی بەدەست بهێنێت، بۆچی سود لەم ڕەوشە وەرنەگرێت؟ واتای پشت ئەم کارە بەتەواوی ڕوونە، چونکە ئامانجە سەرەکییەکەی دروستکردنی هەستی عەشق، دڵنیایی و پەیوەستبوونی کەسی کۆنترۆڵکەرە بۆ کەسی قوربانی.

ڕێژەی هەڵچوونی سۆزداری بۆ ئەو کەسەی کە بەردەوام ئەم کارەی بەرامبەر دووبارە دەبێتەوە، پەیوەندی بە هەڵسەنگاندنی کەسی کۆنترۆڵکەرەوە هەیە. تێدەگەیت مەبەست چییە لەم ڕستەیە؟ بۆ تێگەیشتنی باشتر، کەسێکی بێتاقەت، نائومێد و تەنها بهێنەرە بەرچاوت. پێدەچێت کەسی کۆنترۆڵکەر ئەم جۆرە کەسە وەکو قوربانی هەڵبژێرێت،

چونکە دەزانێت بە پێچەوانەی هاوڕێکانی دیکەیەوە کە هەستێکی ڕەزامەندانەی زیاتریان بۆ ژیان هەیە، ئەو کەسە زیاتر ئامادەی قبوڵکردنی ئەو هەڵچوونە هەستیانەی هەیە. دەتوانرێت لەم نمونەیەوە دوو وانەی گرنگ فێر ببین. بە زوویی تێدەگەیت کە ئێمە لەبەردەم ڕووبەڕووبوونەوەی دوو کۆمەڵەی زۆر گرنگی پەیوەست بە دەستکاری سۆزداری بەردەوامداین.

## ئینکاری عەشق

هەرگیز ناکرێت کەسێکی کۆنترۆڵکەر دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت. لە دیدی ئەم کەسەوە هەرشتێک ڕوودات بەرپرسیارییەتییەکەی لە گەردنی کەسانی دیکەیە. ئەم جۆرە کەسانە سەرزەنشتکەری زۆر باشن. ئینکاری واقع بە ڕێسای درۆ و دەلەسە بەڕێ دەکەن، بە پێویستی دەزانن بە ئینکاری و درۆ بابەتەکە بخەنەڕوو. هەر بۆیە دەیەوێت قوربانییەکەی متمانەی پێ بکات. نایەوێت لە هەڵسوکەوت و حەزی کەسی قوربانی ڕاڕای و جیاوازی دروست ببێت. ئەگەر کەسێ قوربانی بتوانێت لەو داوە ڕزگاری ببێت، بەرە بەرە پەی بە کەموکورتی و درۆکانی کەسی کۆنترۆڵکەر دەبات، ئەمەش ئەو شتە نیە کە کۆنترۆڵکەرەکان خوازیاری بن.

## بەهێزبوونی (پەرەپێدانی) ناچاری

بەهێزبوون یان پەرەپێدانی ناچاری بەردەوام، پرۆسەیەکە بە گشتی لە کاتی بۆردومانی سۆزداری دروست دەبێت و ڕەوشێکە بۆ کۆنترۆڵی

مرۆڤەکان، قوربانی بێ ئاگایە لە دەرئەنجامی ئەوەی کە بەرەو کۆنترۆڵکردن دەڕوات

ڕەوشی هەڵسوکەوتی کنترۆلی سەر کەسی بەرامبەر لە کتێبە پەروەردەییەکانی پەیوەست بەم بابەتەوە بەم شێوازەیە: بۆردومانی سۆزداری، بەهێزبوونی بینادنەر و بەهێزبوونی نەرێنی بەردەوام. ئێستا پەی دەبەیت بە هۆکاری ئەم بابەتە.

بۆردومانی سۆزداری، دەرخستنی بێ قەید و شەرتی هەستە ئیجابییەکانە لەلایەن کەسی کۆنترۆڵکەر لە یەکەم بینین و چاوپێکەوتنیدا. ئامانجی ئەو کەسە نزمکردنەوەی دیواری بەرگری قوربانی و پەرەپێدانی خواست و متمانەی کەسی قوربانییە بۆ کەسی کۆنترۆڵکەر و دروستکردنی چوارچێوەیەکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی، دۆستایەتی یان هەر شێوەیەکی دیکە لە هەڵسوکەوتی ئیجابی و بنیادنەر.

زۆربەی کاتەکان، قۆناغی دواتر لە بۆردومانی سۆزداری، بەهێزکردنی ئەرێنییە. پاش گۆڕانکاری ڕەوشی هەڵسوکەوت لە بۆردومانی سۆزداری، ئیدی کەسی کۆنترۆڵکەر ئەو قۆناغە ئیجابییە بێ قەید و شەرتە سەبارەت بە کەسی قوربانی ناخاتەڕوو. لەبەرامبەردا تاوەکو کاتێک کە کەسی قوربانی ئەو هەڵسوکەوتەی کە کەسی کۆنترۆڵکەر خوازیارییەتی نەیخاتەڕوو، ئیدی کۆنترۆڵکەر هەڵسوکەوتی ئەرێنی سەبارەت بەخۆی ناخاتەڕوو. کەسی قوربانیش لەبەر ئەوەی هۆشیار نیە لەو وردە کاردانەوە خوازراوانەی ڕەوشی سودلێوەرگیراوی ستراتیژییەکانی کەسی کۆنترۆڵکەر، بەڵام بەشێوەیەکی ناخودئاگا بۆ وەرگرتنی هەڵسوکەتێکی ئیجابی کە هەستێکی باشی هەیە بۆیان، خواستەکانی کەسی کۆنترۆڵکەری نیشاندراو قبوڵ دەکات.

## هاندانی ماندویەتی

کاریگەری ماندوویەتی دەروونی لەسەر هۆکاری تێگەیشتن، سۆزداری و بزواندن ئاڵۆزە. کاتێک قسە لەسەر ماندوویەتی دەکرێت، ناوەڕۆکی ئەو کردارەیە کە دەبێتە هۆی ماندوویەتی و دەتوانرێت بە کاریگەری کۆمەڵە هۆکارێک بزانرێت. ئەم بەشە کار دەکات لەسەر لێکۆڵینەوەی کاریگەری ماندوویەتی لە ئەنجامی چالاکییە جۆراوجۆرەکان لەسەر بنەمای خواستەکانی یادگە و کاریگەرییەکانی سەر کردار و کارایی مێشک.

دەرئەنجامە هەڵسەنگێنراوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە هاندانی چۆنایەتی بەهۆی ماندوویەتییەوە، توشی کێشە و تێکچوون نابێت. کاریگەری ماندوویەتی لەسەر چارەسەری دەروونی نوێ، پەیوەندی بە خواستە عەقلییەکانەوە هەیە بۆ ئەنجامدانی کردارێک کە ببێتە هۆی ماندوویەتی.

## کاریگەرییە شاراوەکان (Subliminal effect)

پەیامە ژێر زەمینییەکان لە هیپنۆتیزمدا، بەگشتی بەهۆی گوێ گرتنەوەیە لە کۆمەڵە دەنگێک کە دەگوازرێنەوە بۆ کەسێک. ئەم دەنگانە لە دوو بەش پێکهاتوون و هەر بەشێکیان کاریگەری لەسەر نیوە بەشی مێشک هەیە. بەشی یەکەمیان دەنگە داپۆشراوەکانن کە لە ئاستێکی هۆشیاری مێشکیدا وەردەگیرێن و بە شێوەیەکی گشتی مێشک دەبزوێنن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە ئاساییەکانی دەربارەی سروشت و هونەر. بەشی دووەم ئەو دەنگانەن کە پێکهاتوون لە پێکهاتەیەکی شاراوەیی و کەسی قوربانی ئەو دەنگانە لە ئاستێکی ناهۆشیاری مێشکیدا وەریاندەگرێت.

بەدرێژایی پرۆسەکە پێشنیاری هاوشێوە بەشێوەی بەردەوام و بەشێوەی شاراوە لە بەشی دووەمی دەنگیدا دەگەنە بەر گوێ و دووبارە دەبنەوە.

## سنورداری هەڵبژاردن

کەمکردنەوەی بژاردە، یەکێکە لە ڕەوشە زارەکییە شاراوەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی مێشک. ئەم ڕەوشە، یەکێکە لەو ڕێگا جۆراوجۆرە زۆر جوانکارییە دەستکاری کراوانەی تاریک، چونکە کۆنترۆڵکەر دەبێت کۆمەڵەیەک لە (ڕێسای پێکهاتەیی) بە مەبەستی دروستکردنی گومان لەلای کەسی قوربانی بە نیەتی ئەسڵی بەکار بهێنێت. نهێنی ئەم شێوە تایبەتییە دەستکارییە مێشکییە بریتییە لە سڕینەوەی هەموو بژاردە حەقیقییەکانی قوربانی لە بابەتێکی تایبەت و شاردنەوەی بە دەستی کەسی کۆنترۆڵکەرکە لەبارەی ئەو سوئیسفادەیەی کە دەیەوێت بیکات.

سنوردارکردنی بژارردە، هاوشێوەی تەکنیکێکی فرۆشتی بەناوبانگ و بەهێزە بەناوی هەڵبژاردنی نزیک یان نزیک هەڵگرتن. بۆ باسکردنی ڕوونکردنەوەی ئەم ڕەوشە سود لە نمونەیەک وەردەگرین بۆ دەرخستنی جیاوازی کەسێک بە مێشکێکی ئاسایی و کەسێک بە مێشکێکی کۆنترۆڵکەری تاریک کە تەنها بە شوێن بەدەستهێنانی خواستەکانی خۆیەوەیەتی، تەنانەت ئەگەر لە سەر حسابی زیان پێگەیاندنی کەسانی دیکەش بێت.

خانمێک بهێنەرە بەرچاوت لە شوێنێک دانیشتووە و هەلومەرجێکی خوازراوی هەیە بۆ داواکاردنی دۆستایەتی. بەهەرحاڵ لەوانەیە کەسێک جورئەتی ئەوە پەیدا بکات کە داوای دۆستایەتی و ناسینی بکات، بەڵام

ئەو کەسە بەرە بەرە متمانە و باوەڕبەخۆبوون لەدەست دەدات و لە کۆتاییدا کە دەچێتە لای کچەکە تەنها دەڵێت: (حەز دەکەیت لەگەڵ مندا بچیتە دەرەوە؟) وەڵامی ئەم پرسیارانەش هەمیشە وەڵامێکی کورت و سادە دەبێت، بێگومان (نەخێر)ە. بەگشتی بۆ کەسانێکیش کە پەیبردنیان نیە بۆ تێگەیشتنی ناسین، هەمووشتێک بەم شێوەیە دەچێتە پێشەوە.

## دەروونناسی پێچەوانە

دەروونناسی پێچەوانە تەکنیکێکە دەتوانیت بەهۆیەوە بە وتنی شتێک بە شێوەی پێچەوانە، سەرنجی کەسی بەرامبەر بۆ ئەسڵی بابەتەکە ڕاکێشیت و ڕەزامەندبوونی بەدەست بهێنیت. ئەم بابەتە لەبارەی کەسانی خوێنەوارەوە باشتر وەڵامی دەبێت، چونکە ئەوان لەبری بیرکردنەوە بۆ هەر شتێک بەشێوەیەکی جیاواز بەشێوەی غەریزەیی کار دەکەن. بابەتەکە ئەوەیە کە ئەم کەسانە لەکاتێکدا کە پێشنیارت بۆ دەکەن کە کارێکی دیاری کراو بۆ نمونە (X) ئەنجام نەدەیت، لە ڕاستیدا لە حاڵەتی هاندان و دروستکردنی حەزکردنتن بۆ ئەنجامدانی کارەکە. تەنانەت کاتێکیش کە بانگەشەی ئەوە دەکەیت کە دەتەوێت ئەو کارە ئەنجام بدەیت لەوانەیە هێشتا لە ئەنجامدانیشی دڵنیا نەبیت. ئەگەر لە حاڵەتی سودوەگرتن لەم تەکنیکە بیت و بە پێی ئەگەری حسابات لایەنی بەرامبەر بیر بکاتەوە کە تۆ لە حاڵەتی سودوەگرتنی دەروونناسی پێچەوانەیت و دەتوانیت بە پێشناری ئەو کارەی کە دەبێت ئەنجام بدرێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی پێچەوانە بخەیتە سەر کەسەکە، و لە ڕاستیدا بۆ جاری

دووەم بیخەیتە ناو یاری دەروونناسی پێچەوانەوە. تەنها ئەوەندە بەسە کە ئەوە نیشان بدەیت لە حاڵەتی هەوڵدانی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە (و پاشان بە ڕاستی ئەنجامی بدەیت).

## یارییە عەقڵییەکان (مێشکییەکان)

یارییە عەقڵییەکان گرنگترین و کاریگەرترین بوارن بۆ لایەنی قایل کردنی تاریک. خەڵکانێکی زۆر هەن کە بانگەشەی ئەوە دەکەن ڕۆژانە ئەم یارییە دەروونییانە ئەنجام دەدەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم جۆرە یارییانە زۆر بەکەمی ئەنجام دەدرێن. چارەنووسی یارییە عەقڵییەکان ڕێک وەکو ئەو کەسانەیە کە سەرەڕای بانگەشەیان بۆ ناسین و پەیبردنی خەمۆکی، کەچی بەردەوام بێتاقەت و خەمگینن. بەو جۆرە نیە کە هەموو چالاکییە دەروونناسییەکان بۆ ئامانجی شەیتانی بەرنامەڕێژی کرابن.

نمونەیەکی سادە بۆ ئەم کۆمەڵەیە، ئامادەکردنی سوپرایزێکە بۆ لە دایکبوونی کەسێک لەو بۆنەیەدا هەموو هاوڕێکانی کە لە ڕاستیدا هەیەجانێکی زۆریان هەیە و خۆشحاڵن و دەبێت دەست بۆ یارییەکی مێشکی بەرن و بەشێوەیەک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن کە دڵنیا ببنەوە لەوەی ئەو کەسەی کە ڕۆژی لەدایکبوونیەتی ئاگاداری ڕووداوەکە نەبووە. ئەمە هەڵبژاردنێکی بەسودە، چونکە ئەم دەستپێشخەرییە کاریگەری نەرێنی ناکاتە سەر هیچ لایەک.

بەڵام کاتێک لە ڕوانگەی دەستکاری شەڕەنگێزانە و گەندەڵانەوە سەیری ئەم جۆرە یارییە مێشکییانە دەکەیت، بیرکردنەوەت بەرەو بەشە تاریکترەکانی خواستە دەروونییەکانی کەسەکە دەڕوات. پسپۆڕەکان لەسەرتاسەری جیهانەوە کە خەریکی خستنەڕووی ڕەوشە چارەسەرە

دەروونییەکانن و کار لەسەر سەلامەتی کەسەکان و هێزی دەروونیان دەکەن، هەنگاوێکیان هڵناوە بە ئاراستەی هۆشاری بەشێک لە خەڵکی لەبارەی ئەم ڕەوشەوە.

دەتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کە لەناو هەموو ڕەوشەکانی دەروونناسی تاریک، یارییە مێشکییەکان لە هەموویان ترسناکتر و زیان گەیەنەر ترن. کەسەکان، تەنها لەبەر زیاتر خۆشی و مەشغوڵ بوون دەست بۆ ئەم جۆرە یارییانە دەبەن، لە کاتێکدا هیچ هیوایەکیان نیە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێکی تایبەتی لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەو کردارە. زۆرجار کەسانی کۆنترۆڵکەر ناتوانن خواستەکانی کەسی قوربانی دیاری بکەن. کەسی کۆنترۆڵکەر لەوانەیە بە ئەنجامی یاری فێڵبازانە درێژە بە مێشکی قوربانیەکیەی بدات و هەر ئەم کارەش هانی دەدات بۆ شاردنەوەی کەسایەتی ڕاستەقینە و ئامانجە سەرەکییەکەی بە هۆی ئەو ڕەوشە بەدبینانەی کە بۆ قوربانییەکە هەیەتی و دەرئەنجامی ئەم پرسەش بەگشتی زیانە، چونکە دیاریکردنی زۆر دژوارە و جێبەجێکردنەکەشی بە توندی زیانپێگەیەنەر و کێشەدارە.

## ئینکاریکردنی واقع

ئەم تەکنیکە لە قۆناغی یەکەم کاریگەری لەسەر مێشکی قوربانی هەیە، نەک هەستەکانی. هەر بۆیە هەستەکانی قوربانی بەشێوەیەک لە شێوەکان کاریگەر دەبێت. یەکێک لەو بێتاقەتی و نیگەرانییانەی هەر مرۆڤێک کە بەشێوەیەکی سروشتی و بە درێژایی تەمەنی دەستوپەنجەی لەگەڵدا نەرم دەکات، نیگەرانی و ترسییەتی لە تەندروستی و لەشساغ بوونی. بەڵام ئەگەر ئەم نیگەرانییە لە ڕادەی ئاسایی خۆی زیاتر بڕوات،

ئەو کاتە نیگەرانییەکە خۆی دەبێتە هۆکارێک بۆ لەناوبردنی تەندروستییەکەی. ئێستا بیربکەرەوە کە ئەگەر ئەم جۆرە بیرکردنەوە شێتانەیە، بەشێوەی کاتی یان بەردەوام، ببێتە دەستمایەی کەسێک کە ئامانجی دەستکاری عەقڵی بێت، دەتوانێت چ کاریگەرییەکی وێرانکەر بەجێ بهێڵێت.

دەتوانرێت بووترێت کە بەرە بەرە بەردەوامبوونی هەندێک لە پرسەکان، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی پاساوی ڕەتکردنەوەی حەقیقەت. ئەگەر کۆنترۆڵکەرێک سەرنج بخاتە سەر سەلامەتی کەسێک و بیەوێت زیانێکی پێ بگەیەنێت، بە ئەگەرێکی زۆر لەوانەیە ئەو کەسە تێبگات لەو مەسەلەیە، بەڵام کۆنترۆڵکەرەکە، ئاگاداری ئەم مەسەلەیە و هەوڵ دەدات بە وردییەکی زۆرترەوە خەریکی ئەو بابەتە هەستیارە بێت. ئەم کارەش زۆربەی کات کاریگەر دەبێت، چونکە کۆنترۆڵکەرەکان حەز دەکەن تەندروستی قوربانییەکەیان ورد ورد بکەن و تاوەکو ڕادەیەکی زۆر کەمی بکەنەوە بە شێوەیەک کە ئیدی کەسی قوربانی توانای بڕیاردانی ڕاست و چاودێری تەواوەتی نەبێت بەسەر تەندروستی خۆیەوە.

کەمبوونەوەی سەلامەتی کەسی قوربانی بە هۆی ڕەوشێکی دڵنیاییەوە دروست دەبێت کە بێگومان بە سەرکەوتوویی کۆتایی دێت. سەرەتا کەسی قوربانی بەرەبەرە باوەڕبەخۆبوون و تەندروستی کارکردنی مێشکی بە ڕادەیەکی زۆر کەم دەخاتە ژێر پرسیارەوە. کۆنترۆڵکەرەکان ئەم کارەیان بە هۆی دروستکردنی سیناریۆییەک کە لە مێشکی کەسی قوربانیدایە ئەنجام دەدەن، کە بەهۆی ئەو کارەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسی قوربانی گومان بکات لە کردار و هەڵسوکەوتەکانی و تەنانەت توشی گومانیش دەبێت بەرامبەر بە بڕیارە ئاساییەکانی. ئەگەر ئەوە پیلان و نەخشەی کەسێکی کۆنترۆڵکەر بێت، دوای ئەم قۆناغە، کۆنترۆڵکەر

تێڕوانین و بیرکردنەوەکانی خۆی پێشنار دەکات بۆ کەسی قوربانی، بێگومان لەو حاڵەتەشدا لە دیدی کەسی قوربانییەوە، باشترین و باوەڕپێکراوترین تێڕوانینی گونجاوە. ئەم کەمبوونەوە بچوکەی باوەڕبەخۆبوونەی کەسێک سەبارەت بە بڕیارەکانی خۆی لە درێژ ماوەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئامانجی کەسەی کۆنترۆڵکەر پەیڕەوی بکات و ببێتە شوێنکەوتە و گوێڕایەڵی.

ئەم کردارە بەگشتی بۆ کەمبوونەوەی باوەڕبەخۆبوونی کەسی قوربانییە بە تواناییەکانی لە دیاری کردن و بوونی کار و کاردانەوەی ڕاستی لە کات و شوێنە سادەکاندا. لەلایەکی دیکەوە، بە کەمبوونەوەی باوەڕبەخۆبوون و کۆنترۆڵی کەسی قوربانی، ئەو باوەڕبەخۆبوونە دەگوازرێتەوە بۆ کەسی کۆنترۆڵکەر.

لێرەدا گرنگترین خاڵ کە دەبێت لەبیرمان بێت ئەوەیە، بەگشتی ئیرادەی قوربانی هەرگیز ئامانجی سەرەکی کەسی کۆنترۆڵکەر نیە، چونکە هەمیشە خۆی کەمێک بە بەهێزتر لەوانی دیکە دەزانێت بۆ کۆنترۆڵی ئیرادەیان لە هەر کاتێکدا کە بیەوێت بیکات بەکاری دەهێنێت. ئێستا بەو دیدگایەوە، کۆنترۆڵکەر، ئامادەگی و وابەستەبوونی دەروونی تەواوەتی کەسێکی قوربانی بۆ کەسێکی دیکە (کۆنترۆڵکەر) دادەڕێژێت.

# وەرزی پێنجەم

## (٥) ڕێگای پێشکەوتووی قایلکردن
## لە دەروونناسی تاریک

# (٥) ڕێگای پێشکەوتووی قایلکردن لە دەروونناسی تاریک

## 1 - هەڵخەڵەتاندنی درێژخایەن

هەڵخەڵەتاندنی درێژخایەن، ڕەوشێکی لەسەرخۆ و ئارامە بۆ قایلکردنی کەسێک. هەڵخەڵەتاندنی درێژماوە زۆر کاریگەرە، چونکە هەندێک کات، خەڵکی بەرگری دەکەن لەبەرامبەر قایل کردن و ڕازیکردنی خێرا، چونکە ئاگاداری کەسی قایلکەرە و یان هیچ هەستێکی متمانە لە نێوان قوربانی و کەسی قایلکەر دروست نەبووە. هەر بۆیە، پرۆژەی هەڵخەڵەتاندنی درێژماوە ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات. قایلکەرانی تاریک کاتی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ ناسین و تێگەیشتن کەسی قوربانی، بە دۆستایەتی کردن و بەخشینی دڵنیایی لە دروستکردنی هەستی متمانە و پەیوەندی. هەر بۆ ئەو مەبەستە کەسی قایلکەر، پەیوەندییەکی دۆستانەی دروستکراو لەگەڵ قوربانییەکەیدا دروست دەکات، تاوەکو ئەو کەسە لەو پەیوەندییەدا هەست بە ئارامی و دڵنیایی بکات. کاتێک کە قوربانی لە ڕوانگەی دەروونییەوە ئامادە بوو، قایلکەر هەوڵدانەکانی خۆی دەستپێدەکات. هەر بۆیە بە هەوڵدان لە درێژەی ڕێنوێنییەکانی بۆ قوربانی، بەرەو ئەو هەڵبژاردانە دەڕوات کە لە بەرژەوەندی خۆیدایە و کارەکانی دەستپێدەکات. ئامانجی یەکەمیش لەم شێوە دەستپێکردنە،

ئاساییکردنەوەی کەسی قوربانییە بۆ قایلبوونەکەی، و ئامانجی دووەمی دروستکردنی ئەو عەقلیەتەیە لە ناو کەسی قوربانیدا کە پەیوەندی ئەو و کەسی قایلکەری تاریک، پەیوەندییەکی ئەرێنییە و سودی پێ دەگەیەنێت. لەگەڵ ئەوەی کەسی قوربانی یان سوژە متمانەی بە کەسی قایلکەر کرد، ئیدی لەبەرامبەر کردارەکان و زیان پێگەیاندنەکانیدا ڕێگای گەڕانەوەی نیە.

نمونەیەک لە شێوەی کارکردنی هەڵخەڵەتاندنی درێژماوە بە باسێکی ژنێکی بە تەمەن کە بە تازەیی پاش چل ساڵ لە ژیانی هاوبەش، هاوسەرەکەی لەدەستدا بوو ڕوونی دەکەمەوە. بیهێنەرە بەرچاوت کە هاوڕێیەک پاش ئەو ڕووداوە، کە پێدەچێت هاوکارێک یان ئەندامێکی کڵێسایەک بێت، دەستی بە دروستکردنی پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ ئەو خاتونە بە تەمەنە کردووە. ئەم کەسە لەگەڵ ئەو خاتوونە هاودەردی کردووە و بووەتە مایەی ئارامی و سەبوری بۆی. بەم شێوەیە کاتێک ئەم خاتونە لە دەوروبەری ئەو کەسەدایە، بەرە بەرە حەزەرکردنی کەم دەکاتەوە. لێرەدا کەسەکە دەست بە قایل کردنی تاریکی بچوک دەکات. خاتونی بە تەمەن سوپاسگوزاری هەوڵدان و بەخشندەییەکانی ئەم کەسە دەبێت و گوێ بۆ ئامۆژگاری و ڕێنوێنییەکانی دەگرێت، چونکە ئیدی کەم کەم متمانەی پێ دەکات. ئەو کەسەش کە قایلکەرێکی تاریکە لەم قۆناغەدا دەتوانێت خاتونەکە قایل بکات بەوەی کە قەرزی بچوکی پێ بدات و ئەمەش ئەو شتە نیە کە ئەو کەسە داوای لێ دەکات، بەڵکو بەرەو داواکردنی زیاتر دەڕوات. خۆ ئەگەر ئەو خاتونە پیرە هەست بکات کە لەدەستدانی هاوسەرەکەی تەنها بێ شانسی بووە، ئیدی ئێستا بە دۆستایەتی لەگەڵ ئەم کەسە، کرانەوەی شانسیەتی و خۆ ئەگەر بتوانێت هاوکاری بکات، کارێکی خراپ نیە، هەر بۆیە قایلکەر سەرکەوتوو بووە لە

پرۆژەی هەڵخەڵەتاندنی درێژماوەی خۆیدا بۆ گەیشتن بە مەبەستە سەرەکییەکانی.

## 2 - کارکردنی هەنگاو بەهەنگاو

ئایا تاوەکو ئێستا چیرۆکێکت بیستووە لەبارەی ئەوەی کەسێک قایل بکرێت بە خۆکوشتن؟ ئایا بەهیچ شێوەیەک ئەگەری لەم شێوەیە هەیە؟ باوەڕکردنی شتێکی لەم بابەتە قورس و دژوارە، وانیە؟ بەڵام ڕوودانی بابەتێکی لەم شێوەیە بەتەواوی مومکین و گونجاوە، چونکە قایل کردنی تاریک بە شێوەی کردارێکی لەناکاو یان داواکارییەکی نا عەقڵانی ئەنجام نادرێت. قایلکەر، هەنگاو بە هەنگاو کار لەسەر قوربانییەکەی دەکات، ڕێک وەکو چوونە سەرەوەی قادرمەیەکە پلە بە پلە. سەرەتا پرسەکە بە گرنگ بەرچاو ناکەوێت، بەڵام تاوەکو قوربانییەکە بیەوێت ئاگاداری ڕاستییەکە بێت، ئیدی درەنگ بووە و گەیشتووەتە کۆتا قادرمە و ڕێگای گەڕانەوەی نەماوە.

دەتەوێت بزانیت کارکردنی هەنگاو بەهەنگاو یان بەرە بەرە چۆنە؟ بۆ نمونە ئەو کەسانەی کە بۆ خەڵکی کاری نایاسایی و تاوان ئەنجام دەدەن بهێنەرە بەرچاوت. لەگەڵ ئەوانەدا، وێنای سەرۆکی باندەکان یان سەرۆکی گروپەکانیش بهێنەرە بەرچاوت. ئەم سەرۆکانە سەرەتا کاری گەورە و دژواریان لە ژێر دەستەکانیان ناوێت و بەگشتی سەرەتا بە داواکردنی کاری لاوەکی وەکو خراپکردنی ماڵی خەڵک یان شاردنەوەی هەندێک لە کەرەستە یان کەلوپەلی ئاسایی دەستپێدەکەن. بەڵام سەرۆکە قایلکەرەکە بە تێپەڕبوونی کات خوازیاری ڕووبەڕووبوونەوەی توندتر و جدی ترە، لە کۆتاییدا بە توندوتیژی و هەڕەشە کارەکانی بە کەسی قوربانی ئەنجام دەدات. پاش ماوەیەک ئەم کەسانە تێدەگەن کە تاوەکو چەند لەناو ئەم

کارانەدا ڕۆچوون، بەڵام پاش ئەوەش بە سادەیی قایل دەکرێن بۆ ئەنجامدانی کاری ترسناک و تاوانی گەورە، چونکە تێدەگەن کە هیچ ڕێگا چارەیەکی دیکەیان نیە، جگە لە ئەنجامدانی ئەو کارانە نەبێت. قایلکەرانی تاریک، لە پەرەسەندنی بەرە بەرەی قایلکردنەکانیاندا زۆر کارامە و شارەزان.

## 3 - شاردنەوەی ئامانجە ڕاستییەکە

یەکێکی دیکە لە ڕەوشەکانی قایلکەری تاریک بۆ گەیشتن بە خواستەکانی شاردنەوەی ئامانجە حەقیقییەکەیەتی، قایلکەری تاریک، ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی لە قوربانییەکەی دەشارێتەوە و بابەتەکە پەیوەندی بە هەلومەرجی کەسی قوربانی یان سوژەکەوەیە کە لەوانەیە شێوازی جۆراوجۆری پێویست بێت بۆ ئەنجامدانی کارەکانی و سودوەرگرتن لە قوربانییەکە. یەکێک لەو شێوازانە داواکردن و دەرخستنی دوو داواکارییە بە شێوەی هاوکات و بەدوای یەک لە کەسی قوربانی، چونکە لە ڕوانگەی دەروونییەوە ڕەفزکردنەوەی دوو داواکاری لە دوای یەکترەوە بۆ کەسێک قورس و دژوارە. ئەم نمونەیە بهێنەرە بەرچاوت، قایلکەر دەیەوێت ٥٠٠ دۆلار لە قوربانییەکەی وەرگرێت. قایلکەری تاریک بەو باسە دەست پێدەکات کە زۆر زەروورە بۆی و پێویستی بە ١٠٠٠ دۆلارە و ئەگەر ناتوانێت ئەو برە پارەیەی بۆ جۆر بکات چ ڕووداوێکی بۆ ڕوو دەدات. هەر بۆیە قوربانییەکە لەم حاڵەتەدا لەوانەیە هەست بە گوناه یان دلسۆزی بکات، بەڵام بەهەرحاڵ بە مهرەبانی ڕوونی دەکاتەوە بۆ قایلکەر کە لە ڕاستیدا پێدانی ئەو قەرزە لە دەرەوەی توانایی ئەودایە. لەم کاتەدا قایلکەر بڕی پارەکەی دەهێنێتە خوارەوە و بۆ ئەو ٥٠٠ دۆلارەی کە سەرەتا داوای لێ کرد بوو. ئەم جارە ئەو کەسە داواکارییەکەی خۆی بە

فشارێکی هەستی زیاترەوە خستەڕوو، تاوەکو ئیدی کەسی قوربانی توانای ڕەفزکردنەوەی داواکاری دووەمی نەبێت. لێرەدا قایلکەر بەو برە ئەسلییەی کە خۆی لەبەرچاوی گرتبوو شوێنەکە بەجێ دەهێڵێت، لەکاتێکدا کە قوربانییەکە هێشتا بەهۆی ئەو پێشهاتە لە ناکاو و خێرایەوە لە گێژی و شۆکدایە.

ڕەوشێکی دیکە کە قایلکەری تاریک دەتوانێت سودی لێ وەرگرێت، دەروناسی پێچەوانەیە. هەندێک کەس هەیە وەکو بومرەنگ (Boomerang) (جۆرە یارییەکە کە وەکو نیوە بازنەییەکە هەڵدەدرێت بە ئاسماندا بە پێچەوانەوە دەگەڕێتەوە بۆ لای کەسی هەڵدەر) ئیش دەکات، کارکردنی پێچەوانەیە.

ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانەش دەتوانرێت لەلایەن کەسانی قایلکەری تاریکەوە سوئیسفادەیان لێ بکرێت، چونکە بە خاڵی لاوازی هەڵسوکەوتی کەسی قوربانی حساب دەکرێت. بۆ نمونە یەکێک لە هاوڕێکانت لەبەرچاو بگرە کە بەردەوام حەز بکات فاست فود بخوات. قایلکەری تاریک بە ئاگاداربوون لەو بابەتە پێشنیاری بۆ دەکات کە بۆ پاراستنی تەندروستی خۆی باشترە کە خواردنی تەندروست بخوات، لەکاتێکدا ئەو دەزانێت کە هەڵبژاردەی کەسەکە تەنها فاست فودە.

## 4 - پرسیاری تەڵقینی

ئەم جۆرە پرسیارانە قایلکەرەکانی تاریک بۆ وروژاندنی کاردنەوەیەکی تایبەتی لەناو کەسی قوربانی یان سوژەدا بەکاری دەهێنن و دەیکەن. قایلکەر لەوانەیە پرسیارێکی لەم شێوەیە بکات: (ئەو کەسە زۆر بێ شانسە، وانیە؟) ئەم پرسیارە خۆبەخۆ تەڵقینی گریمانەیەک و زەمینەیەکی هەستی بۆ قوربانی دەگەینێت کە بۆ ئەو کەسەی کە پرسیارەکەی

ئاراستە دەکات هەستێکی خراپ پەیدا دەکات. هەمان پرسیار دەتوانێت بە حاڵەتی ناتەڵقینی بەم شێوەیە بکرێت: (بۆچونت سەبارەت بەو کەسە چییە؟) قایلکەرانی تاریک بە حەزەرێکی زۆرەوە سود لە پرسیاری تەڵقینی وەردەگرن، چونکە دەزانن کە ئەگەر کەسی قوربانی یان سوژە هەست بکات کە خەریکە بەرەو نیشاندانی کاردانەوەیەک کە پێشتر بۆی دیاری کراوە ڕێنوێنی دەکرێت، زیاد لە ڕادە لەبەرامبەر کەسی قایلکەر بەرگری پیشان دەدات.

قایلکەر ڕاستەوخۆ پاش ئەوەی کە هەستی کرد کە قوربانی سەبارەت بە بابەتێک هەستیار بووە شێوەکەی دەگۆڕێت، و تاوەکو حاڵەتی بەرگری قوربانییەکە بە تەواوی لەناو نەچێت، ئیدی سود لە پرسیاری تەڵقینی وەرناگرێت.

## 5 - یاسای گواستنەوەی حاڵەت

(حاڵەت) دەربڕینێکە کە دەرخەری بارودۆخی دەروونی گشتی مرۆڤە. نمونەیەک لە حاڵەتێکی یەکدەنگی بەهێز، کاتێکە کە بیرکردنەوە، گوفتار و کرداری کەسێک بەیکەوە هاوتا و وەکو یەک دەبن. یاسای گواستنەوەی حاڵەت بەو مانایەیە کە کەسێک بە بوونی هاوسەنگی نێوان هێزەکانی، لە هەر حاڵەتێکی تایبەتییدا دەتوانێت بارودۆخی سۆزداری خۆی بگوازێتەوە بۆ ئەو کەسانەی لە پەیوەندییە لەگەڵیاندا. ئەگەر ئەم یاسایە لەلایەن کەسێکی قایلکەری تاریکەوە سودێ لێوەربگیرێت، زۆر بەهێز و وێرانکەر دەبێت.

ئەگەر کەسێک هەوڵبدات بۆ قایل کردنی خەڵکی و ئاگاداری یاسای گۆڕانی حاڵەتیش بێت، لەوانەیە سود لە ستراتیژییەتێکی تایبەتی وەرگرێت بۆ دەستکاری ئاستی کۆنترۆڵی قوربانییەکانی. قۆناغەکانی ئەم

ستراتیژییە بەو جۆرەیە کە سەرەتا ئەو کەسەی کە هەوڵی سەپاندنی هەژموونی دەدات، حاڵەتی خۆی لەگەڵ حاڵەتی سروشتی کەسی قوربانییەکە یەکسان دەکات و دەیگونجێنێت. پاشان کاتێک کەسی قوربانی هەستی بە نارەحەتی یان خەم کرد لە چاو پێشووتر بە جەستەیەکی ئارام تر و خێراییەکی کەمتر دەستی کرد بە قسە کردن، کەسی هەژموونگەریش حاڵەتی خۆی زاڵ دەکات بەسەریدا. ئەم کەسانە بەم شێوەیە، لەگەڵ قوربانییەکەیاندا لە ئاستێکی ناخودئاگاییدا و بەشێوەیەکی قوڵ، پەیوەندی دروست دەکەن.

پاش یەک شێوەبوونی حاڵەتەکان، کەسی هەژموونگەر بەشێوەیەکی لێهاتووانە حاڵەتەکەی خۆی دەگۆڕێت و دەست بە هەڵسەنگاندنی وردی کەسی قوربانی دەکات. بۆ نموونە هەژموونگەر، تۆنی دەنگی خۆی دەگۆڕێت، تاوەکو بزانێت ئایا قوربانییەکەش دوای ئەو گۆڕینە دەنگییە ئەویش تۆنی دەنگی دەگۆڕێت یان نایگۆڕێت. ئەگەر کەسی قوربانی نیشانەی هاوشێوەبوونی حاڵەتەکە پیشان بدات، دەردەکەوێت کە هەژموونگەر، بە سەرکەوتوویی قوربانییەکەی خستووەتە داوەکەوە. کاتێک قوربانییەکە کەوتە داوەکەوە، هەژموونگەر حاڵەتی قوربانییەکە بە هەر شێوازێک کە بیەوێت دەگۆڕێت و بەرەو ئاراستەی خواستەکانی خۆی دەیبات و سودی لێ وەردەگرێت. بە پێی هەلومەرجی خواستی کەسی هەژموونگەر، ئەم پرسە دەتوانێت ئیجابی و باش یان سلبی و ئازارپێگەیەنەر بێت. ئەم کارکردن و ڕەوشانە، کاریگەری ڕێنمایی ناخودئاگاییان دەبێت بەسەر سەرکەوتن یان کەوتنی ڕەوشی قایل بوون.

# وەرزی شەشەم

## نهێنی پرۆگرامسازیی زمانیانەی دەماری (NLP)

## پرۆگرامسازیی زمانیانەی دەماری(NLP) چییە؟

(NLP) ڕەوشێکە پێکهاتووە لە کۆمەڵە تەکنیکێکی دەروونناسی لە ئاستی پەیوەندی لەگەڵ بەشی نیوە ئاگا و ناخودئاگای قوربانی. ئەگەر بەم دەستەواژەیە بە جیا لێکدانەوەی بۆ بکەین، Neuro: بە مانای دەمار کە مەبەست لە کۆئەندامی دەمارە، Linguistic: واتە زمانیانە و لە کۆتاییشدا Programming: واتە پرۆگرامسازیی یان بەرنامەڕێژی کردن، کە لێرەدا بە مانای شێوەی کارکردنی شتێک دێت، واتە هەرشتێک دووبارە بێتەوە و ببێتە خوو، چ لەڕووی بیرکردنەوەی هەستەکان یان ڕەفتار.

## سودی NLP چییە؟

(NLP) بۆ بەرزرکردنەوەی ئاستی زیرەکی و بیرکردنەوە، شێوەی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە، شێوەی بیرکردنەوە و تەنانەت شێوەی ڕواڵەتی دەرەوەش سودی لێوەرگرێت. (NLP) ئەو هێزەی هەیە کە هەر بەشێک لەناو مرۆڤدا چاک بکات یان بیگۆڕێت، و ئەگەر لە شوێنی گونجاوی خۆیدا بەکاربهێنرێت، زۆر بەسود و کاریگەر دەبێت.

## به مۆدێل کردنی (NLP)

مۆدێل کردن یان مۆدێلسازی (NLP) ڕەوشێکە بۆ دارشتنەوە، زیاکردنی تێگەیشتن و کەماڵ، لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت بۆ پەیوەندی لەگەڵ کەسەکان، کۆمەڵەکان دامەزراوەکان سودی لێوەربگیرێت. بە تێگەیشتن لە بنەماکان، دەروونناسی و میکانیزمە بنەڕەتییەکانی بەڵگەهێنانەوە، کە بنەمای بنەڕەتی و توانایی و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤە، دەتوانرێت هەموو هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤی پێ بەرنامەڕێژی بکرێت. سەرکەوتنی مۆدێلسازی پەیوەندی بە شێوەی ڕاهێنان و فێربوونییەوە هەیە.

## کورتە مێژووییەکی (NLP)

دەوترێت لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە (NLP) لە دەیەکانی ۱۹۷۰ لەلایەن ریچارد باندلەر (Richard Bandler)، خوێندکاری بیرکاری و زانستی کۆمپیوتەر دەستی پێ کردووە. دواتر سەرکەتووبوو بە تەواوکردنی خوێندن لە زانستی هەڵسوکەوت و بەم شێوەیە، (NLP)ی داهێنا. هەروەها ریچارد باندلەر لەگەڵ دکتۆر جۆن گریندەر ( john Grinder) مامۆستای زمانناسی، هاوکاری هەبوو و ئەم هاوکارییەش بووە هۆی دروستبوونی (NLP) لە ڕێگەی بەرنامەڕێژی کۆمپیوتەری و زمانناسییەوە.

## سێ بنەمای سەرەکی (NLP)

(مانای گشتی هەر پەیوەندییەک لە شێوەی وەڵامە وەرگیراوەکانی ئەو پەیوەندییەوە بەدەستدێت، نەک لە ئامانجی سەرەکی دروستبوونی

پەیوەندییەکە). ئەم ڕستەیە بەو مانایە دێت ئەوەی کە گرنگە، پەیبردنی قوربانی (NLP) لە ئامانجی دروستکردنی پەیوەندییەک و لە ئەنجامدا کاردانەوەی ئەو کەسەیە بۆ قوربانی ئەم پەیوەندییە. بۆ هەرکەسێک کە سود لە (NLP) وەردەگرێت پێویستە بزانێت، ڕێگای دروستبوونی پەیوەندی و هۆکارەکانی دروستبوونەکەی گرنگ نیە، بەڵکو ئەوەی کە گرنگ و بابەتە سەرەکییەکەیە، شێوەی وەڵامدانەوەی کاردانەوەی کەسی قوربانی (سوژە)یە بۆ (NLP).

(نەخشەی بەردەمت، هێشتا بە بەشێک لە قەڵەمڕەوی تۆ حساب ناکرێت) ئەم بنەمایە، دەرخەری ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان شتێک و شێوەی خستنەڕووی زانیارییە لەبارەی ئەو شتەوە. ئەمە بەو مانایەیە کە حەقیقەتی هەبوو لەگەڵ تێور و گریمانەی باسکراو جیاوازە. ئەم نمونەیە لەبەرچاو بگرە کە کەسێک تینویەتی و گوێی لە ناوی هەرچی خواردنەوەکانەوەیە. ئەم کەسە پاش بیستنی ڕوونکردنەوەی پەیوەست بە خواردنەوەکان، هێشتا هەر تینویەتی، چونکە هیچ خواردنەوەیەکی حەقیقی نەگەیشتووەتە دەستی. لە زەمینەی (NLP) یشدا دەتوانرێت ئەم بنەمایە لە چارەسەرە دەرمانییە دەروونییەکانیدا ببینرێت، چونکە کاتێک داوا لە کەسێک دەکەیت کە باسی ژیانی بکات، ئەوەی کە لێی دەبیستیت تەنها نەخشەیەکە لە ژیانی نەک هەموو ئەو حەقیقەتەی کە ئێمە بە شوێنیدا دەگەڕێین.

(هەڵسوکەوت و شێوەی ڕووبەڕووبوونەوە بە شێوەیەکی زاتی، مەیلی گونجاندن و سازگاربوون یان خۆگونجاوی هەیە) ئەم بنەمایە ئەوە دەخاتەڕوو کە کەسەکان توانای گۆڕانکاری و گۆڕاوییان هەیە و مەیلیان بەلای گونجاوییدایە و ئەم ڕەوشەش زۆر خێراتر و ئاسانتر لەوەی کە خەڵکی بیری لێ دەکەنەوە ڕوو دەدات. ئەم بنەمایە زۆرجار لە زۆرێک لە

گۆڕانکارییە هەڵسوکەوتییەکانی ناو مۆدێلەکانی (NLP) دەبینرێت، ڕێک وەکو ئەو کاتەی کە هەڵسوکەوتێکی زیانپێگەیەنەری وەکو بەکارهێنان و ئالودەبوونی بەردەوامی خواردنەوەی مادده کحولییەکان دەگۆڕێت بۆ هەڵسوکەوتێکی قبوڵکراوی وەکو خواردنەوەی ئاو بە بەردەوامی.

## پەیوەندی زارەکی (زمانییانە)

(پەیوەندییە زمانییانەکان: مرۆڤ دوو زمانی سەرەکی هەیە: یەکەم زمانی دەرەکییە، دووەم زمانی ناوەکییە، زمانی دەرەکی لە وشە پێکهاتووە. بەڵام زمانی ناوەکی لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە کە شێوە و تۆنی دەنگە لەگەڵ زمانی جەستە، وەرگێڕ.) پێشنیار و ئۆفەرە زارەکییەکان سەبارەت بە پێشنیارە نازارەکییەکان ئاڵۆزترن. چونکە ئەو وشانەی کە سودیان لێ وەردەگیرێت بۆ هیپنۆتیزم و کاریگەری زیان پێ گەیاندن بۆ کەسێک، پێدەچێت لە سەرەتاوە زۆر بە جوان و ڕازاوە بەرچاو بکەون، بۆ نمونە کاتێک کە کەسێکی هیپنۆتیزمکەر بۆ تەڵقینی هەستی خۆکوژی کەسێک سود لە وشە و دەستەواژەی هەڵخەڵەتێنەرانەی بە ڕواڵەت جوان وەردەگرێت و بە دەرخستنێکی ئەدەبییانە واتا شەڕەنگێزییەکانی خۆی دەردەبڕێت، مێشکی قوربانیش ئەو بیرکردنەوانە بەبێ ئەوەی بیانخاتە ژێر پرسیارەوە بەهۆی ڕواڵەتی جوانی دەرەوەیان قبوڵیان دەکات. گەلالەی شاردنەوەی سودوەرگرتن لە ڕێگەی ئەم دەستەواژە و وشە کاریگەرییانە هاوشێوەی ئەوەیە کە کەسێک قەناعەت پێ بکەیت لیوانێک ئاو بخواتەوە، بەڵام لیوانێک ژەهر بدەیت بەدەستییەوە. لەم حاڵەتەدا قوربانییەکە وا بیر دەکاتەوە کە ئاو بۆ نەهێشتنی تینویەتی و جەستەی پێویستە، هەر بۆیە بە بێ دوودڵی و گومان لیوانە ژەهرەکە دەنێت بەسەریەوە و دەیخواتەوە.

کێشەی گەورە لەبارەی ئەو بەکارهێنانە شێوە دەستەواژەییانەی کە هەیە، ئەوەیە کە قوربانییەکان بەگشتی بە خێرایی بە فەرمانی شاراوەی ئەو وشانە کار دەکەن، چونکە هیچ کاتێک تێناگەن لە پەیامە ژەهراوییە وەرگیراوەکانی دەبڕینەکانی کەسی هینۆتیزمکەر.

لەم دەستەیە تەکنیکی زمانی دیکەش هەیە کە لەناویدا کەسی هیپنۆتیزمکەر بە کۆنترۆڵ و گۆڕانی تۆنی دەنگ و شێوەی دەرخستنی وشە کاریگەری دەکاتە سەر مێشکی قوربانی ئەوانیش دوو بەشن:

### أ) پەیوەندی نازمانی (زمانی ناوەکی) (تۆنی دەنگ)

پەیوەندی زمانی ناوەکی بەو مانایەیە کە ئەوەی گرنگی هەیە دەنگ و شێوەی دەرخستنییەتی یان تۆنەکەیەتی، نەک ئەوەی کە دەیڵێیت. ئەوەی لەم باسەدا قسەی لەسەر دەکرێت ئەوەیە کە تۆ لەوانەیە پەیامێکی یەکسان پەیوەست بە شێوەی دەرخستنی، بە ماندووکەرانە یان ترسناک دەرکەوێت. لە بارودۆخە جیاوازەکان، سودوەرگرتن لە پەیوەندی زمانی ناوەکی، بەشێکی جیا نەبوو و پێویستە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی گونجاو.

### ب) پەیوەندی نازارەکی (زمانی ناوەکی) یان (زمانی جەستە)

ئەم حاڵەتە لە ڕێگەی زمانی جەستەوە ئەنجام دەدرێت کە بریتییە لە شێوەی جەستە، تۆنی دەنگ، جوڵەی جەستە و هەروەها ئەو نیشانانەی کە هیپنۆتیزمکەرەکان لە دەوروبەری خۆیاندا ئەنجامی دەدەن. ئەم کارە لەوانەیە سەرەتا بە سەیر و هەندێک بە گاڵتەجارییانە بەرچاو بکەوێت، بەڵام سەیرە بزانیت کە تەنانەت سیاسەتمەدارەکانیش بۆ تەڵقینی بۆچوونە جیاوازەکانی خۆیان دەست دەکەن بە گۆڕانکاری لە هەلومەرجی جیاواز و

دیاریکردنی ئامانج و شێوەی قسەکردن و تایبەتمەندی لایەنی و تەنانەت شێوەی قژیشیان دەگۆڕن.

هیپنۆتیزمکەرێکی ڕاستەقینە دەتوانێت واتای هەستی شێوە جیاوازەکانی جەستە تێ بگات، نمونەیەک لەم جۆرە ئەو کۆمەڵە کەسانەن کە توشی کولوروفیا (ترس لە گاڵتەچی) دەبن، کەسێکی هیپنۆتیزمی ئەگەر مەبەستی دەستکاری سۆزداری هەبێت لەناو کەسێکدا، دەتوانێت بەو زانیارییەی خۆی کە هەیەتی لە زمانی جەستە، جوڵەی هاوشێوەی گاڵتەچییەکان لە جەستە و شێوەیدا دروست بکات و تەنانەت بە ئاسانی ببێتە هۆی دروستکردنی ترس لەناو دڵی کەسی قوربانی و سوژەدا.

## ئەلبێرت مهرابیان (Albert Mehrabian)

ئەلبێرت مهرابیان گرنگی بە توێژینەوەی نیشانەی هەڵسوکەوتی زمانی ناوەکی یان زمانی جەستە و شێوەی دەموچاو دەدا. مهرابیان سەرکەتوو بوو بە خستنەڕووی مۆدێلێک بە سێ هۆکاری سەرەکی، کە ئەوانیش پێکهاتبوون لە گواستنەوەی هەستەکان لە ڕێگەی ڕووبەڕوو یان فەیس تو فەیس، پەیوەندی زمانی جەستە (جوڵە، زمانی جەستە، قسەی جەستە) و لە کۆتاییشدا، بەکارهێنانی وشەی سود لێ وەرگیراو لە قسەکردندا. بە مانایەکی دیکە کاتێک کە کەسێک هەستەکانی دەگوازێتەوە بۆ بەرامبەرەکەی، سێ ڕەگەزی سەرەکی ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە کاریگەری ئەو پەیامانە، ئەوانیش (پەیامی- وشەکان، تۆنی دەنگ و شێوەی دەموچاو)ە

## تێگەیشتن (NLP)

تێگەیشتن یەکێکە لە گرنگترین پرسەکانی پەیوەست بە پەیوەندی ڕۆژانە. لە ڕاستیدا تێگەیشتن ئەو پەیوەندییەیە کە کاتێک لەگەڵ کەسێکدا دروست دەبێت تۆ لە دڵی خۆتدا دەڵێیت (هەست دەکەم بڕیارە ئێمە هاوڕێیەکی زۆر باش بین بۆ یەکتری)

## جادوی تێگەیشتن

کاتێک دەموچاوێکی دۆستانە و پێکەنیناوی دەبینین، ڕووداوی زۆر لەناو جەستەماندا ڕوو دەدات. مێشک ئەو وێنایە بەشێوەیەک کە شایەنی پەیبردن بێت پرۆسێس دەکات. ئەم وێنا دروستکراوە بە تالاموس (Thalamus) (الغده تحت المهاد) دەنێردرێت. پاشان تالاموس ئەو وێنایە وەردەگرێت و دەینێرێت بۆ بڕبڕەی پێشەوە (Frontal Lobe) یان بەشی پێشەوەی مێشک کە دەبێتە هۆی ئاگاداربوونی ئێمە. لە هەمانکاتدا، ئەندام و عەزەڵاتەکانی دەموچاو، شێوەیەک بۆ نیشاندانی خۆشی و هەستێکی باش دروست دەکەن. دووبارە زانیارییەکان بەرەو لای تالاموس دەگەڕێنەوە و لەناو بەشی سیستەمی لیمبیک ( Limbic System) هەڵدەگیرێن. سیستەمی لمبیک سود لەم زانیارییانە وەردەگرێت و ئەو زانیارییانە لە شێوەی هەستەکان و خۆشحاڵییەکاندا لێکدەداتەوە. پاشان جەستەمان لە ئامیگدال (Amygdala) (ئامیگدال بەشێکە لە دەزگاییەکی تەنیشت لیمبیک لە ناو مێشکدا، ڕۆڵێکی گرنگی لە فێربوون و یادگە هەیە، سەرەڕای ئەوەش پەیبردنی بۆ هەستەکان و

کاری وەڵامدانەوەی هەستەکانی هەیە، هەروەها کار لەسەر گۆڕینی ئازارەکانیش دەکات، وەرگێڕ) هەستێکی بە چێژ دروست دەکات لەڕێگەی ئەو هەستەوە دەتوانین پەی بە هەستەکانی کەسانی دیکەش ببەین.

## پەرەپێدانی (NLP) و تێگەیشتنی (ئاوێتەی جادوی تێگەیشتن)

### گوێگری چالاك

ئەم و چەمکە بەو مانایەیە کە قسەکەر کاتێکی زیاتر تەرخان دەکات بۆ گوێگر بۆ لێکدانەوەی قسەکانی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی گوێگر، تاوەکو بۆ دەربڕینی قسەکانی خۆی.

بیسەرەکان لەم حاڵەتەدا ڕاستەوخۆ مەبەستی قسەکانی تۆ تێگەیشتوون و هەڵیانگرتوون، تاوەکو دواتر سودیان لێ وەربگرنەوە، بیسەرەکان حەز دەکەن بە خستنەڕووی پرسیار و ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەیان، تێبگەن لە واتای بۆچوونی کەسی قسەکەر.

بە واتایەکی کرداری تر، زۆرێک لە ڕاهێنەران سود لەم ڕەوشی پەیوەندییە وەردەگرن. دەرئەنجامی ئەم شێوە پەیوەندییەش ئەوەیە ئەو کەسەی کە لەژێر فێربووندایە، دەبێت هەستی بەرنرخداربوون و (بیستنی) هەبێت.

### بە دڵ گرنگی پێدان

هەندێکجار ئەو پەیوەندییە دڵییە بە تیلیپاتی (Telepathy) ناودەبرێت، چونکە ئینسان لەم حاڵەتەدا لە تواناییدا هەیە

قسەدەرنەبڕاوەکانی بەرامبەر ببیستێت و لێکیان بداتەوە و پەیوەندییە کردارەکانی پێش ڕوودانیان بزانێت، بیرکردنەوەی بخوێنێتەوە و لەڕاستیدا دەستی بگات بە گەلالە جیهانییە ناسراوییەکانی کەسییەتی. کاتێک ئەو جۆرە مەیل و توانایییەت بۆ کەسێک هەبێت، دەتوانیت لە پاڵ ئەو قسانەی کە دەیانکات، ئەوەشی کە نایڵێیت بیانبیستیت و پێش وتنی قسەکانی، قسەکانی بخوێنیتەوە. لەم حاڵەتەدا تۆ وێنایەکت دەبێت لە کەسایەتی کەسی بەرامبەر و شێوەی بیرکردنەوەکانی.

### زەردەخەنە

خەڵکی بە هۆکاری جۆراوجۆر زەردە خەنە دەکەن، لە ڕاستیدا زەردەخەنە، یەکێک لە لایەنەکانی بە مانای خۆشحاڵی و شادبوونی کەسەکە دێت، ئەگەرنا چەندین جۆری زەردەخەنە بوونی هەیە، لەوانە دەتوانرێت ئاماژە بە زەردەخەنەی ڕاستەقینە، زەردەخەنەی بیرکردنەوانە، زەردەخەنەی ترس، زەردەخەنەی قین و ڕقاوی، زەردەخەنەی بەزەییانە و زەردەخەنەی سەمکارانە بکرێت. دنیال میک نێل، نووسەری کتێبی (دەموچاو، مێژووییەکی سروشتی)، لە کتێبەکەیدا دەڵێت: (زەردەخەنە حاڵەتێکی ئاساییە و هەر لە دایکبوونەوە ئەو حاڵەتە لەناو مرۆڤدا گەشە دەکات. یەکەمین زەردەخنەی منداڵ، دوو تاوەکو دوانزە کاتژمێر پێش پەیبردنی منداڵ لەو زەردەخنە، ڕوو دەدات و بە ڕواڵەت ئەو زەردەخەنەیە بێ هۆکار و بێ واتا بەرچاو دەکەوێت. منداڵەکان بە سادەیی زەردەخەنەیەکی بچوک دەهێننە سەر دەموچاویان، بەڵام هەر بەهۆی ئەو زەردەخەنەیەوە دەبنە هۆکاری پەرەپێدانی خۆشەویستی و پەیوەستبوونی خێزانەکەیان.

## ڕواڵەت

کەسانی بینراو (بصری) بۆ پەیبردنی جیهان پشتیان بە هێزی بینایی و توانایی داهێنانییانەوە هەیە. کەسانی بصری، گرنگییەکی زۆر دەدەن، بە ڕواڵەت و شێوە. هەرچەندە هۆکاری زۆر هەیە کەسەکان بیانەوێت تایبەت دەرکەون، بەڵام کەسانی بصری، حەزێکی دیکەی بۆ تەرکیزکردنە سەر ڕواڵەتی خۆی هەیە.

کەسانی بصری بە ئاسانی دەتوانن لەسەر بنەمای ڕواڵەت هەڵبژاردن بکەن. ئەم جۆرە کەسانە بەگشتی بە بینینی ئەوەی کە مەبەستیانە، لێکیدەدەنەوە و بە وردی دەزانن بە شوێن چییەوەن. هەر بۆیە بەگشتی خێراتر لە خەڵکی دەکرن. ئەم بابەتە بە مانای سادەبینینی ئەو کەسانە نیە. ئەم کەسانە قازانج و زەرەری هەموو شتێک هەڵدەسەنگێنن، بەڵام خێراتر لە خەڵکی توانای لێکدانەوە و دیاریکردنی هەڵبژاردە پڕ سودەکەیان هەیە. بە مانایەکی دیکە سەیرکردنە بە چاوی عەقڵ.

## (د.ب.ج) (دیداری، بیستراوی، جوڵەیی)

(NLP) جوڵەیی، ئاماژە بە هەستەکانی ئێمە دەکات. ئێمە پێنج هەستمان هەیە جولاویی، بینین، بیستن، بۆن کردن و لەمس کردن) بە لەبەرچاوگرتنی هەستە جیاوازەکان و ئامادەبوون لەبەرامبەر ئەوانە، دەتوانین لێکدانەوەکانی پەیوەست بە ڕەوشەکانی جوڵەیی، خۆمان کۆنترۆڵ بکەین.

## تەقلید و گونجاندن

مرۆڤەکان بۆ دەرخستنی هەستەکان و دروستکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ خەڵکی، سود لە دەربڕین و وشەکان وەردەگرن. بە ئاگاداربوون

لەم بابەتە، کەسێک بۆ ناسینەوە و دەرخستنی ئەزموونەکانی، سود لە بینین، بیستن و جوڵەکانی وەردەگرێت. بۆ نمونە ئەگەر سیستەمی بینینی کەسێک زاڵبێت بەسەر سیستەمەکانی دیکەیدا، ئەوکاتە بەردەوام سود لە دەربڕینەکانی وەکو (دەبینم سەیارەکەت گۆڕیووە)، (بینیت چی وت؟) یان (باش بەرچاو دەکەوێت) وەردەگرێت و خۆ ئەگەر سیستەمی لایەنی بیستنی زاڵ بێت، ئەو کاتە سود لە دەبڕینی وەکو (بیستم سەیارەکەت گۆڕیووە)، (بیستت چی وت؟) یان (گوێم لێتە) وەردەگرێت.

## هەڵسەنگاندن، ڕووپێوی و پێشڕەوی

قۆناغی دواتر هاو واتایە بە دەستکاری عەقڵی کە پێشتر پێناسەمان کرد، کە بچوکترین قۆناغە لە نێوان ئەم قۆناغانەدا، هەڵسەنگاندن و ئامادەکاری بۆ ئاینده، پێش ڕوودانی بەشێوەی سیناریۆی جۆراوجۆر، یارمەتی کۆنترۆڵکەرە لێهاتووەکان دەدات کە قوربانییەکەیان بە ئاراستەی دەروونناسانە و بەرنامە بۆ دارێژراوانە بەرەو ئاینده ببەن و هەڵسوکەوت و کاردانەوەیان لە ئێستادا کۆنترۆڵ بکەن.

گرنگترین بەشی جێبەجێکردنی سیناریۆییەک بە ڕێگای دەروونناسانە بۆ بەرەو پێشبردنی ئاییندەیەکی باشتر، کورت دەکرێتەوە لەکاتی (ئێستا)دا. بۆ نمونە کاتێک کە کەسێکی هیپنۆتیزمکەر بیەوێت هەستی بەخشندەیی و دەست و دڵکراوەیی بۆ قوربانییەکەی پاش بە دەستهێنانی پارە دروست بکات، ئەو سیناریۆیەی کە دەبێت بیڵێت بە قوربانییەکەی ئەوەیە کە بڵێت ساتی وەرگرتنی موچە دواترت بیهێنەرە بەرچاوت. هیپنۆتیزمکەر دەبێت ئەو دڵنیاییە بەدەست بهێنێت کە قوربانی لەم وێناسازییەدا دەبێت سود لە هەر پێنج هەستەوەرەکەی وەرگرێت تاوەکو ئەوەی کە خوازیارییەتی ببینێت، ببیستێت، لەمسی بکات و ....

واقعیبینانە دروستی دەکات.

ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە وێناسازی هەستی خۆی سیناریۆی ئەم پرسە ڕێگا دەدات تاوەکو مێشک بە لوتفی لە ئێستادا ببینێت. کاتێک کە هیپنۆتیزمکەر ئایندی (کرداری)، خۆی خستە ناو ئەگەری ئایندەوە، دەستی بە قوربانییەکەی بەشێوەیەکی گشتی و پاشان چاوەڕوانی بەدواداچوون و کاردانەوە پشنیارییەکانی خۆی دەکات و وەڵامەکانی پەیوەست بەو پێشنیارانە دەکات.

بۆ نمونە لەوانەیە هیپنۆتیزمکەر پێشنیارێکی لەم شێوەیە بخاتەڕوو: (بیهێنەرە بەرچاوت کەسێکی زۆر بەخشندەیت و موچەکەی خۆت دەدەیت بەو کەسانەی بەڕاستی پێویستیانە و کەم دەستن، چونکە ئەوانە کەسانێکی باشن). پاشان هیپنۆتیزمکەرەکە بە بینینی نیشانە جەستەییەکانی قوربانی بۆ سیناریۆ داڕێژراوەکانی بۆ ئایندە، دڵنیایی بەدەست دەهێنێت لە پابەندبوونی سروشتیانە و گونجاندنی کەسەکە لەگەڵ خواستە خراوەڕووەکانی.

## تەقلید و گونجاندن

### شێوەی هەناسەدان

خەڵکی بەگشتی، لەکاتی قسەکردن هەناسە دەدەنەوە. سسەیری ئەو کەسانە بکە کاتێک قسە دەکەن، هەوڵبدە کاتی هەناسە هەڵمژین و هەناسەدانەوەی خۆت لەگەڵ ئەوکەسانەدا بگونجێنە. کاتێک قسە دەکەیت و وشەکان دەهێنێتە سەر زمان هەوا لە سنگت دەردەکەیت و هاوکات لەگەڵ کەسی بەرامبەر دووبارە هەناسەت هەڵمژیووە. تۆ دەتوانیت بە سەیرکردنی بەشی سەرەوەی شانەکانی کەسەکە، شێوەی هەناسەدانی دیاری بکەیت. بەرزبوونەوەی شانەکانی نیشانەی هەناسە هەڵمژینییەتی و نزمبوونەوەی شانەکانی نیشانەی هەناسە دانەوەیەتی.

### حاڵەت و شێوەی وەستان

زۆرێک لە خەڵکی بە گۆڕینی حاڵەت و جوڵەیان، شێوەی تێڕوانینی خۆیان دەخەنەڕوو. هەوڵبدە هەموو جوڵەیەکیان بە شێوەیەکی جیاواز و بە سەرنجەوە بخیتە ژێر چاودێرییەوە، تاوەکو بتوانیت هاوسەنگی ڕاگریت لە نێوان جوڵە و هەستەکانیاندا. سەیرکە بزانە کەسی بەرامبەر بە جوڵەی دەستەکانی پەیوەندی دروست دەکات؟ یان بە جوڵە و ڕاوەشاندنی سەر؟ بزانە جوڵەی دەستەکانی بەردەوام، لە حاڵەتی بەرگری یان ڕێگریدایە؟ بە ورياييەوە چاودێری جوڵەی ئەو کەسە بکە کە قسەی لەگەڵدا دەکەیت،

هەوڵبدە سەبارەت بەو کاردانەوە پیشان بدەیت، پێش دەستپێکردن، ئەوەندە بەسە کە چەند چرکەیەک ئارام بگریت، پاشان کاتێک سەری داخست بەرەو لای ڕاست ئامادەبە.

**ئاراستەکردنی جەستەیی**

شێوەی پەیوەندی، دەرخەری هەستەکان و پەیبردنی کەسەکانە. کاتێک دەست بە تەقلیدی حاڵەتی شێوە و جەستەی کەسێک دەکەیت، زانیاری زیاتر سەبارەت بەو کەسە بەدەست دەهێنیت و ئاسانتر دەتوانیت پەی بە بیرکردنەوەکانی ببەیت. بزانە کەسی بەرامبەر وەستاوە، دانیشتتووە، ڕاکشاوە یان بەرەو پێشەوە چەماوەتەوە؟ ئایا دەستەکانی کردووە بەناو یەکدا و قاچی خستووەتە سەر قاچ؟ ئایا شێوەی وەستانەکەی بە چ ئاراستەیەکدا خویی گرتووە و حەزی لێیە چۆن زۆرجار دووبارەی بکاتەوە؟ ئایا پێیەکانی بە ڕێکی داناوە یان بە پێچەوانە؟ ئایا شتێکی وەکو قاوە یان قەڵەمی بەدەستەوەیە؟ کاتێک لەسەر مێزێک قاچت خستووەتە سەر قاچ و دەستت بەرەو قاپێک یان لیوانێک بردووە، ٤ بۆ ٥ چرکە بووەستە و پاشان هەوڵبدە تەقلیدی هەموو جوڵەکانی ئەو کەسە بکەیتەوە.

**ووزە- ئینرجی (Energie)**

جەستە مانایە، ئەو کەسەی بەرامبەرەکەی خستووەتە ژێر چاودێرییەوە، دەبێت بەتەواوی سەرنجی بخاتە سەر و زۆر هۆشیارانە هەموو پرسە شەخسییەکانی خۆی نادیدە بگرێت.

## زمانی قسە یان زارەکی

پەیوەندی زارەکی چ بەشێوەی گوفتاری و چ بە شێوەی نووسین شایەنی دروستکردنی پەیوەندییە. کارلێکی زارەکی بەگشتی زیاتر لەسەر قسەکردن بەندە، لەکاتێکدا کە کارلێک و تعاملی زمانی ناوەکی یان نازارەکی لەسەر بنەمای ڕێگای دیکە وەکو زمانی جەستە، جوڵەی کەسەکە و بێدەنگییەکانی بەندە.

## بەرزی دەنگ، تۆنی دەنگ و خێرایی قسە

تۆن، ئاواز، لێدان، هەنگاو و لایەنی دیکە، هەموویان ڕەگەزی گرنگن لە کارلێک کردن لەگەڵ کەسانی دیکە. یەکێک لە باشترین ڕێگاکان بۆ دروستکردنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ کەسێکدا، هەوڵدانە بۆ هاوشێوە کردنی دەنگت لەگەڵ ئەو کەسەدا. هەوڵبدە تاوەکو ڕادەیەک قسەکانت هاوشێوەی قسەکانی بەرامبەر بکەیت، بەڵام هەوڵبدە ئەوەندە نەچیتە پێشەوە لە چاولێکەرییەکەدا کە کەسی بەرامبەر بزانێت تۆ تەقلیدی دەکەیت. ئەگەر کەسێکی دەنگێکی نەرم و ئارامی هەیە، ئەو قسەیەی کە دەیکەیت لەگەڵیدا دەبێت بەو شێوەیە نەرم و لەسەرخۆ بێت. ئەگەر کەسێک بە خێرایی قسە بکات، هەوڵبدە ڕادەی قسەکردن خێرا بکە تاوەکو ئەو ڕادەیەی کە وشەکان بەسەریەکدا نەشکێنیت. ئەگەر کەسەکە بە تۆنی بەرز قسە دەکات، تۆش تاوەکو ئەو شوێنەی کە نەبێتە هۆی ئازاردانی دەوروبەرەکەت دەنگت بەرز بکەرەوە، بە تێگەیشتن بە فێربوونەکانی زمانی دەماریی، خۆگونجاندنی قسەی بەرامبەر بە تەقلید ڕاستەوخۆ لەگەڵیدا لە سەرەتای قسەکردنەکانیدا ئاسانترە.

## پارچەسازی زمان (Chunking)

ئەمە زاراوەیەکە یان شێوازێکە بۆ پرۆسێس کردن یان کۆکردنەوەی (پارچە) بچوکەکانی زانیارییە بچوکەکان و گۆڕینیان و لکاندنیانە بۆ(بەشێک) یان بۆ چەند بەشێکی سەرەکی. بە کۆکردنەوەی ئەم پارچانەوە و هەڵگرتنیان بۆ چەند بەشێکی سەربەخۆ، دەتوانیت ڕێژەی ئەو زانیارییەی کە بیرت بکەوێتەوە یان لەبیرت بێت پەرە پێ بدەیت و فروانی بکەیت.

# فلتەرەکانی زمان

## گشتاندن

هەندێکجار تۆ هۆشیاریت هەیە لەبارەی هەندێک لە پرسەکانەوە و سەبارەت بەوانەش تێبینییەکانت بە دەوروبەرەکەت ڕادەگەیەنیت، بەڵام قسەکانت دەم بە دەم دەگوازرێنەوە و توشی گۆڕانکاری بنەڕەتی دەبەن. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە خەڵکی بەگشتی ئەو ئەزمونەی کە تۆ هەتە بۆ گەیشتن بەو دەرئەنجامە و ئەو واتایەی کە دەرتبڕیووە ئەوان بێ ئاگان لێی، هەر بۆیە دەستوەسان دەبن لەبەرامبەر مانای وردی ئەو دەربڕینە و مەبەستەی کە هەتبووە و هەر گۆڕانکارییەکیش لە گێڕانەوەیدا بکەن بەلایانەوە گرنگ نیە. ئەوان لەبری ئەوەی کە کات دابنێن بۆ ئەوەی کە بیستویانە تاوەکو بیری لێ بکەنەوە، تەنها ئەو شتە باس دەکەن کە لەناو مێشکیاندا ماوەتەوە و وردەکارییەکانی دیکەی واز لێ دەهێنن. هەر بۆیە قسەیەک دەکەن کە نە پسپۆڕن تێیدا و نە دەتوانن پەی بە ئاڵۆزییەکەی بەرن. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیە (هەوڵبدە پشت بە واقعییەتەکانی خۆت ببەستیت و لەو گشتاندن و بۆچوونە گشتیانەی کە دەیانبیستیت خۆت بەدوور بگرە، چونکە ئەوانە لە ناوەڕۆکدا، گریمانەیەکی هەڵهێنجێنراوی بیرکردنەوەیەکی نالۆژیکین).

## سڕینەوە

هەر بانگەشەیەک بۆ پەیبردنی پێویستی بە بوونی کۆمەڵە گریمانەیەک هەبێت، دەتوانرێت بە هەڵە لێکبدرێتەوە و لە مێشکتدا

بیسرەرەوە. سڕینەوەکانی مێشکی سادە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بۆ ڕێگە گرتن یان نەهێشتنی زانیاری بێ سودە بە هۆی بەرنامەی پرۆگرامسازیی زمانییانەی دەمارییەوە ئەنجام دەدرێت. ڕێک وەکو بابەتێکی درێژ کە دەتوانرێت ناوەڕۆکەکەی و ماناکەی تەنها لە چەند دەربڕینێکی کەم دا کورت بکرێتەوە.

## لادان یان شێواندن

شێواندن و لادان لە (NLP)یش یەکێکی دیکەیە لە ڕەوشە مۆدێلە سێگانەکانی (گشتاندن، سڕینەوە و لادان یان شێواندن)ە. شێواندن کاتێک ڕوو دەدات کە بابەتی وتراو لەلایەن ئێمەوە لەگەڵ ئەو زانیاری سەرەکییە تۆمارکراوەی مێشکمان دژبەیەک بن.

# تەکنیکە کاریگەرەکان لە (NLP)

## دەربڕینە گرنگەکان (ووشە کلیلییەکان)

بیهێنەرە بەرچاوت کە هێزی کاریگەریت لەسەر بەشی ناخودئاگای کەسێک هەبێت، وادابنێ کە بۆ ئەنجامدانی کارێکی لەم شێوەیە تەنها ئەوەندە بەس بێت کە سود لە چەند وشەیەکی سەرەکی و گرنگ وەرگریت کە ناخودئاگای ئەو کەسە ناچار بکەیت بە خستنەڕووی (کاردانەوە). وادابنێ کە توانایت لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا چ بە شێوەی گوفتاری و چ بە شێوەی نووسین هەبێت.

هۆکاری ئەوەی کە ئەم بابەتەم لەگەڵ تۆدا باس کرد ئەوەیە کە دەبێت بزانیت، هەمووومان بە درێژایی ژیانمان و لە ژێر هەلومەرجێکی تایبەتی بە ئارامی دەکەوینە ژێر کاریگەری هێزی هیپنۆتیزمکەرەکانی ئەم وشانەوە و ئەوانەمان قبوڵ کردووە. ئەم ڕەوشانە لە سەردەمی منداڵی و تەنانەت پێش ئەوەی کە دەست بە قسەکردنیش بکەین ڕوویانداوە. ئەڵبەتە تۆ تاوانبار ناکرێیت بەهۆی کەوتنە ژێر کاریگەری ئەم وشانەوە، چونکە ئەم دەربڕینانە بەگشتی زۆر ورد و ڕوون خراونەتەڕوو و هیچ ڕەتبوونەوەیەکی کاریگەری خراپیان لەناودا نابینرێت، بەڵام لە کاتی سودوەرگرتنی هۆشیارانە و تەنانەت بە ئەنقەستیش، ئەم وشانە لە توانایاندا هەیە ڕێژەی کاریگەری قبوڵکراوی بیسەر تاوەکو ڕادەیەکی زۆر پەرە پێ بدەن.

### هێزی وشەکان

ئێمە بوونەوەرێکین کە توانای گواستنەوە و دروستکردنی بیرۆکە و بیرکردنەوەی سۆزداریمان بۆ دەوروبەرەکەمان هەیە. مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، هەر بۆیە رێز دەگرێت لە بیرکردنەوە و کرداری ئەو کەسانەی کە لە دەوروبەریدان و بەشوێن ئەوەوەیە کە تێڕوانین و شێوەی ئەو کەسانە بەرەو لای خۆی ڕاکێشێت. هەمووومان لە هەوڵی ئەوەداین تاوەکو مێشکی خەڵکانی دیکە دەستکاری بکەین و ئەو وشە و قسانەی کە بەلامانەوە گرنگن بیانگوازینەوە بۆیان. هەرچەندە هەر پەیوەندییەک لەوانەیە ئالودە بێت بە دەستکارییەکانی مێشکی و سوئیسفادە سۆزدارییەکان، بەڵام دیسانەوە قبوڵ کردنی جیاوازی لە نێوان پەیوەندییەکان بەناوی دۆستایەتی و پەیوەندییە ناچارییە سەپێنراوەکان لەلایەن کەسانی دیکەوە گرنگییەکی زۆریان هەیە، چونکە لە حاڵەتی یەکەم بە شێوەی بیکردنەوە و گەشەسەندنی فکری و لە حاڵەتی دووەم بەرەو شێوەیەکی وێرانکەر و هەڵگەڕانەوەی دەروونی دەڕوات. سەرەڕای هەوڵدانە بەردەوامەکانی مرۆڤ، هیچ سیستەمێک توانای دەرخستنی نیەتی پێشوەختەی نیە و ڕەوشەکانی پەیبردنی دەوروبەری مرۆڤ لە ئامانجەکانی دەوروبەر بۆ دروستکردنی پەیوەندی، بەردەوام وەکو ڕێگایەکی خلیسکاوی سەخت و پڕ لە گرفت و چاڵوچۆڵن.

### ڕەوشەکانی تەکنیکی وتنی (بەڵێ)

هەولبدە لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەت لەگەڵ کەسەکان، چەند پرسیارێکی سادە کە وەڵامەکەیان بەتەواوی بە (بەڵێ) کۆتاییان دێت بپرسە و لەگەڵ کەسی بەرامبەر بەشێوەی جەختکردنەوە وشەی بەڵێ

دووباره بکەرەوە. هەر جارێک دەبێت بەلایەنی کەمەوە سێ پرسیار بە وەڵامی (بەڵێ) بکەیت. بەدڵنیاییەوە نابێت لەم ڕەوشەدا زۆر زیادەڕەوی بکەیت، هەر بۆیە هەوڵبدە پرسیاری گشتی بکە یان پرسیارێک بکە کە پەیوەندی بە بابەتێکی تایبەتییەوە هەبێت (هەرچەندە لە توێژینەوەیەکدا ئەوە سەلمێنراوە کە وەرگرتنی ٨ وەڵامی بەڵێ، پێش کۆتایی هێنان بە پرسیارەکان، پێویستە). بە جوڵەی ئارامی سەرت و بە وتنی (بەڵێ، ڕاستە) لە کاتی قسەکردنەکانت ستایش و هانی بەرامبەرەکەت بدە. ئەگەر پرسیارێکت هەیە لەناویدا پێویستت بە وەرگرتنی بەڵێ هەیە و ناتوانیت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بیکەیت، دەتوانیت پرسیارەکە لەناو پرسیارە هاوشێوەکانی دیکە لەهەمان ئەو بوارەدا بشاریتەوە. یان پرسیارەکە لە ڕێگایەکی دیکەوە بە شێوەی شاراوەیی بیکە بۆ دەرخستنی ئەو وەڵامەی کە تۆ مەبەستە لەلایەن بەرامبەرەوە.

### حازر وەڵامی- پێشبینی نەکراو (Improvisation)

ئەم دەربڕینە ڕێکارێکە واتاکەی بە مانای هێزی قسەکردنە بەبێ ئامادەگی پێشوەخت، ڕێکارێکی ئەدەبییە بۆ دەرخستنی قسە لەسەر بنەمای بەڵگەی حەقیقی و سەلمێنراو. ئەم بابەتە بەو مانایەیە کە بۆ دەرخستنی بابەتێک، ئیدی پێویستت بە هێنانەوەی بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەو حەقیقەتە نیە، هەموولایەک ئەو بابەتەیان وەکو حەقیقەتێکی ئاشکرا قبوڵ کردووە. زۆرجار دەتوانرێت لەناو دەرخستنی ئەم بابەتە ڕوون و ئاشکرایانە، بابەتێکی دژ بەیەک و قبوڵ نەکراو، لەناو ڕەوشێکی ئەم بابەت و لایەنە حەقیقییانەدا بگونجێنرێت و بە لۆژیکی بخرێتەڕوو. ئەم ڕەوشە بەگشتی زیاتر لەبارەی گفتوگۆ فەلسەفییەکان و بەتایبەتی لەناو

دەرخستنە بابەتە لۆژیکییەکاندا وەکو ئامرازێکی بەلاغی سودی لێ وەردەگیرێت.

## فەرمانە جێگیرکراوەکان لە (NLP)

لەم قۆناغەدا، کەسی هیپنۆتیزمکەر باس و گێڕانەوەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ قوربانییەکەی دەخاتەڕوو. ئامانج لە خستنەڕووی ئەم گێڕانەوەیە یان ئەو چیرۆکە، شێواندنی تەرکیزی کەسەکە و هەژموونیەتی بەسەریدا. ئەم گێڕانەوەیە لەوانەیە کۆمەڵە بیرۆکەیەکی شاراوە بگرێتەوە کە بەشێوەیەکی دڵخواز لەناو چیرۆک و گێڕانەوەکاندا جێگیرکرابن و یان هەڵبدرێنە بەشی ناخودئاگای قوربانییەوە.

هیپنۆتیزمکەر بەگشتی سود لەم ڕەوشە وەردەگرێت بۆ سەپاندنی هەژموونی بەسەر ناخودئاگای کەسی قوربانی و بەدەستهێنانی پەیوەندییەکانی ئەو کەسە لە ڕابردوودا. ئەم پرۆسەیە بەگشتی سودی لێوەردەگیرێت بە مەبەستی بەدەستهێنانەوەی زانیاری لە ڕێگەی بەدەستهێنانی هۆشیارییەوە بۆ ئەزموونەکانی ڕابردوو. کاتێک هیپنۆتیزمکەر توانی بە هۆی چیرۆک و گێڕانەوەکانی و بیرۆکردنەوە شاراوەکانییەوە زاڵ بوو بەسەر ناخودئاگای قوربانیدا و هۆکارەکانی و ئەگەری کێشەکانی لە بیرەوەری و ئەزموونەکانی ڕابردووی قوربانییەکەی بەدەستهێنا، ئەو کاتە ئەو کەسە دەتوانێت بە سود وەرگرتن لەو زانیارییانە کار لەسەر گۆڕان و بارودۆخی ئێستای قوربانییەکە بکات.

## مەزندەکردنەکان (Assumption)

بە وردی مەبەست لە مەزندە یان تەخمین چییە؟ ئەوە دەزانین کە تیۆرەکان، بیرۆکەیەکی ئەبستراکتین و بۆ دەرخستنی تیۆرەکانیش

پێویستمان بە گریمانەی پێشوەخت یان مەزندە هەیە. تۆ و ئەوانەشی کە دەیانناسیت ڕۆژانە لە مێشکیاندا سود لە گریمانەی پێشوەخت و مەزەندە کردن وەردەگرن. بابەتێک دەخەیتەڕوو، لە باسێکدا بەشداری دەکەیت یان لەبارەی بابەتێکەوە بۆچونی خۆت دەخەیتەڕوو. لەڕاستیدا متمانەی هەر کەسێک پەیوەستە بەو وشانەوە کە دەریان دەبڕێت و سودیان لێ وەردەگرێت. بەگشتی لە هەموو ئەو دەربڕینانەی کە تۆ دەیانهێنیتە سەر زمان یەک یان چەند پێش گریمانە و مەزندەیەک شاردراوەتەوە. باشترین ڕێگە بۆ تێگەیشتن لەم واتایە سودوەرگرتنە لە نمونەیەکی سادە. بیر لە دەرخستنی بابەتێکی ئاسایی و سادە بکەرەوە. بۆ نمونە کاتێک دەڵێیت: (منداڵەکان لە دوای سەیارەکەوە دانیشتوون) پێشوەخت مەزندە و پێش گریمانەی تایبەتی لەناو مێشکتدا سەبارەت بەم بابەتە دروست دەبێت. یەکەمین مەزندە و پێش گریمانەت بوونی سەیارەکەیە، دووم بوونی دوو کوشن لەناو سەیارەکەدا و گریمانەی منداڵێکی زیادەیە لەناو سەیارەکەدا، هەموو ئەو بابەتانە، پێش گریمانە و مەزندەی بابەتی ناو مێشکی تۆن، پێش دەرخستنی ئەو ڕستە سادە ئاساییەی کە وتت.

# تەکنیکەکانی جێگیرکردن
# یان لەنگەرگرتن لە (NLP)دا

## جۆرەکان

تەکنیکی جێگیر یان لەنگەر لە (NLP) یەکێکە لە یەکەمین ئەو واتا و تێگەیشتنانەی کە لە (NLP)دا ئاماژەی پێ دەکرێت. ئەم تەکنیکە یەکێکە لە سەرەکیترین تەکنیکە گۆڕاوەکانی کەسێک لە (NLP)دا. لەم تەکنیکەدا، پەلە پیتکە یان بزوێنەرێک بۆ کەسێکی دروست دەکرێت کە کاردانەوەیەکی تایبەتی لێ دەکەوێتەوە و دەتوانێت هەر یەکە لە پێنج هەستە وەرەکان بەکار بهێنرێن. ئایا تاوەکو ئێستا ئەوەت بۆ هاتووەتە پێشەوە لەناو سەیارەدا دانیشتبیت و خەریکی گوێ گرتن بووبیت لە گۆرانییەکی کۆن کە ماوەیەکی زۆر گوێت بۆ نەگرتبێت، بەڵام لەو کاتەدا هەست دەکەیت ئەو گۆرانییە بەرەو ئەو سەردەمە دەتگەڕێنێتەوە؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە کاتێک بۆ یەکەمجار گوێت لەو گۆرانییە بووە لەو کاتەدا لە حاڵەتی ئەزموونکردنی هەستێکی تایبەتیدا بوویت و ئەو گۆرانییە لەناو بەشی ناخودئاگاتدا پەیوەست بووە بەو هەستە تایبەتەوە. لەم پرۆسەیەدا، ئەو گۆرانییە بە لەنگەری ئەو هەستە تایبەتەوە بەستراوە. هەر بۆیە، ئێستا هەر کاتێک گوێ لەو گۆرانیە دەگریتەوە،

دەبنە هۆی دروستبوونی جولەیەکی تایبەتی و هاوشێوەی جاری یەکەم، لەناو مێشکتدا.

### دیزاینکردن

زۆربەی هیپنۆتیزمکەرەکان باوەڕیان وایە کە لەنگەرەکان و جێگیرەکان لایەنێکی زۆر گونجاون بۆ یارمەتیدانیان بۆ هیپنۆتیزم بوونی مەراجیعەکانیان یان نەخۆشەکانیان. بۆ نمونە، کاتێک بیر لەوە دەکەیتەوە کە لە ڕابردوودا بەهۆی ئەنجامدانی کارێکی باشەوە سزا دراویت، هیپنۆتیزمکەر دەتوانێت بچێتە ناو بەشێکی تایبەتی پەیوەیست بەو بیرەوەرییەتەوە لەناو یادگەتدا و یارمەتیت بدات کە ئەو هەستە ناخۆشە بەجێماوە بگۆڕێت بۆ هەستێکی دیکەی خۆش و بەسود. هەر لەو کاتەدا کە تۆ خەریکی دارشتنەوە و باشکردنەوەی هەستەکەتیت، هیپنۆتیزمکەرەکە ناچارت دەکات کە لەنگەرێکی تازە بەرەو ئەو هەستە دروست بکەیت، بۆ نمونە لە کاتی گۆڕانکاری هەستەکانت، ناچارت دەکات بەچەقەنە لێدان.

### بەڕێخستن - دەستپێکردن (Initiation)

ئێستا هەر کاتێک چەقەنە لێ بدەیت، هەستێکی باشت بۆ دروست دەبێت، چونکە ئەم کارە بە هەست و یادەوەرییەکی باشەوە جێگیربووە و لەنگەری گرتووە. تەکنیکی لەنگەر دەتوانێت ببێتە هاندەر لە دروستکردن و پەیبردنی دووبارە بۆ هەستێکی باش. ئەم تەکنیکە بەگشتی سودی لێوەردەگیرێت بۆ هاوکاریکردنی ئەوانەی کێشەی ڕێکخستنی ڕژێمی خۆراکی و دابەزاندنی کێشیان هەیە. لەم بوارەدا، هیپنۆتیزمکەرەکە هەولدەدات تاوەکو سەرنج و تەرکیزی مێشکی مەراجعەکە یان نەخۆشەکە

به وێنایەکی مێشکی باش و ئیجابییەوە گرێ بدات بەخۆیەوە. بۆ نمونە وێنایەکی جوانی بۆ دروست دەکات کاتێک خۆی لاواز کردووە و خۆی دابەزاندووە. ئێستا هەرکاتێک کە ئەو کەسە بیر لەو وێنا مێشکییەی خۆی دەکاتەوە، ئەو کاتە هەستێکی باشی بۆ دروست دەبێت، تاوەکو بتوانێت زیاتر باوەڕی بەخۆی هەبێت و باشتر کار لەسەر دابەزاندنی کێشەکەی بکات.

حەزکردن بۆ دابەزاندنی کێش لەناو ئەو کەسانەی کە لە ڕێگەی هیپنۆتیزمەوە ئەو حەزەیان بۆ دروسکراوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئەم کارەیان ئەنجام نەداوە، بە شێوەیەکی بەرچاو زیاترە. ڕەوشەکانی جێگیرکردن و لەنگەرخستن لە بوارە جیاوازەکانی دیکە، دەتوانرێت سودی لێ وەربگیرێت بۆ پێشکەوتن و باشترکردنی ژیانی کەسەکان.

## چەند سەرنجێکی گرنگ

ئەوەی کە گرنگ و پێویستە ئەوەیە تۆ دەبێت باوەڕبەخۆبوونێکی تەواوت هەبێت بۆ لەنگەردانان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هەستێکی باشت لەگەڵیاندا هەیە و یان حەز دەکەیت پەیوەندیت هەبێت لەگەڵیاندا. کاتێک ئەم هەستانە گەیشتە لوتکەی خۆیان، دەبێت لەنگەرەکەت بخەیت تاوەکو ئەو هەلومەرجە هەستیەی کە دەتەوێت پێوەی ببەسترێتیەوە بە سودوەرگرتن لەو لەنگەرە بیری بهێنیتەوە. بۆ نمونە وەرە با سەیری جێگیرکردن یان لەنگەردانانی هەلومەرجێکی سۆزداری و ڕۆمانسی بکەین.

بۆ نمونە بیر لەو ساتە بکەرەوە کە لەکاتی قسەکردن لەگەڵ کەسێک یان سەیرکردنیدا هەستت بە خورپەی دڵت کردووە. ئیدی ئێستا هەستە

دەروونییەکەت بۆ دروستبووە و لەوە بەدوا تەنانەت بە بیرکردنەوە لەو ساتەش یان بیرکردنەوە لە دەموچاوی ئەو کەسە لەکاتی قسەکردن لەگەڵ مێشکی خۆت دەتوانیت دووبارە هەست بەو حاڵەتەی دڵت بکەیتەوە. بەڵام تۆ دەتوانیت بە سودوەرگرتنی هۆشیارانە خێرایی ببەخشیت بە میکانیزمەکانی جێگیرکردن یان لەنگەرخستنی ئەو پرۆسە هەستییە.

# وەرزی حەوتەم

# هێزی ڤایلکردن یان فەنامەتێپێکردن

## قایلکردن چییە؟

کاتێک کە قسە دێتە سەر قایل کردن، مێشکی زۆرێک لە خەڵک بەرەو ئەو ڕیکلام و بانگەشانە دەڕوات کە خەڵکی هان دەدەن بۆ کڕینی بابەتێک یان کاڵایەک. هەندێکی دیکەش واتای ئەم دەستەواژەیە وەکو ئاماژەیەک بۆ پرسێکی سیاسی دەبینن کە کاندیدەکان هەوڵدەدەن لە هەڵبژاردنەکاندا سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆیان ڕاکێشن بۆ ئەوەی دەنگیان پێ بدەن. ئەم دوو نمونە هەردووکیان دوو نمونەی قایل کردنن، چونکە هەر دووکیان لە هەوڵداندان بۆ گۆڕینی شێوەی تێڕوانین و بیکردنەوەی کەسی قوربانی یان سوژە.

شوێن پێی قایل کردن دەتوانرێت لە بەشە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەی کەسەکان ببینرێن و خودی ئەم پرسەش لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە، بابەتێکی گرنگ و شایەنی سەرنج و گرنگی پێدانە. کرداری قایل کردن هەمیشە کاریگەرە بە ڕیکلام، سۆشیال میدیا و ڕێسا یاساییەکان. زۆرێک لە خەڵک بە هەڵە خۆیان بە پارێزراو دەزانن لە کاریگەری قایل کردن. وا بیر دەکەنەوە هەمیشە ئاگاداری تەڵەکانی قایل کردنن، چ ئەو تەڵانەی لە ڕێگەی فرۆشتنی بەرهەمەکانەوە بێت و چ لە خستنەڕوو و زاڵبوونی بیرۆکە نوێیەکان، پاشان وا بیر دەکەنەوە دەتوانن بە زیرەکی و لێهاتویی خۆیان سیناریۆکانی پشت ئەو قایلکردنانە کەشف بکەن و ئامانج و دەرئەنجامی کۆتایی ئەو قایلکردنانە بخەنەڕوو یان ئاشکرای بکەن.

ئەم پرسە لەوانەیە تاوەکو ڕادەیەک ڕاست بێت و بتوانرێت ئەنجام بدرێت، ئەمەش تاوەکو ئەو کاتەی کە مەسەلەی لۆژیک لە ئارادا بێت، چونکە هیچکەس تەنها بە بینین یان بیستن باوەڕ بەو شتە ناکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سنوری ئەوەی زۆربەی خەڵکی دەتوانن وەکو تەڵەکانی قایل کردن ئاگاداری ببن و خۆیان لێ لابدەن، پەیوەست دەبێت بەو ڕیکلامە تەلەفزیۆنانەی کە خەڵکی هان دەدەن بۆ کڕینی کاڵا و شمەکێکی تایبەتی، بەڵام بێ کواڵیتی و خراپ.

## شەش بنەمای قایل کردن
## لە نووسینی دکتۆر ڕۆبێرت سیالدینی (Robert Cialdini)

ڕۆبێرت سیالدینی لە کتێبەکەی بەناوی (کاریگەری)، شەش بنەمای خستووەتەڕوو کە بە هۆی ئەو شەش بنەمایەوە کەسی قایلکەر دەتوانێت زۆرترین سود لە قوربانییەکان یان سوژەکانی وەرگرێت. هەروەها لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بە هونەری قایلکردنیش کردووە. شەش بنەماکەی پێکهاتوون لە کرداری بەرامبەر (کاردانەوە)، پابەندبوون و سەقامگیری کۆمەڵایەتی، لێهاتوویی و دەسەڵات، پەیوەندی و دەگمەنییە. ئێستا باسی هەریەکە لەو شەش بنەمایە دەکەین.

### 1 - کرداری بەرامبەر یان کاردانەوە (Counteraction)

یەکەمین بنەمایە کە قایلکەر دەتوانێت سودی لێوەرگرێت. ئەم بنەمایە ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەگەر کەسێک، کە دەکرێت قایلکەری جێگەی سەرنجی ئێمە بێت، لەگەڵ کەسێکی دیکە، یان هەمان قوربانی

یان سوژە، چاکەیەک بکات، کەسی قوربانی هەوڵدەدات ئەم چاکەیە بداتەوە. ئەمەش بەو مانایەیە کە کەسی قوربانی خۆی بە بەرپرس دەزانێت لە بەرامبەر هەر چاکەیەک کە لەگەڵیدا کراوە، هەر بۆیە حەز دەکات وەڵامی ئەو چاکەیە بداتەوە و وەکو بەرامبەرەکەی هەڵسوکەوت بکات. هەرچەندە پێدەچێت ئەو چاکەیە کە هەردوولا لەبەرامبەر یەک دەیکەن یەکسان نەبێت، بەڵام بەهایەکی یەکسانیان هەیە، هەر بۆیە ئەرکی هەر دوولا لەبەرامبەر یەکتریش یەکسان دەردەکەوێت. ئەم پرسە لە بنەڕەتدا ڕووبەڕووبوونەوەی هاوشێوەییە و گەڕانەوەی چاکەیەکە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی ئەرکێک لەناو کەسی قوربانی یان سوژە و ئامادەکاری دەکات بۆ پێشەکییەک بۆ سوئیسفادە کردن بۆ کەسی قایلکەر.

بنەمای ڕووبەڕووبوونەوەکە، بنەمایەکی زۆر بەهێزە چونکە قایلکەر بەو گەیشتنە هەستییە ئەرکێکی خستووەتە سەر کۆڵی کەسی قوربانی و بە ئاسانی دەتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت. کەسی قوربانیش قبوڵی دەکات کە هەر کارێک کە کەسی قایلکەر دەیەوێت بۆی ئەنجام بدات، چونکە ئەوی لە سەرەوەی خۆی بینیووە و لەگەڵیدا هەست بە قەرزاری دەکات. یەکێکی دیکە لە دەستکەوتەکانی ئەم بنەمایە، ئەوەیە کە لە پێگە کۆمەڵایەتییەکان، زۆر کاریگەرانە کاری کردووە و قایلکەر پێویستی نیە لەم بوارەدا نیگەران بێت کە ئایا قوربانی لێهاتوویی تەواوی هەیە بۆ قەرەبووی ئەو چاکەیە یان نیەتی؟، ئەڵبەتە هەمیشە هۆکاری دیکەش بۆ گەیشتن بە مەبەست هەیە، چونکە کۆمەڵگە بەگشتی بۆ ئەو کەسانەی کە وەڵامی چاکە نادەنەوە و خۆیان لێ بێ ئاگا دەکەن، تێڕوانینێکی باشیان نیە، هەر ئەم هۆکارەشە کە دەتوانرێت وەکو لایەنێکی فشار سودی لێوەربگیرێت.

## 2 - پابەندبوون و سەقامگیری

بنەمای دووەم، پابەندبوون و سەقامگیری یان دامەزراوییە. ئەگەر قایلکەر بیەوێت بۆچوون و تێڕوانینی کەسێک لەسەر بنەمای خواستەکانی خۆی بگۆڕێت، پێویستی بە بنەمای پابەندبوون و سەقامگیری هەیە. کاتێک کە قوربانی یان سوژە هەموو شتێک بە ڕێکوپێک و سەقامگیر دەبینێت، حەزێکی زۆرتری بۆ هاوکاری هەیە و ئامادەیە کە هەڵبژاردنێکی باشتری پێشنیارکراوی قایلکەر هەڵبژێرێت. ئەگەر بتەوێت هەوڵبدەیت قەناعەت بە دەوروبەرەکەت بکەیت، دەبێت ئاگاداربیت گۆڕانکاری لە قسەکانت و کردنی قسەی تازە. لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا بەبێ پابەندبوون بە قسەکانی پێشووتر بۆ کەسی بەرامبەر، بە خاڵێکی نەرێنی و ناخۆش بەرچاو دەکەوێت و دەبێتە هۆی شکستی پرۆسەی قایل کردنت. ئەگەر بەردەوام قسەکانت بگۆڕیت و لەسەر بەڵێن و پەیمانەکانی پێشووتری خۆت نەبیت، ئەو کاتە لەبەرچاوی بەرامبەرەکەت بە درۆزن بەرچاو دەکەویت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرامبەرەکەت متمانەی پێت نەمێنێت و ڕاستگۆییت لەدەست بدەیت و لە کۆتاییدا پرۆژەی قەناعەت پێکردنکەت و قایل کردنەکەت بە تەواویی کۆتایی دێت.

سەقامگیری یان دامەزراوەیی، یەکێکە لە خاڵە چارەنووسسازەکان لە پرۆسەی قەناعەت پێکردندا، چونکە لە دیدی کۆمەڵایەتییەوە، سەقامگیری و جێگیربوون کارێکی زۆر پەسەندکرا و باشە، زۆربەی خەڵکی حەز دەکەن هەموو ئەو شتانەی کە لە دەوەربورەیاندا هەمیشە بە هەمان شێوە کە هەبوون بمێننەوە و توشی گۆڕانکاری نەبن. هەرچەندە هەموو ڕۆژێک ژیان لەگەڵ ڕۆژی پێشووتری جیاوازە، بەڵام بیرکردنەوە لەو پرسەی کە زۆربەی شتە گرنگەکانی ژیان جێگیر و سەقامگیرن، دەبێتە هۆی ئارامی

بیرکردنەوەی کەسەکان. ئەم پرسە ئەوان وا لێ دەکات کە بە ئاسانی گرنگی بدەن بە رووداوە جیاوازەکان و گۆڕانکارییەکانی دیکەی ژیان، تاوەکو پێشبینیان بۆ بکەن و بڕیاری گونجاو لەبەرامبەر ئەو گۆڕانکارییانەوە ئەنجام بدەن.

ئەگەر سەقامگیری و ئارامی لە ئارادا نەبێت، بەرنامەڕێژی زۆر قورس دەبێت. ئەگەر دەتەوێت قەناعەت بە کەسێک بکەیت، دەبێت دڵنیایی پێ ببەخشیت، کە قسەکانت ڕاستە و بە تێپەڕبوونی کات قسەکانت ناگۆڕێن و هیچ کەم و زیادێکیان نیە.

سەقامگیری بۆ زۆرێک لە خەڵک لە ژیانیاندا ئارامی و دامەزراوەیی دروست دەکات. تاوەکو ئێستا ئەوەت بۆ هاتووەتە پێش کە بۆ ڕۆژێک بەرنامە دابنێیت و ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو دروست بووبێت بۆت؟ ئەم ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوە کە لە دەرەوەی سەقامگیری ڕۆژانە و هەمیشەیی تۆدا بووە، لەوانەیە هەموو بەرنامەکانی تێکدابێت و تەنانەت کارەساتبار بووبێت بۆت. خەڵکی، سەقامگیرییان خۆشدەوێت، چونکە بە سەقامگیرییدا دەزانن کە دەبێت چاوەڕوانی چ شتێک بن و چ کارێک ئەنجام بدەن. چونکە کاتێک کە سەقامگیری هەبوو، دەزانیت دەبێت چ کاتێک خواردن بخۆیت، چ کاتێک بڕۆیتە سەر ئیش و بە وردی کاتی ڕوودانی هەر شتێک بەشێوەکی جێگیر ڕۆژانە دەزانیت کە لە چ کاتژمێرێکیشدا ڕوو دەدات بۆت.

### 3 - سەقامگیری (ئاشتی) کۆمەڵایەتی

قایل کردن و قەناعەت پێکردنی کەسەکان، بەشێکە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی، هەر بۆیە دەبێت پەیڕەوی لە یاساکانیشیان بکرێت، هەر کەسێک، لەژێر کاریگەری ئەو خەڵکانەدایە کە لە دەوروبەریدان، و لە بری

ئەنجامدانی کارەکانی خۆی، بەرەو ئەنجامدانی ئەو کارانە دەڕوات کە خەڵکی لە حاڵەتی ئەنجامدانیدان. خەڵکی بەشێوەیەکی ناخودئاگا کار و بیروباوەڕیان لەگەڵ دەوروبەرەکەیاندا گونجاندووە و شێوەی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەشیان هاوشێوەی ئەوانە. بۆ نمونە کاتێک کەسێک لە شارێکدا گەورە دەبێت، لەوانەیە لە گەورەییدا تایبەتمەندی ئەخلاقی ئەو کەسانە وەرگرێت کە لەو ناوچەیەدا دەژین، هەروەها ئەو کەسەشی لە بنەماڵەیەکی ئاینیدا گەورە دەبێت لەوانەیە بیروباوەڕ و بیرکردنەوەی ئاینی هاوشێوەی خێزانەکەی و دەوروبەرەکەی وەرگرتبێت و پێدەچێت کاتێکی زۆری ژیانی تەرخان بکات بۆ خودا پەرستی و یارمەتی خەڵکانی دیکە. خەڵک حەز دەکەن ئاگاداری ئەو کارانە بن کە دەورەبەرەکانیان ئەنجامیان دەدەن. لە دنیای ئەمڕۆدا، بە پێچەوانەی قسەکانی وەکو (من نامەوێت بکەومە شوێن خەڵکی و من جیاوازم لەگەڵ خەڵکی دیکە)، خەڵکی حەزیان لە چاولێکەری و تەقلیدە لە خەڵکی، ئەمەش بووە بە کەڵکەڵەیەکی فکری و بەهیچ شێوەیەک ناگۆڕێت.

بنەمای سەقامگیری کۆمەڵایەتی کاتێک زۆرترین سودی هەیە کە قوربانی سەبارەت بە ئەنجامدانی کارێک کە لە حاڵەتی ئەنجامدانیەتی دڵنیایی نەبێت و یان ئەو هەڵبژاردە جیاوازانەی کە لە هەلومەرجێکی تایبەتدا لە بەردەستیدان زۆر هاوشێوەی یەکتربن. لەم کاتەدا بەگشتی خەڵکی حەزیان لەوەیە ئەو کارە ئەنجام بدەن کە خەڵکانی دیکەش کاتێک دەکەونە ئەو هەلومەرجەوە ئەو کارە ئەنجام دەدەن. هۆکارەکەشی ئەو شێوە بیرکردنەوەیە کە ئەگەر کەسانی جیاواز، بابەتێکی هەڵبژێردراوی تایبەتیان هەڵبژارد، کەواتە دەبێت ئەو هەڵبژاردەیە ڕاست بێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە لەوانەیە لەو هەلومەرجەدا بە تایبەتی هەڵبژاردەی کەسێکی دیکە باشتر بێت، بەڵام لەو شوێنەی کە خەڵکی دیکە لە هەلومەرجێکی

هاوشێوە هەڵبژاردەیەکی دیکەیان هەڵبژاردووە، کەسەکە بە کەوتنە شوێنی ئەوان هەڵبژاردەیەکی دیکە هەڵدەبژێرێت.

## 4 - وابەستەبوون

ئەو کەسەی بە شوێن قەناعەت پێکردنی کەسانی دیکەوەیە، دەبێت هەوڵی زۆر بدات و هەلومەرجەکان فەراهەم بکات، تاوەکو بەرامبەرەکانی پێی ڕازی ببن. هۆکاری پشت ئەم بابەتەش زۆر سادەیە، چونکە کاتێک کە بەرامبەرەکەت وابەستەی تۆ بوو‌بێت، ئاسانتر و بە دڵنیاییەکی زیاترەوە (بەڵێ)ت بۆ دەکات. دوو هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەت وابەستە بێت پێتەوە. یەکەم سەرنجڕاکێشی جەستەیی و دووەمیان هاوشێوەییە. ئەگەر بەرامبەرەکەت چێژ وەرگرێت لە شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی جەستەییت و سەبارەت بە ڕواڵەت و ڕووبەڕوبووونەوە جەستەییەکانت هەستێکی باشی بۆ دروست ببێت، ئاسانتر پەیوەندیت لەگەڵدا دروست دەکات و دەئەنجام کارەکانت بۆ گەیشتن بە خواستەکانت ئاسانتر دەبێت. ئەم بابەتە سەلمێنراوە کە بنەماکانی سەرنجڕاکێشی دەبنە هۆکاری ناردنی پەیامی باش و وەرگرتنی کاردانەوەی باشتر. ئەم تایبەتمەندییە خوازراوە فیزیکی و جەستەییانە بەگشتی بەهۆی هۆکارەکانی ناردنی پەیامە باشەکان و تەرکیزکردنە سەر لایەنە باشەکانی دیکە وەکو ڕووبەڕووبوونەوەی زیرەکانە، دۆستانە و خستنەڕووی تواناییە تاکییەکان بۆ بەرامبەر دەبێت. هەموو ئەو تایبەتمەندییانەش دەست لەدەستی یەکتر دەدەن تاوەکو بەرامەبەرەکەت ڕابکێشیت و ببێتە هۆی دروستبوونی هەستێکی دۆستانە لە نێوانتاندا. ئەوە سەلمێنراوە کە لەم حاڵەتەدا نەک هەر بەرامبەرەکەت هەستێکی

ئارامتری زۆرتری بۆ دروست دەبێت و بە ئارامتر وەڵامی پرسیارەکانت دەداتەوە، بەڵکو خودی خۆشت حەزێکی زۆرترت بۆ وەڵامدانەوەی بەرامبەرەکەت دەبێت و ئەم هەستە باشەش دوو لایەنەیە.

ئەمە حاڵەتێکی سروشتییە و لەسەر ئەم بنەمایە کاتێک کە کەسێکت خۆشدەوێت، حەزێکی زۆرت بۆ دروست دەبێت بۆ پەیڕەوی کردن لە هەڵسوکەوتەکانی، هەر بۆیە بەرامبەرەکەت کاتێکی زۆر تەرخان دەکات بۆ بیرکردنەوەی ئەوەی کە ئایا ئەو بڕیارەی کە داویەتی ڕاستە یان بە پێچەوانەوە، و لەبەر پەیوەندییەکەی لەگەڵ تۆدا کار لەسەر بەدەستهێنانی ئەو هەڵبژاردانە دەکات کە هاوشێوە و حەزی تۆن و مەیلی لەگەڵ مەیلی تۆدا دەگونجێنێت.

## 5 - دەگمەنی

دەگمەنی یەکێکی دیکەیە لە شێوەکانی قەناعەت پێکردن کە زۆرجار بە کەم سەیر دەکرێت، بەڵام تاڕادەیەک زۆرترین کاریگەری لەسەر خەڵک دەبێت. کاتێک ژمارەیەکی سنوردار لە کاڵایەک لەبەردەستدا بێت، بێ گومان نرخەکەشی زیاترە و تایبەتی تریشە. سیالدینی دەڵێت: (خەڵکی زیاتر ئەو شتانەیان خۆشدەوێت کە نیانە و دەیانەوێت بەدەستی بهێنن) ئەم دەربرینە پێدەچێت وەکو باسی ئەو منداڵە بێت کە کاتێک شیرینی و شکولاتەیان لێ قەدەغە کردووە، حەز و هەڵمەتدانێکی زۆرتری بۆ لای پاکەتە شیرینییەکان دەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمەش گەلاڵەی هەڵسوکەوتەی کەسە گەورەکانیش دەگرێتەوە.

ئەگەر بمانەوێت باس لە پرسی دەگمەنی بکەین، دەبێت ئاماژە بەو زەمینەیە بکەین کە لەبارەی ئەو دەستەواژەیەوە قسەی لەسەر دەکەین،

سود وەرگرتن لەسەر بنەمای دەگمەنی لە هەندێک بوار و هەلومەرجی تایبەتیدا زۆر بەسود و گرنگە. فرۆشیارە قەناعەتپێکەرەکان یان قایلکەرەکان دەتوانن زۆرترین سود لەم پرسە وەرگرن. ئەوان دەبێت هەرچییەکیان کردبێت مشتەرییەکان قەناعەت پێ بکەن ئەو بەرهەمەی کە ئەو دەیفرۆشێت زۆر دەگمەنە و هیچ بەرهەمێکی دیکە ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە. فرۆشیارەکە دەبێت ئەم کارە بە جوانی و بە وردی ئەنجام بدات. فرۆشیارەکە دەتوانێت هەنگاوێک زیاتر بڕواتە پێشەوە و لەبری ئەوەی ڕوونی بکاتەوە بۆ کڕیارەکەی کە چ سودێکی دەست دەکەوێت لە کڕینی ئەو بەرهەمە، باشتر وایە باسی ئەو زیانانە بکات لە حاڵەتی نەکڕینی ئەو بەرهەمەدا.

بۆ نمونە فرۆشیار دەتوانێت لە بری وتنی (بە کڕینی ئەم بەرهەمە هەر ئەمڕۆ، ٥ دۆلار قازانج دەکەیت) بڵێیت: (ئەگەر ئەمڕۆ ئەم بەرهەمە نەکڕیت، بەیانی دەبێت ٥ دۆلار زیادە بدەیت و گرانتر دەبێت!). ئەڵبەتە ئەم شێوەیە تەنها یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە بوونیان هەیە. گرنگی سەرەکی یاسای دەگمەنی لەوەدایە کە هەرچی بەرهەمێک بە دەگمەنتر بییخەیتەڕوو یان پیشانی بدەیت، حەزی گشتی خەڵک بۆ کڕینی ئەو بەرهەمە تایبەتە زیاتر دەبێت.

## 6 - هێز و توانایی

یەکێکی دیکە لەو ڕەوشانەی کە فرۆشیار دەتوانێت بەهۆیەوە باشتر قەناعەت بە کڕیارەکانی بکات، ناساندنی خۆیەتی وەکو پسپۆڕێک. خەڵکی ئاسانتر قسەی پسپۆڕێک وەردەگرن و قبوڵی دەکەن، هەر بۆیە دەبێت فرۆشیار بە پسپۆڕ لە کارەکەیدا خۆی پیشان بدات. خەڵکی حەزیان

لەوەیە کە گوێ لە کەسێک بگرن کە پسپۆڕ بێت لەکارەکەیدا، چونکە دڵنیایی زیاتر بەدەست دەهێنن، کەواتە ئەگەر فرۆشیار بتوانێت دوو سیفەتی شایەنی متمانەبوون و زانیاری زیاتر لە بوارێکدا بگەیەنێت بە بەرامبەرەکانی، زۆر خێراتر لە حاڵەتی ئاسایی دەچێتە ناو پرۆسەی فرۆشتنەوە.

# وەرزی هەشتەم

# سیفەتەکانی کەسایەتی کۆنترۆڵکەرەکان

## کەسانی خۆپەرست (نەرگسی Narcissist)

کەسانی خۆپەرست ئەو هەڵسوکەوتەی کە بنەمای سەرەکی کەسایەتییانە بە شێوەیەکی شاراوە و ژێر پەردانە دەریدەبڕن، هەر بۆیە هۆکاری دیاریکردنی کەسایەتی ئەوانە لەناو خەڵکی دیکەدا کارێکی قورس و دژوارە. کاتێک کەسێک بۆ یەکەمجار لەگەڵ کەسایەتییەکی خۆپەرست ڕووبەڕوو دەبێتەوە، لە یەکەم سەیرکردنیدا بە کەسێکی کۆمەڵایەتی دەبینرێت و توانیوییەتی زۆر بە باشی ژیانی کۆنترۆڵ بکات.

کەسی خۆپەرستیش لەسەرەتای ڕووبەڕبوونەوەیدا حەزی بەلای دەستکاری سۆزداریدا دەڕوات، هەر لەبەر ئەوەشە سەرەتا وێنایەکی جوانی لەناو کەسی بەرامبەردا دروستکردووە، چونکە هەرچی زیاتر خەڵکی بە سەرکەوتوو و پیاهەڵدان و ستایش سوپاسیان بکەن، زیاتر حەزیان بە نزیکبوونەوە و دۆستایەتی هەیە.

هەر بۆیە بەتەواوی ئەگەری ئەوەی هەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی یەکەمدا نەتوانیت تێ بگەیت لە تایبەتمەندی خۆپەرستی و ئەنانییەتی ئەم کەسایەتییانە. وێنایەکی هەڵە سەبارەت بە کەسانی خۆپەرست بوونی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە تەنها کەسێکن کە کەمێک زیاد لە ڕادەی سروشتی پشتیان بەخۆیانە، بەڵام چوارچێوەی دەروونناسی، هەرگیز پشتڕاستی ئەم جۆرە پێناسەیە ناکاتەوە. ئێستا ئەو پرسیارە دروست

دەبێت کە ئایا جیاوازی نێوان ئەو کەسانەی کە باوەڕبەخۆبوونێکی بەرزیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی کە خۆپەرستن چییە؟

خۆپەرستەکان حەزیان بە دەرخستنی خۆ بەبەهاداربوونیان هەیە بۆ نمونە، ژیان و گیانی خۆیان زۆر بەنرختر و گرنگتر دەزانن لە ژیانی خەڵکی دیکە. ئەوانە نەک هەر خۆیان بە تایبەتی دەبینن و پیشان دەدەن، بەڵکو باوەڕیشان وەیە باڵاترن لە خەڵکی، هەندێک لە نیشانەکانی خۆپەرستی کە دەتوانرێت لەناو ئەو جۆرە کەسانەدا ببینرێت بەم شێوەیەیە: ئەوانە هیچ جۆرە ڕەخنەیەک قبوڵ ناکەن و ئەگەر کەسێکیش لەگەڵیان سازش بکات، وەکو کەسێکی ماستاوچی لێکدانەوەی بۆ دەکەن، پێویستی زۆریان بە هاندان و ڕێزگرتن و ستایش کردنی بەردەوامی خەڵکی هەیە، و هەمیشە حەزیشیان بەو کەسانەیە کە زۆر ستایشان دەکەن.

لێرەدا باس لە ناسراوترین تایبەتمەندی کەسایەتییە خۆپەرستەکان دەکەین. یەکێک لەو نیشانانە ئەوەیە کە ئەم جۆرە کەسانە هیچ هەلێک لەدەست نادەن بۆ نیشاندانی خۆیان بە کەسانی دیکە. ئەمڕۆ پەیدانەکردنی کەسێک کە لە سۆشیال میدیایدا چالاکی نەبێت وەکو پەیداکردنی دەرزییەکە لەناو عەمبارێک (کا)دا. بەهۆی ئاسانی و سودوەرگرتنی دنیای سۆشیال میدیا کە لەناو ئەو دنیا مەجازییەدا بەدەستی دەهێنێت، ئیدی سودوەرنەگرتنی بەلایەنی کەمەوە دوو بەرنامە لە ڕۆژێکدا بە نامومکین بەرچاو دەکەوێت. کەواتە ئەمە هەلێکی زۆر گونجاوە بۆ کەسانی خۆپەرست کە خۆیان بەشێوەیەکی درۆزنانە بخەنە بەردەم جیهان و چاوەڕوانی سوپاس و ستایشی فۆلەوەرەکانیان ببن.

توێژینەوەکان ئەوەیان پیشان داوە کە لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئەم سۆشیال میدایەوە، هاوشێوەی هەڵسوکەوتی کەسانی خۆپەرست

پەرەیسەندووە و ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەم دوو بابەتە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. سۆشیال میدیاکان لە ڕاستییدا ئەو کەناڵ و شوێنەن کە لە ڕێگەی ئەوانەوە کەسانی خۆپەرست دەتوانن دەستیان بگات بەو دنیایەی لەبەرچاویان گرتووە. سۆشیال میدیا بۆ ئەم جۆرە کەسانە وەکو پارەیە و هەرچی زیاتر بەکاری بهێنن زیاتر هەست بە خۆشبەختی دەکەن. هەر لەبەر ئەوەیە کە هەمیشە لە بەرنامە کۆمەڵایەتییەکاندا لە هەوڵی ئەوەدان وێنایەکی زۆرباشی خۆیان پیشان بدەن و تەنانەت هەندێکجار بە درۆش وێنەیەک بڵاودەکەنەوە کە بەهۆی ئەو وێنەیەوە بتوانن پەیامی ئیجابی و سوپاس و پیاهەڵدان بەدەست بهێنن.

ئەگەر لەکاتی لێکۆڵینەوە لە پرۆفایلی کەسێک ئەم سێ تایبەتمەندییەت تێدا بەدی کرد، پێدەچێت ئەو کەسە خۆپەرست بێت.

یەکەم: ئەم جۆرە کەسانە هیچ جۆرە وێنەیەکی خراپ و تەنانەت ئاساییش بڵاو ناکەنەوە، لە هەموو وێنەکانیاندا وەکو مۆدێلەکان و کەسە بەناوبانگەکان دەوەستن و خۆیان پیشان دەدەن و ڕازاوەی و خۆدەرخستنی زیاد لە ڕادەی خۆیان و دەوروبەریان بەتەواوی دیارە لەگەڵ ژیانی ئاسایی و سروشتی کەسانی دیکە. کاتێک هەر وێنەیەکی خۆیان بڵاو دەکەنەوە، سەبارەت بە عەشق و ژیان قسە دەکەن و لە چاوەڕوانی کاردانەوەی خەڵکین.

دووەم: دەتوانیت بە بینینی وێنەکانیان بگەیتە ئەو دەرئەجامەی کە ژیانی ڕۆژانەیان زۆر تایبەت و بێ کێشەیە، و هەموو پۆستەکانیشیان بەردەوام سەبارەت بە کۆبوونەوە خێزانییە زۆر باشەکانە لەکاتی خوانەکانی نیوەڕۆ، ئێوارانە پڕ لە زرق و برقەکانە، ئیدی ژیانی وەکو ئەو باڵندەیەیە کە هەموو ڕۆژێک لە پشت پەنجەرەی ژوورەکەی خەریکی خوێندنە و یان وەکو ئەو فلیمە خەیاڵییانەیە کە هەموو پڕە لە خەون و خەیاڵی جوان.

سێیەم: حەز دەکەن لە بەرگێکی نەرمونیاندا، هەندێک لە ژیانیان پیشانی خەڵکی بدەن.

کەسانی خۆپەرست، هەمیشە پێویستییەکی زۆریان بەوە هەیە کە حەق و ڕاستی لای ئەوانە، بە هەموو هێزێکیانەوە پێداگیری دەکەن و شەڕ دەکەن بۆ سەرکەوتن بەسەر هەموو ئەو باس و خواستانەی کە دەیکەن لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی کە دەریدەبڕن. تەنانەت ئەگەر کەسی بەرامبەریشان، پسپۆڕ بێت لەو کارە و زۆرترین شارەزایی هەبێت، ئەوان زیاتر پێداگیری دەکەن لەسەر ڕاستی بۆچوونەکانیان.

لەوانەیە لە سەرەتاوە قسەکردنەکانی بە ئاسایی بەرچاو بکەون و زۆر دیار نەبن، بەڵام لە درێژەی قسەکانیدا بەرە بەرە تێدەگەیت لەوەی لە باسێکی تایبەتیدا دەیەوێت پاساو بۆ قسەکانی بهێنێتەوە و چاکسازی دەکات لە قسەکانیدا بە جۆرێک کە نایەوێت بەو شێوەیە خۆی پیشان بدات کە پێچەوانەکەی وتووە.

بۆ نمونە ئەم گفتوگۆ دۆستانیە لەبارەی نان خواردنێکی بەیانییەوە لەبەرچاو بگرە:

- وەرە با بۆ نانی بەیانی بچین بۆ ئەو خواردەمەنییەی خوار مەیدانەکە.

- بەڵام ئەو خواردەمەنییە دەوروبەری کاتژمێر ١٢ دەکرێتەوە، من هەمیشە بۆ ئەوێ دەچم بۆ خواردن.

- نەخێر، من دڵنیام کاتژمێر ٩ دەیکەنەوە، تەنانەت مینۆی نانی بەیانیشیان هەیە.

- نەخێر، مینۆی بەیانیان شەوانە ڕۆژییە، لەدوای کردنەوەی، هەر کاتژمێرێک بڕۆیت دەتوانیت داوای نانی بەیانیان بکەیت.

- زۆر باشە، وەرە با ئێستا برۆین تا پیشانت بدەم کە ئێستاش کراوەیە.

هەر دووکیان بەرەو خواردەمەنییەکە دەڕۆن، کاتێک دەگەنە ئەوێ سەیر دەکەن داخراوە و لەسەر دەرگاکەی نووسراوە کاتژمێر ١١ دەکرێتەوە. هاوڕێی خۆپەرست کە کە نایەوێت بە درۆ بکەوێتەوە و خراپ بەرچاو بکەوێت ڕاستەوخۆ دەڵێت:

- دوێنێ کە هاتم بۆ ئێرە کاتژمێر ٩ کرابوویەوە، لەوانەیە بەرنامەی ڕۆژانەی ئیشکردنیان جیاواز بێت و بە تاک و جووت ئیش بکەن.

لەسەر دەرگای خواردەمەنییەکە هەڵواسراوە ئەم خواردەمەنییە هەموو ڕۆژێک کاتژمێر ١١ دەکرێتەوە. هاوڕێی خۆپەرست هیچ ڕێگایەک نادۆزێتەوە بۆ پەیبردن بە ڕاستی قسەی هاوڕێکەی، لەکاتێکدا ڕۆژی پێشووش لەو کاتژمێرەدا کراوە نەبووە. دەبێت ڕاستی زۆربەی کات لەلای کەسی خۆپەرست بێت، چونکە ناتوانێت ئەگەری کەمترین ڕادە بۆ هەڵەکانی قبوڵ بکات و بەردەوام بە هەموو هێزێکییەوە دەجەنگێت، تاوەکو کۆتا قسە خۆی بیکات. هیچ کاتێک خۆیان بە کەموکورت نازانن و ئامادە نین شکستەکەیان قبوڵ بکەن تەنانەت ئەگەر ئەم شکستە بە سادەیی قبوڵ کردنی کاتژمێری ئیشکردنی خواردنەگەیەکیش بێت.

ئەو دەنگەی کە کەسانی دیکە ناچار دەکات بە گوێ لێ گرتن، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی کەسی خۆپەرست. ئایا تاوەکو ئێستا هەوڵتداوە لەگەڵ کەسێکی خۆپەرست گفتوگۆ بکەیت؟ زۆر بەکەمی دەتوانیت ئەو قسەکردنە ناو بنێیت گفتوگۆ، چونکە زۆرتر هاوشێوەی گوێ گرتنە، بەبێ ئەوەی هیچ هەل و کاتێک بدات بەوەی کە قسە بکەیت. کەسی خۆپەرست هەمیشە وا بیردەکاتەوە کە تەنها بیرکردنەوە و چیرۆک و قسەکانی ئەو شایەنی بیستنن، ئەو مافە زاتییە

بەخۆی دەدات کە دەبێت هەر ئەو بۆچوون و قسەکانی بخاتەڕوو؟ چونکە خۆی بە باڵاتر دەزانێت لە خەڵکانی دیکە. لە دیدی ئەم کەسانەوە هەر شێوە بیرکردنەوەیەکی دیکە یان دەرئەنجامێکی جیاواز لەگەڵیاندا، نەگونجاو و قبوڵ نەکراو بەرچاو دەکەوێت، تەنانەت ئەگەر گریمانەیەکی لۆژیکی و زانستیش بێت. ئەڵبەت بێگومان خودی کەسی خۆپەرست ئاگاداری ئەم بابەتەی نیە، چونکە هەرگیز ڕێگە نادات بە خەڵکانی دیکە قسە بکەن و ئەگەر کەسێکیش قسە بکات، قسەکانی بە ناڕاست دەزانێت. تەنانەت لە ڕۆژی ڕووناکیشیدا ناتوانریت خۆت لە تاریکی ئەو کەسانەی خۆت داوە بەدەستیانەوە ڕزگار بکەیت.

پرسێکی دیکە کە لەبارەی ئەم خۆپەرستانەوە هەیە، ئەوەیە کە زۆرجار دەبینیت لە نیوەدا قسەت پێ دەبڕن، یان تەنانەت کاتێک کەسێکی دیکە قسە دەکات، بەبێ گوێدانە قسەکانی بەرامبەری درێژە بە قسەی خۆی دەدات تاوەکو ناچاری بکات بە بێدەنگی. تەنانەت لە قسەکردنی ئاساییشدا ناتوانن تەحەمولی ئەوە بکەن بەرامبەرەکەیان قسە بکات. بەگشتی هەڵێکی زۆر کەم دەدەن بە کەسانی بەرامبەریان بۆ ئەوەی قسە بکات، چونکە وادەزانن ئەو ڕێگا پێدانە کەمەش ئەوان بەرەو ئەوە دەبات زیاتر بۆچوونی خۆیان بخەنەڕوو، هەر بۆیە ترسیان لەو قسە کەمەش دەبێت. هەر بۆیە زۆربەی کات، کە گفتوگۆ لەگەڵ کەسێکی خۆپەرست دەکەیت، زیاتر لە شێوەی گوێ گرتندایە و ئەویش زیاتر قسە لەسەر خۆی دەکات.

ئەو زیادەڕەوییەی کە کەسێکی خۆپەرست لە مێشکیدا سەبارەت بە بەها و بوونی خۆی هەیە، بەگشتی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر واقعییەتی دەرەوە و هەڵسوکەوتەکانی. بەردەوام پێویستی بە هاندان و سوپاسکردنە و ترسی لە ڕەخنە و شکستە و بەردەوام پاساو بۆ سەلماندنی

بابەتەکانی دەهێنێتەوە. پێویستی وەفاداربوون و ستاسیش بۆ کەسی خۆپەرست، وەکو پێویستییە بۆ ئۆکسیجین، لە کاتێکدا کە ڕەخنەگرتن و گومان دروستکردن لەسەریان وەکو ژەهری کوشندەیە.

ئەوەی کە لەبارەی خۆپەرستەکانەوە شایەنی سەرنج و گرنگیدانە ئەوەیە، کە ئەم جۆرە کەسانە خۆیان پیشانی قوربانییەکانیان دەدەن. چونکە دەزانن پێویستیان بە ستایش و پیاهەڵدانی خەڵکی هەیە، هەر بۆیە دەچن بۆلای ئەو کەسانەی لە ژیانی خۆیان ڕازی نین و بە خستنەڕووی ژیانی خۆیان بەو شێوە ڕووخسارە سەرکەوتوو و زۆر باشەی بێ کەموکورتەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، قوربانییەکە دەخەنە ناو داوەوە و سود لە گلەیی و حەسرەت و خۆزگەکانیان وەردەگرن.

کاتێک پەیوەندییەکە زیاتر دەچێتە پێشەوە، کەسی خۆپەرست دەست بە پێدانی گەلاڵە و نمونە خۆپەرستییەکانی دەکات، بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە قۆناغی گەشانەوە. ئێمەش حەز دەکەین نزیکی ئەو کەسانە بکەوینەوە کە وادەردەکەوێت بێ کێشە و گرفتن، تاوەکو خەڵکیش ئێمە لە پاڵ ئەوانە و لە پەیوەندییمان لەگەڵیاندا و لە هاوشێوەبوونمان لەگەڵیاندا ببینن.

ئەم بابەتە هاوشێوەی خواستەکانی سەردەمی مێردمنداڵیمانە، ڕێک وەکو ئەو کاتەی کە حەزمان دەکرد لەگەڵ کەسی خۆشەویست و زیرەکی قوتابخانەکەمان ببینە هاوڕێ و پەیوەندیمان هەبێت. بنەما و هۆکاری ئەم حەزانەش ئەوەیە کە ئێمە وا بیر دەکەینەوە کە ئەگەر نزیک بینەوە لەم کەسە بێ کێشە و بێ کەموکورتانە، تایبەتمەندی و هەڵسوکەوتمان وەکو ئەوانی لێ دێت و لە ئەنجامدا هەنگاوێک بەرەو بێ کێشەیی و بێ کەمورکورتی دەڕۆین.

کەسانی خۆپەرست پێشوەخت دەزانن تۆ چیت دەوێت، هەر بۆیە توانایيەکانت بەرەو هاوشێوەبوونی خۆیان پەروەردە دەکەن. لەگەڵ تۆدا بەشێوەیەکی تایبەتی تر هەڵسوکەوت دەکەن، داوات لێ دەکات کە کارێکی باشتر ئەنجام بدەیت بۆ ئەوەی هەست بە گەورەبوون و نرخدار بووبن بکەیت و بەشێوەیەک ستایشی تۆ دەکات کە کەمتر بەرچاو دەکەوێت کە خەڵکانی دیکە بەو شێوەیە ستایش بکات. هەر بۆیە لەم کاتەدا تۆش هەست بە گەورەیی و ڕێز دەکەیت، لە ئەنجامدا زیاتر و زیاتر تینوی سوپاس و پێزانینی دەبیت.

ئەم پرسە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بیر لە خۆشحاڵ کردنی کەسی خۆپەرست بکەیتەوە، و ئەو کارەی کە ئەوان دڵخۆش دەکات ئەنجامی بدەیت و بۆ گەیشتن بەو پلە و ئاستەش بە قورسی هەوڵ دەدەیت. پاشان بەرە بەرە تێدەگەیت کە زۆربەی کار و هەڵسوکەوتت لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی خواستەکانت بەهۆی بینینی ئەو کەسانەوە بووە.

کاتێک کە تێگەیشتیت کە پەیوەستبوونت سەبارەت بە کەسێکی دیکە بەتەواوی بۆ پشتگیری و پشت بەستنت بەو کەسە زۆر بووە، ئاگاداری خۆت بە. لەسەروی هەموو ئەمانەشەوە، ڕازیبوونی تاکەکەسی خۆتە لە خۆت، هەرچەندە خۆشە لەلایەن کەسانی دیکەوە پشتگیری بکرێیت و پەسەند بکرێیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئەگەر تۆ بتوانیت بەو شێوەیە کە هەیت خۆت قبوڵ بکەیت و لە هەر هەلومەرجێکدا بێت هەوڵبدەیت چێژی لێ وەرگریت، ئەو کاتە لە ئیلهام وەرگرتنی شێوەی ژیانی هەرکەسێکی دیکە لە دەرەوەی خۆت زۆر گرنگتر و بەچێژتر و بەنرختره.

بە کورتی: بۆ ناسینی وێنای تایبەتمەندی خۆپەرستێکە دەسەلاتدارێکی ستەمکار لەناو جلێکی سەربازیدا بێنەوە بەرچاوت. ئەم جۆرە کەسانە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن ڕێزیان لێ بگیرێت و ستایش

بکرێن، پەیکەریان لێ دروست دەکرێت بۆ ئەوەی ببنە نمونەیەک بۆ خەڵکانی دیکە، بۆ ئەوەی هەمیشە لەبیریان بێت کە سوپاسگوزاری بن و ستایشی بکەن، ئەگەر کەسێکیش لە دژیان بووەستێت دەبێت ڕاستەوخۆ و بەبێ دواکەوتن سزای توند بدرێت.

## کەسانی دژە کۆمەڵایەتی

تایبەتمەندییەکانی وەکو زیرەکی و سەرنجراکێشی، عەجول بوون و رووبەڕبووونەوەی هەیەجانانە دەگرێت تایبەتمەندی کەسێکی دژە کۆمەڵایەتی بن. کەسانی دژە کۆمەڵایەتی بەگشتی سود لە تەکنیکەکانی دەروونناسی تاریک وەردەگرن بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی سەرەتایی و ئاسایی لەگەڵ خەڵکی، پاشان بەهۆی نەبوونی سۆزداری و پەیبردنی هەستی ئەو کەسانەوە، سود لەو پەیوەندییە وەردەگرن بۆ بەرژەوەندی خۆیان.

### پارێزەرەکان

لەوانەیە هەندێک لە پارێزەرەکانی دادگا، بۆ سەرکەوتنی دۆسییەیەک هەموو هەوڵێک بدەن و بۆ سەرکەوتنیان لەو دۆسیەیەدا، بەتایبەتی سود لە هەندێک تەکنیکی کۆنترۆڵکراوی تاریک وەردەگرن، تاوەکو ئەوەی کە بەشوێنیەوەن بەدەستی بهێنن و سودی لێ وەرگرن.

### سیاسەتمەدارەکان

زۆرێک لە سیاسەتمەدارەکان پێویستیان بە کۆکردنەوەی دەنگی دلنیایی و سەرکەوتنیانە لە هەڵبژاردنەکاندا، هەر بۆیە هەوڵدەدەن سود لە کۆمەڵە ڕەوشێکی قەناعەت پێ کردن وەرگرن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خەڵکی.

## کەسانی خۆویست

دەتوانرێت ئەم سیفەتە بدرێتە پاڵ هەر کەسێک، کە خۆی بە گرنگتر لە کەسانی دیکە دەزانێت. هەندێک لە خەڵکەکان سود لە تەکنیکی دەرووناسی تاریک وەردەگرن بۆ سود وەرگرتن لە بەرژەوەندی شەخسی، تەنانەت ئەگەر بە زیانگەیاندنی خەڵکیش تەواو بێت. ئەوان بەو بیانووەی کە دەرئەنجامی کارەکە بردنەوە- بردنەوە دەبێت، ئیدی هیچ هەست بە ئازارێکی ویژدان ناکەن.

## سەرکردەکان

ناتوانرێت هەموو سەرکردەکان لەناو ئەم بەشەدا جێگا بکرێنەوە، بەڵام ئەگەر سەرکردەیەک گرنگی بە ژێر دەستەکانی نەدات و بەرژەوەندییەکانیان لەبەرچاو نەگرێت، ئەو کاتە سود لە هەندێک لە تەکنیکە دەرووناسییە تاریکەکان وەردەگرێت، بۆ گەیشتن بە خواستەکانی بەتایبەتی لە ڕێگەی کەسانی ڕاستەوخۆی ژێر فەرمانی خۆیەوە.

## فرۆشیارەکان

زۆربەی فرۆشیارەکان زۆر لێهاتوون لە یاری کردن بە وشەکان. هەڵبژاردنی وشەی گونجاو لە کاری فرۆشیاریدا، بنەمایەکی زۆر گرنگی هەیە و هەر ئەم خاڵەیە کە ئەوە دەخاتەڕوو کڕیار کاڵایان لەلا بکڕێت یان نەیکڕێت. هەر بۆیە هەندێک لە فرشیارەکان بۆ دڵنیایی لە فرۆشتنی بەرهەمەکانیان، هەوڵ دەدەن سود لە تەکنیکی هەڵخەڵەتاندن وەرگرن.

**وتاربێژەکان**

وتاربێژەکان بەگشی هەوڵدەدەن سود لە تەکنیکی دەروونناسی تاریک وەرگرن بۆ کەمکردنەوەی ترس و نیگەرانییەکانیان لەسەر بیسەر، و هەروەها دڵنیایی بەخشین بە دەرئەنجامی قسەکانیان و کاریگەری قسەکانیان لەسەر بیسەرەکان.

# وەرزی نۆیەم

# تایبەتمەندییەکانی کەسانی کۆنترۆڵکەر

# سێ ڕێکاری کەسانی کۆنترۆڵکەر
# بۆ دەستکاری شاراوە

کەسێکی کۆنترۆڵکەر بۆ سەرکەوتنی، دەبێت سود لە تەکنیکی تایبەتی وەرگرێت، تاوەکو ئەگەری بە گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی فەراهەم بکات، کە ئەوەش هەمان سودوەرگرتنە لە ئامرازەکانی ئەو کەسانەی کە لە ڕێگەی دەستکاری شاراوەوە کار دەکەن. سەرەڕای ئەوەی کە کاریگەری ڕێکارەکانی کەسانی کۆنترۆڵکەر پەیوەستە بە چەندین گریمانەوە، بەڵام ئێستا وەرە با ئاشنات بکەم بە سێ تایبەتمەنی کەسایەتی کەسانی کنترۆڵکەر، لە سەر زاری جۆرج کی سایمۆن، نووسەری بەناوبانگی دەروونناسی:

**سەرەتا:**

- دەبێت توانای شاردنەوەی هەڵسوکەوت و ئامانجە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆت هەبێت، لەبەرامبەر قوربانی و سوژە، بە شێوەیەک کە کەسی قوربانی ئاگاداری هیچ جۆرە گومانێک نەبێت.
- دەبێت توانای دیاریکردنی خاڵی لاوازی قوربانییەکەی خۆت هەبێت، تاوەکو بە ئاگاداربوون لە خاڵانەی بتوانیت باشترین و

کاریگەرترین ستراتیژ و تەکنیکەکانت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانت هەڵبژێریت.

- دەبێت هەمیشە ڕێگایەکت هەبێت بۆ هەڵاتن و ڕێگە گرتن لە تۆڵە و سزای چ جەستەیی و چ دەروونی کەسی قوربانی، لەکاتی زانین و پەیبردنی مەبەستەکانت.

- یەکەمین خاڵ ئەوەیە کە دەبێت کۆنترۆڵکەر توانای شاردنەوەی بیرکردنەوەی خۆی هەبێت لەناو خەڵکانی دیکەدا و هەڵسوکەوتەکانی ئاسایی و گونجاوبن و بگونجێن لەگەڵ نەریتی کۆمەلایەتی گشتیدا. ئەو کەسانەی دەبنە پاروی کەسانی کۆنترۆڵکەر، بەگشتی زانیارییان نیە لە بارەی جیاوازی ئەم کەسانە لەگەڵ کەسانی دیکە. کۆنترۆڵکەر لەناو جلوبەرگی کەسێکی باشدا دەردەکەوێت و بەردەوام وەکو هاوڕێیەکی نزیک هەڵسوکەوت دەکات و تەنانەت لە هەندێک بواری تایبەتیشدا پشتگیری و پشتیوان دەبێت. هەر بۆیە هیچ یەک لەو هەڵسوکەوتانە ناتوانرێت لە قۆناغی یەکەمی ئاشنایەتیدا لەگەڵ کەسانی بێ مەبەست بخرێنەڕوو. ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەک دەچێتە پێشەوە کاتێک قوربانی ئاگادار دەبێت، ئیدی کار لەکار ترازاوە، و لەو قۆناغەدا، کەسی کۆنترۆڵکەر ئەوەندە زانیاری و ئاشنایەتی هەیە لەگەڵ کەسی قوربانیدا، کە ناچاری بکات بە بەردەوامی دان بەو کار و هەڵسوکەوتەی کە کەسی کۆنترۆڵکەر بەلایەوە پەسەندە.

- دووەمین خاڵ ئەوەیە کە کۆنترۆڵکەر دەبێت توانای بەدەستهێنانی خاڵە لاوازەکانی کەسی قوربانی هەبێت. ئەم پرسە یارمەتی دەدات کە ڕێگای باشتر و ڕەوشی ئاسانتر بگرێتەبەر، بۆ ئەوەی زیاتر بتوانێت کۆنترۆڵی کەسی قوربانی بکات.

هەندێک کات کۆنترۆڵکەر تەنها بە خستنە ژێر چاودێری هەڵسوکەوت و کرداری کەسانی دیکە توانای دیاریکردنی خاڵە لاوازەکانی ئەو کەسانەی هەیە، بەڵام هەندێک جاریش بۆ تەواوکردنی زانیارییەکانی خۆی پێویستی بە پەیوەندی شەخسی هەیە لەگەڵیاندا.

- سێیەم خاڵ ئەوەیە کە پێویستە کۆنترۆڵکەر بێ بەزەیی بێت سەبارەت بە قوربانییەکانی. ئەمەش بەو مانایەیە کە نابێت ڕێگا بدات و ویژدانی یان هەستەکانی دەستوەردان بکەن لەناو بابەتەکەدا و پاش کۆکردنەوەی زانیاری پێویست بکەوێتە گومانەوە، کە ئایا ئەنجامدانی کارێکی لەم شێوەیە لەبەرامبەر کەسی قوربانی دادپەروەرانەیە یان بە پێچەوانەوە؟ ئەم پرسە تەنها کاتێک ڕوو دەدات کە کۆنترۆڵکەر چەند قۆناغێکی لە پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ قوربانییەکەیدا دروستکردبێت یان ئە کەسە لەوانە گرنگ بێت بەلایەوە.

بەشێوەیەکی گشتی کۆنترۆڵکەرەکان تاوەکو کاتێک کە دەگەن بە ئامانجەکەی خۆیان، چ جەستەیی بێت یان سۆزداری، بەهیچ شێوەیەک گرنگی بە قوربانییەکەیان نادەن، لەبارەی ئەوەی کە توشی چ بەڵا و نەگبەتییەک دێن لە دوای ئەنجامدانی کارەکەیانەوە.

## نیشانەکانی هاوبەشێکی ژیان یان هاوسەرێکی کنترۆڵکەر

ئەگەر هاوڕێی ژیانی کۆنترۆڵکەر بێت، بنەماکانی دەستکاری سۆزداری شاراوە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە هەڵسوکەوتەکانیدا دەردەکەوێت. ئەگەر کەسێک لە پەیوەندییەکدا بێت کە هاوبەشەکەی بەردەوام لە حاڵەتی کۆنترۆڵکردنیدا بێت، ئاشکرایە ئازار دەچێژێت بەدەست ئەم ئاریشەیەوە و بەشوێن ڕێکارێکەوەیە بۆ ڕزگاربوون لەم پرسە.

بە زۆری کاتێک یەکێک لەلایەنە شەریکەکانی ژیان، کەسایەتییەکی کۆنترۆڵکەری هەیە، هەوڵدەدات تاوەکو کاریگەرترین بۆچوونەکانی بە شاراوەترین حاڵەتی گونجاو بگوازێتەوە بۆ کەسی بەرامبەر. هاوسەرانی ئەم کەسانە بەبێ ئەوەی تێبگەن ئەزمونی دەستکاریکردن سۆزداری شاراوەیان کردووە و لە کۆتاییدا هەستێکیان بۆ دروست دەبێت لەسەر بنەمای نارەزایی بوونیان لە ژیان. ئەم پرسەش باڵادەستی زیاتر دەبەخشێت بە کۆنترۆڵکەر، بە شێوەیەک بەبێ نیگەرانی لە ئاشکرابوونی کارەکانی یان ترس لە شکستی بەردەوامی بە دەستکاری سۆزداری دەدات.

**درۆکردن**

درۆکردن، سەرەڕای ئامانج لە ئەنجامدانی کارێک، ئەو کەسانەی درۆکردن بووەتە کاریان، لەناویدا پسپۆڕن و هەمیشە بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانیان سودی لێ وەردەگرن. چەندین جۆری درۆکردن هەیە کە کەسانی کۆنترۆڵکەر دەتوانن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی کۆتاییان سودی لێوەرگرن. یەکێک لەوانە درۆکردنی پوختە. هەندێکی دیکە لە شێوەکانی درۆکردن بریتییە لە سڕینەوەی هەندێک لە زانیارییەکان یان بەشێک لەو ڕاستییانەی کە دەیانزانی. هۆکاری هەڵخەڵەتاندنی کۆنترڵکەرەکان ئەوەیە کە ئەوانە دەزانن لە ڕێگەی درۆکردنەوە بە ئاسانی کارەکانیان بەرەو پێشەوە بەرن و ئاسانتر ئامانجەکانیان بەدەست بهێنن. هەر بۆیە بیستنی درۆ، تەنانەت ئەگەر درۆیەکی بچوکیش بێت لەلایەن کەسی بەرامبەرەوە بە زەنگێکی مەترسیداری بزانە.

هۆکاری درۆکردنی کەسانی کۆنترۆڵکە ئەوەیە کە ئەگەری هەیە لە کاتی دەرخستنی ڕاستییەکاندا، پشتیوانی بەدەستهێنانی کەسی بەرامبەر

لەدەست بدات و ئەمەش دەبێت هۆکاری دژبوون و پێچەونەی هەموو ئەو ئامانج و بەرژەوەندییانەی کە لەبەرچاوی گرتوون. لەڕاستیدا کۆنترۆڵکەر درۆ دەکات تاوەکو کەسی بەرامبەر ناچار بکات بە ئەنجامدانی کارێک یان سەرنجی ڕاکێشێت بۆ ئەنجامدانی کارێک، بەگشتی کاتێک کەسی قوربانی یان سوژە پەی بە درۆکردنەکە دەبات، ئیدی زۆر درەنگ بووە، هەر بۆیە لەو حاڵەتەدا هیچ زیانێک ناگات بە کەسی کۆنترۆڵکەر.

ئەڵبەتە لەم ڕەوشەشدا بە تایبەتی دەتوانرێت بەشێکی زیاتر لە ڕاستی بخرێتەڕوو. تەنها کارێک کە پێویستە کەسی کۆنترۆڵکەر ئەنجامی بدات، سڕینەوەی کۆمەڵە زانیارییەکە کە پێدەچێت لەکاتی کردنیاندا قوربانی بێتاقەت بکەن یان لەکاتی بەرەو پێشبردنی ئامانجەکەی کێشە دروست بکەن، بەڵام بەهەرحاڵ ئەم کردارەش بە درۆکردن حساب دەکرێت و مەترسییەکەی بە ڕادەی پێدانی زانیاری درۆ و هەڵەیە بە شێوەیەکی تەواو. لەکاتی ئاشکرابوونی تەنانەت لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە قوربانی متمانەی خۆی بۆ هەموو قسەکانی کەسی کۆنترۆڵکەر لەدەست بدات و هەموو شتێکی بە درۆ بزانێت.

**ڕەشبگیری (باجگیری) سۆزداری**

شەریکی ژیانی کۆنترۆڵکەر لەوانەیە سود لە شێوەیەک لە دەستکاری سۆزداری بەناوی باجگیری سۆزداری وەرگرێت. دەبێت کۆنترۆڵکەر هەوڵ بۆ دروستکردنی هەستی گوناە یان دڵسۆزی بدات لەناو قوربانی یان سوژەدا. ئەم دوو هەستە بەگشتی بە ڕادەیەک بەهێزن کە کەسی قوربانی ناچار دەکەن بە پیرەوی و ئەنجامدانی خواستەکانی کەسی کۆنترۆڵکەر. کەسی کۆنترۆڵکەر بە بزواندنی هەستی دڵسۆزی یان هەستی گوناە، توانای سوئیسفادەکردنی لە کەسی قوربانی یان ناچارکردنی بە هاوکاری

لە گەیشتن بە خواستەکانی خۆی دەبێت. بەگشتی کەسی کۆنترۆڵکەر هەستی دڵسۆزی یان هەستی گوناە بە شێوەیەکی زیادەڕەوی لەناو کەسی قوربانیدا دروست دەکات بە پێی هەلومەرجە جیاوازەکان، تاوەکو قوربانی بەشێوەیەکی زیاتر و خێراتر هاوکاری بکات.

## چۆن دریخەین و بزانین کە کەتووینەتە ژێر دەستکاری سۆزدارییەوە؟

کاتێک دەکەویتە بەر ئامانجی دەستکاری سۆزدارییەوە. هەستەکانی وەکو ترس، پەیمان و گوناهت بۆ دروست دەبێت. ئەم سێ هەستەت لە بیر بێت. ئەوەی کە ڕوو دەدات ئەوەیە کاتێک دەکەویتە ژێر دەستکاری سۆزدارییەوە، مێشکت دەست بە سەپاندنی کردارێک دەکات بەسەرتدا کە خۆت حەزت بە ئەنجامدانی ئەو کارە نیە. ئەگەر پابەند بیت بەو کردارە سەپێنراوەی مێشکەتەوە و ئەنجامی بدەیت ئەو کاتە هەستی خەمخواردنت بۆ دروست دەبێت و ئەگە پابەندیش نەبیت پێوەی، هەست بە تاوان و گوناە دەکەیت.

کۆنترۆڵکەر دەبێتە هۆکاری دروستبوونی ترس لەناوتدا و لەوانەیە بۆ دەستکاری سۆزداریشت تەنانەت دەست بۆ هەڕەشە و کاری توندوتیژی ببات. بەڵام گرنگترین کار دیسانەوە ئەو هەستکردنە بە گوناهە کە بەردەوام بۆتی دروست دەکات. لەگەڵ ئەوەی کە زۆرجار کەسی کۆنترۆڵکەر خۆی ڕۆڵی قوربانیکەر دەبینێت، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە هۆکاری هەموو کێشەکان خۆیەتی. بەردەوام ئەو کەسە دەبێتە قوربانی و سوژەی کۆنترۆڵکەر کە بەردەوام لە حاڵەتی ڕۆڵبینینی قوربانیدایە، قوربانی

بەردەوام لە حاڵەتی هەوڵداندایە بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەک بووە ببێتە هۆی لە ناوبردنی هەستی گوناه لەناو کەسی کۆنترۆڵکەردا. قوربانی ئەم جۆرە دەستکاریی کردنە سۆزدارییەی سەبارەت بە کۆنترۆڵکەر لە ڕێگەی هەست کردنەوەیە بە بەرپرسیارییەتی و بۆ ڕزگاربوونیشی بەهۆی ئەو هەست کردن بە گوناهە، هەرکارێک کە لەدەستی بێت بۆی ئەنجام دەدات.

دیاردەی دەروونناسی (چاوی غاز- Gasligting) یەکێکە لە باوترین ئەو واتایانەی کە بۆ ئاماژەکردنی دەستکاریکردن سۆزداری ناودەبرێت. ئەم دیاردەیە بەکورتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسەکە گومان لە عەقڵ و مێشکی و هەستەکانی بکات. کەسی کۆنترۆڵکەر لە توانایدا هەیە ناچارت بکات بەوەی کە باوەڕ بەوە بکەیت کارێکی هەڵەت ئەنجامداوە. لەکاتێکدا تۆ بە هیچ شێوەیەک نازانیت چ کردارێک چ هەڵەیەکت لەکاتی قسە کردن یان کارێکدا ئەنجامداوە. ئەگەر تۆ بکەویتە ژێر کاریگەری دیاردەی (چاوی غاز) ەوە، پێدەچێت توشی هەستێکی گوناهی هەڵە ببیت لەسەر بنەمای شتێک کە بوونی نیە یان هەستێکی بێ بەرگری لە دەرئەنجامی شکستێک یان بە هەڵە ئەنجامدانی کارێک، لەکاتێکدا کە بە هیچ شێوەیەک پرسێکی لەم جۆرە بوونی نیە و ڕووینەداوە.

نمونەیەکی دیکە پەیوەستە بە کاتێکەوە کە کەسێک چاکەیەکت لەبەرامبەردا دەکات لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای خێرخوازی و خۆڕایی نیە، بەڵکو فەرمانێکی لاوەکی بەشوێنەوەیە لەسەر بنەمای قەرەبووی ئەو چاکەیە. ئەم جۆرە کارە ئیدی بە چاکە دانانرێت و جۆرێکی دیکەیە لە دەستکاری سۆزداری. ئەمە ڕێک سەردەمێکە کە تۆ بوویتە ئامانجی کەسێکی کۆنترۆڵکەر. لەوانەیە سەرەتا کۆنترۆڵکەر زۆر پشتیوانانە

دەرکەوێت و نەرمی و چاکەی زۆر لەگەڵ کەسی قوربانی ئەنجام بدات، هەر بۆیە دیاریکردنی ئەو کەسانە بۆ خەڵکێکی زۆر جێگەی سەرسورمانە و نامومکین بەرچاو دەکەوێت، چونکە لەم هەڵسوکەوتەدا پێشوەخت هیچ جۆرە زەنگێکی مەترسیدار لێ نادرێت.

## دەستکاریکردنی سۆزداری
## لە شوێنی ئیش یان (کار)دا

خاوەنکارە کۆنترۆڵکەرەکان هەندێکجار درۆ دەکەن و پاشان بەشێوەیەکی زیادەڕەوی داوای لێبووردن دەکەن و هەندێکجاریش وردەکاریەکان بە هەڵە یان بەشێوەی لاوەکی و بە مەبەست ڕوون دەکەنەوە. هەوڵدەدەن بە دەرخستنی هەڵسوکەوتەکان و سۆزدارییە نەرێنییەکانت ناچارت بکەن بە ئەنجامدانی ئەو کارەی کە لەبەرچاویان گرتووە. ئەوان هیوای ئەوە دەخوازن کە ترسی تۆ لێیان ببێتە هۆی گوێڕایەڵی کردنیان. حەز دەکەن بۆچونی ڕەخنەیی دەرببڕن و یان قسەی گاڵتەجاڕییانەت لەبەرامبەردا بکەن یان بۆچونێک بڵێن تاوەکو ببێتە هۆی دەرکەوتنی کەموکوڕییەکانت. کاتێک سەبارەت کارەکەت کاردانەوەیەک لە خۆیدا پیشان دەدات، سەرنجی لەسەر لایەنە نەرێنییەکانی کارەکەتە و هەوڵدەدات ماندووبوون و هەوڵەکانت بێ بەها بکات. پاشان بەجۆرێک خۆی پیشان دەدات کە وەکو بڵێیت سەبارەت بەو مەسەلانە هەست بە گوناه دەکات بە هیوای ئەوەی کە ببێتە هۆی ئەوەی تۆ باشتر پەی بە هەلومەرجی کارەکەت ببەیت، ئەم کارەی بۆ ئەوەیە تاوەکو تۆ بە بینینی ئەو پەشیمانییەی زیاتر لەگەڵ ئەو شێوە هەڵسوکەوتەی ڕابێیت. ئەوان بۆ ئەوەی خواستەکانیان جێبەجێ بکەن، زۆرجار بە نەزان و بێ عەقڵ بانگت دەکەن و بەردەوام دەڵێن تۆ ئاگات لێ نیە و یان فێری ئەوە نابیت کە

چۆن کارێکی ڕێک ئەنجام بدەیت. زۆرجار تەنانەت بۆ کاریگەرییکردنی کارەکەی لەناو کارێکدا کە پسپۆڕی خۆتە و زۆر شارەزایت خۆی هەڵدەقورتێنێت و خۆی بە پسپۆڕتر پیشان دەدات و لە بابەتەکەدا خۆی بە بالاتر لە تۆ دەزانێت.

بیرهێنانەوەی ئەو خاڵە پێویستە کە ناچارکردن بە ئەنجامدانی کارێک، بەتەواوی بەو مانایە نیە کە تۆ لەگەڵ خاوەنکارێکی تەواو کۆنترۆلکەردایت، چونکە لەوانەیە بۆ هەریەکەمان ئەوە بێتە پێشەوە کە بەرژەوەندی و خواستەکانمان لە پێش بەرژەوەندی خەڵکی دیکەوەیە و بۆ دڵنیابوون بە گەیشتن بە خواستەکانی خۆت سود لە ڕەوشەکانی .دەستکاریکردن مێشکی وەرگریت.

# چەند خاڵێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کەسانی کۆنترۆڵکەر

**هۆشیار بە بەرامبەر بە مافە بنەڕەتییەکانی خۆت**

لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەت لەگەڵ کەسێکی کۆنترۆڵکەردا کە مەبەستی سودوەرگرتنە لە دەستکاریکردن مێشک و سۆزدارییت، تەنها یاسا ئەوەیە کە دەبێت بەرگری لە مافی خۆت بکەیت و پەیوەست بیت بەو مافەتەوە. تۆ مافی ئەوەت هەیە کاتێک کە زانیت لەلایەن کەسانی دیکەوە ئازار دەدرێیت و سنورت دەشکێنرێت، ئیدی بۆ بەرگری لەخۆت هەستیتە سەر پێ و بەرگری لە مافی خۆت بکەیت. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر کەسێک لە پرۆسەیەکدا زیانی بە کەسانێک گەیاند، مافی بنەڕەتی ئەو کەسانەی پێشێل کردووە.

**هەڵبژاردەیەك لە مافی بنەڕەتی مرۆڤەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

ئەوە مافی خۆت کە دەبێت بە ڕاستی و بە گونجاوی هەڵسوکەوتت لەگەڵدا بکرێت، باوەڕت بە هەرچییەک هەبێت و هەر دین و ئیمانێکت هەبێت، بە هەر شێوەیەک دەتەوێت بیر بکەرەوە و هەر بڕیارێک کە دەتەوێت بیگرە، بەڵام دەبێت خۆت بە ئەولەوییەت بگریت و لە کۆتاییدا،

دەبێت ئەوەی کە سەرمایەگوزارییت بۆ کردووە سودەکەی بەدەست بهێنیت و دەرئەنجامەکەی وەرگریت.

دیارە کەسانێکی زۆر لەناو کۆمەڵگەدا دەژین کە ڕێز لە ماف و حەقی خەڵکی ناگرن. بەشێوەیەکی گشتی، کۆنترۆڵکەرە سۆزدارییەکان دەیانەوێت ئەم مافە لە تۆ وەرگرنەوە، تاوەکو بتوانن دەستکارییت بکەن و سوئیسفادەت لێ وەرگرن و بەکارت بهێنن.

## دووری خۆت بپارێزە (ڕێز لە خۆت بگرە)

یەکێک لە ڕێگاکانی دیاریکردنی کەسێکی کۆنترۆڵکەر ئەوەیە، سەیرکە بزانە لە بارودۆخە جیاوازەکان و لەبەرامبەر کەسە جیاوازەکان، هەڵسوکەتی جیاوازی هەیە یان نیە. زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەم تایبەتمەندییە ئەخلاقییە دەژین حەزیان بە سفر و سەد بوون هەیە، بە شێوەیەک هەندێکجار سەبارەت بە کەسێک بەو پەڕی خۆشەویستی و ڕێزەوە هەڵسوکەوت دەکەن و کەچی سەبارەت بە کەسێکی دیکە بە بێ ئەدەبانەترین و بێ ڕێزانەترین شێوە هەڵسوکەوت دەکەن. شێوەیەکی دیکەی ئەم بابەتەش ئەوەیە کە لەبەرامبەر کەسێک، بەتەواوی ئارام و تەنانەت بێ بەرگری و لە بەرامبەر کەسێکی دیکە، دوژمنانە و توندوتیژانە هەڵسوکەوت دەکەن. وەکو ئەوەی پێشتر باسکرا، هۆکارە جۆراوجۆرەکان بۆ دەستکاریکردن دەروونناسی بەردەوام بوونی هەیە و لەگەڵ یەکتردا جیاوازن، هەر بۆیە ناتوانرێت بووترێت بۆ دیاریکردنی کەسێکی کۆنترۆڵکەر ئەم جۆرە گەلالە هەڵسوکەوتییانە هەمیشە ڕاستن.

## خۆت بەدوور بگرە لە سەرزەنشتکردنی خۆت

لەو حاڵەتەدا کە کۆنترۆڵکەرەکان سود لە خاڵی لاوازت وەردەگرن، سروشتییە کە هەست بکەیت لەبەرامبەر ئەوانە هەست بکەیت کە

هەڵسوکەوتەکەت لەگەڵیاندا نادادپەروەرانە بووە و یان تەنانەت بەهۆی ڕازی نەبوونیانەوە خۆت سەزەنشت بکەیت. هەوڵبدە خۆت دووربخەیتەوە لە سەرزەنشتکردنی خۆت و لە ئەستۆگرتنی کەموکورییەکانی ئەو کەسانە. پەیوەندی خۆت لەگەڵ کەسی بەرامبەر، بهێنەرە بەرچاوت و پرسیار بکە لە خۆت: ئایا بەڕاستی من کە شایستەی گرتنی ڕێزم بەو شێوەیە هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکرێت؟ ئایا پێوەرەکان و ستانداردەکانی ئەم کەسە بۆ من گونجاوە؟ ئایا بەڕاستی ئەم پەیوەندییە دوو لایەنەیە؟ ئایا من لەم پەیوەندییەدا سەبارەت بەخۆم هەستێکی باشترم هەیە؟ وەڵامەکانی تۆ بۆ ئەم پرسیارانە خاڵی گرنگ دەهێنێتە ئاراوە سەبارەت بە بوون یان نەبوونی ئەو کێشانەی کە پەیوەندیان بەخۆتەوە هەیە.

### دۆستایەتییەکان و پەیوەندی ژەهراوی

مەبەست لە بوونی دۆستایەتییەک یان پەیوەندییەکی ژەهراوی چییە؟ دۆستایەتی یان پەیوەندییەکی ژەهراوی بەو مانایەیە کە تۆ لە پەیوەندییەک یان دۆستایەتییەکی ناتەندروستدایت.. لەوانەیە ئەم پەیوەندییە لەگەڵ کەسێکی خزم، هاوپۆل، هاوکار تەنانەت هاوسەرەکەشتدا بێت. لەوانەیە ئەم پەیوەندییە لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانت بێت. لەم پەیوەندییەدا تۆ ناتوانیت پەیوەستبوونێکی جێگیر و تەندروست لەگەڵ کەسی بەرامبەردا دروست بکەیت و ئەم پرسە بەردەوام دەبێتە هۆی ئەوەی کە خۆت بخەیتە ژێر پرسیارەوە. یەکێک لە دیاریکردنی ڕێگاکانی ژەهراویبوونی پەیوەندی، بەدەستهێنانی بەڵگەیە لەسەر بنەمای دەستکاریکردنی سۆزداری و ئەو داوانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی هەست کردن بە گوناە لەناو خۆتدا. ئەم جۆرە پەیوەندیانە بەگشتی تاقەتپڕوکێن و لەناوبەر و هەڵوەشاوەن.

## وەرزی دەیەم

# ڕەوشەكانی كۆنترۆڵكردنی مێشك

## زەردەخەنەی ڕاستگۆیانە

زەردەخەنە، یەکێکە لە بەهێزترین ئەو ئامرازانەی کە ئێمە بەهۆیەوە تەیاربووین. تەنها بە گۆڕینی شێوەی لێوەکانت بەرەو سەرەوە، دەتوانیت هەر پێگەیەکی خراپ بۆ پێگەیەکی باش و کۆنترۆڵ کراو بگۆڕیت. کاتێک زۆرێک لە خەڵک نەتوانن بریسکانەوەی چاوەکانت یان سپیایی ددانەکانت لەکاتی قسەکردندا ببینن، هەست بە بێ نرخ بوون دەکەن. تەنانەت زەردەخەنەی ئەوانەشی کە ددانیان تێکچووە بەسەریەکدا دەتوانرێت هەزاران جار دۆستانەتر و دڵڕفێنتر بێت لەو زەردەخنەی ئەوانەی کە نیوەی تەمەنی خۆیان لە عەیادەی پزیشکی ددانیدا بەسەر بردووە، بەڵام هێشتا سودیان لە دروستکردنی زەردەخەنەیەک وەرنەگرتووە بەو ددانە سپییە جوانانەیان. ئەمە بابەتێکی سادە و دواکەوتووانە نیە، لێوەکانت قسەیەکی زۆر بۆ بەرامبەرەکەیان دەکەن، تەنانەنت ئەگەر وشەیەکیش لە دەمت نەیەتە دەرەوە. لێکۆڵینەوە دەریخستووە کە ئەگەر کەسی بەرامبەر زەردەخنەیەک بکات، زۆرینەی خەڵک لەبەرامبەریدا وەڵامیان بە زەردەخەنە دەبێتەوە، کاتێک پێدەکەنین، بارودۆخەکە زۆر بە توندی دەگۆڕێت و باشتر دەبێت. لەوانەیە سەیر بەرچاو بکەوێت، ئەگەر ببیتە هۆکاری ئەوەی کەسێک زەردەخەنەیەک بکات، حاڵەتی ڕۆحیەتی دەگۆڕێت و نەرمتر و دۆستانەتر دەبێت لەگەڵت. ئەمجارە ئەگەر هەستت بە بێتاقەتی و نارەحەتی کرد زەردەخەنە بکە. لەوانەیە ئەمە بە نەزانانە

بەرچاو بکەویت، بەلام زۆر کارساز و بەسوودە. بەردەوام زەردەخەنە بکە، هەرچەندە لەوانەیە ئەم کارە نەبێتە هۆی خۆشحالبوونت، بەلام هاوکاریت دەکات کە بەلایەنی کەمەوە بەشێوەیەکی کاتی رۆحییەتێکی پارێزراو و بەهێزت هەبێت

## ڕواڵەت

چ حەز بکەین و چ حەز نەکەین، مرۆڤ سروشتییەن کەمێک ڕواڵەت بین و ڕووکەش بینە. ئێمە بەشێوەیەکی غەریزی بەرەو کەسانی سەرنجڕاکێش دەڕۆین. تۆ دەتوانیت باشترین سود لەم بابەتە وەرگریت و بە دروستکردنی ڕواڵەتێکی سەرنجڕاکێش، کەسانێکی زۆر بۆلای خۆت ڕاکێشیت. هەموو شتێک لە قۆناغی یەکەم بۆ کەسێکی جوان باشترە، بەڵام سەرنجڕاکێشی بە تەنها ناتوانێت تۆ بەرەو ئامانجەکەت بەرێت. دەبێت کاتی بۆ تەرخان بکەیت و بە بەرنامەڕێژی کردن لەسەری، خۆت بەرەو سەرەوە ببەیت. تۆ دەبێت باوەڕبەخۆبوونت هەبێت، هەست بە ئارامی بکەیت و زمانی جەستەی خۆت زۆر لێهاتووانە کۆنترۆڵ بکەیت و سودی لێ وەرگریت تاوەکو بتوانیت بەکاری بهێنێت بۆ پەیوەندییە شەخسییەکانت یان بۆ پسپۆرییەکەی خۆت بە باشترین شێوە سودی لێ وەرگریت. بەڵام بەهیچ شێوەیەک نابێت زیادەڕەوی بکەیت، چونکە لە کۆتاییدا هیچکەس بەرەو ئەو کەسانە ناڕوات کە زۆر هەست بە ئارامی دەکەن و زیاد لە ڕادە دۆستانە هەڵسوکەوت دەکەن.

## پێداگیر بە

پێداگیری و جێگیربوون لە کردار، ئامرازێکی زۆر گرنگ و باشە، چونکە هاوکاری مرۆڤ دەکات تاوەکو زانیارییەکانی بە ڕاستی دیاری بکات و کاریان لەسەر بکات. ئەگەر فرۆشیارێک بیەوێت کڕیارەکەی قەناعەت پێ بکات و ڕایکێشێت بۆ لای خۆی، دەبێت دڵنیابێت لە ڕاست و دروستی بەڵگەکانی. بەڵگە درۆینەکان شایەنی ناسینەوەن و لە کاتی دەرکەوتنیان، هەموو گوریسەکە دەکەنەوە بە خوری. ئەو قسەیەی کە دەریدەبڕیت ڕاست و ڕاستگۆیانە بیپارێزە، و بەم ڕەوشە کەسانی زیاتر بۆ لای خۆت ڕادەکێشێت و قایلیان دەکەیت. پەیمان و پەیوەستبوون، شتێکە لەگەڵ قبوڵ کردن و جێگیربووندایە. چونکە هەمیشە ڕێگای ناسینەوەی ئەوەی کە کەسی بەرامبەر یان سوژە قەناعەتی کردووە بریتییە لە پەیمان و پێداگیرییەکەت بۆ بابەتەکە کە تاوەکو چەند سەرکەوتووئامێز بووە. بۆ نمونە کاریگەری ڕیکلامەکان لەسەر قایل بوونی خەڵکی بۆ فرۆشتنی کاڵاکان و کڕینیان و دەنگدانی خەڵکی بە کاندیدێکی پەیوەست بە حیزبێکی تایبەتەوە، دەچنە ناو ئەو جۆرە پێداگیرییەوە.

پرسەکە پەیوەستە بە شێوەی قەناعەت کردن، تەرخانکردنی خۆت بۆ کارێک کە لە خۆیدا جۆرێکە لە دیاردەیەکی نامۆ. ئەگەر بنەمای کارەکە بەردەوامی هەبێت کە ئەگەر پرسەکە بەشێوەی نووسراو بنووسرێتەوە و بە شێوەی زارەکی دەربخرێت، کەسی زیاد لە ڕادە ئاسایی، ئامادەی پابەندبوون دەبێت بەو پرسەوە. چونکە بەڵگە و پەیمانی نووسراو متمانەکراوترە، چونکە بابەتی پەیمان بەستن لە ڕوانگەی هەستییەوە

مەلموسترە و بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی هەردوولا لە سەر بابەتێکی دیاریکراو. ئەم بابەتە لەگەڵ عەقڵ و لۆژیکدا دەگونجێت. زۆرێک لە خەڵکی بە ئاسانی دەتوانن بە زارەکی بەڵێن بدەن کە شتێک دروست دەکەن یان کارێک ئەنجام دەدەن، بەڵام دواتر دەڕۆن و هەر لاش ناکەنەوە. بێگومان ئەو مەسەلەیەش هەیە کە ئەگەر داواکاری زارەکی بەڕێزانە و دۆستانە بێت، ئەگەری قبوڵ کردن و کارکردنی پێدەچێت زیاتر بێت، بەڵام هەمیشە دەرئەنجامی بەرهەمدار لە داواکارییەکان و ڕێککەوتنە زارەکییەکان سەربە کێشەن، لە کۆتاییدا پێویستە بووترێت کە هیچ ڕێگایەک بۆ پشتیوانی لە بەڵێندانی قسە بوونی نیە.

## پاساوەکان

قایل کردن و قەناعەت پێکردنی تاکەکان، بەشێکە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەر بۆیە پێویستە پەیڕەوی لە یاساکانیشان بکات. هەر تاکێک دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو کەسانەی لە دەوروبەریدان و لە بری ئەنجامدانی کارەکانی خۆی، بەرەو ئەنجامدانی کارەکانی ئەوانە دەڕوات کە لە دەوروبەریدا لە حاڵەتی ئەنجامدانیدان. خەڵکی بەشێوەیەکی ناخودئاگا بیروباوەڕ و کارەکانیان لەگەڵ دەوروبەریان گونجاندووە و هەماهەنگ کردووە و شێوەی هەڵسوکەوت وبیرکردنەوەشیان هاوشێوەی دەوروبەرەکەیان لێ کردووە. بۆ نمونە کاتێک کەسێک لە شارێکدا گەورە دەبێت، ئەگەری هەیە لە گەورەبووندا تایبەتمەندی ئەخلاقی ئەو کەسانەی کە لەو شارەدا دەژین وەردەگرێت و هەروەها ئەو کەسەی لەناو خێزانێکی ئاینیشدا گەورە دەبێت ئەگەری هەیە بیروباوەڕ و بیکردنەوەی

ئاینی هاوشێوەی لەگەڵ خێزانەکانی دەوروبەری پەیدا کردووە و ئەگەری هەیە ماوەیەکی زۆر تەرخان بکات بۆ خودا پەرستی، فێربوون و یارمەتیدانی کەسانی دەوروبەری.

خەڵکی حەز دەکەن ئاگاداری هەموو ئەو کارانە بن کە دەوروبەرەکەیان سەرقاڵن پێوەی، واتا و دەربڕینی چەمکی (ووزەی کۆمەڵی) بەتایبەتی لەم بوارەدا تێگەیشتنێکی بەهێزی و توانایی لەگەڵدایە. خەڵکی حەز دەکەن ئاگاداری ئەو کارانەبن لە دەوروبەریاندا ئەنجام دەدرێن، بۆ نمونە وەکو هاوپیشەکانیان یان ناسراوەکانیان. لەکاتێکدا خەڵکی بەردەوام دەڵێن دەیانەوێت تایبەت بن لە شێوەی ژیانیاندا سەربەخۆبن و حەقیان بەسەر کەسەوە نەبێت، لەکاتێکدا چاولێگەری لە دەوروبەر بۆ بوون بە ئەندام لەناو کۆڕ و کۆبوونەوەکان بووە بە ئالودەبوونێکی تەواو.

نمونەیەک لەم بابەتە، دەتوانرێت ئاماژە بە بابەتەکانی پەیوەست بە پێدانی هاوکارییەکان لە ڕێگەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانەوە ببینرێت، ئەگەر پێشکەشکاری بەرنامەکە بڵێت: (بەشی کۆنترۆڵ چاوەڕوانی تەلەفۆنەکانی ئێوە دەکەن، تکایە هەر ئێستا پەیوەندی بکەن) ئەو کاتە لەوانەیە لەو کاتەدا گوێگر وا بیر بکاتەوە کە هەموو کەسەکانی بەشی کۆنترۆڵ لە شوێنی ئیشەکەیان دانیشتوون و هیچ ئیشێک نیە بۆ ئەنجامدان، چونکە هیچکەس پەیوەندییان پێوە ناکات و ئەوان چاوەڕوانی تەلەفۆنی خەڵکی دەکەن. ئەو وێنایەی کە تاوەکو ئێستا (هیچکەس پەیوەندی نەکردووە) دەبێتە هۆی ئەوەی کە گوێگریش حەز بە پەیوەندی کردن نەکات، بەڵام ئەگەر پێشکەشکاری بەرنامەکە کەمێک وشەکانی بگۆڕێت و بڵێت (ئەگەر هێڵەکانی بەشی کۆنترۆڵ سەرقاڵ بوون، تکایە دووبارە پەیوەندی بکەنەوە) دەرئەنجامەکە بەتەواوی بە جیاواز بەدەست

دێت. ئێستا پرسەکە وابەرچاو دەکەوێت کە خەڵکی زۆر پەیوەندییان پێوە دەکەن و بەهۆی وەڵامدانەوەی خەڵکی دیکە، هێلی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی ئەوان بەردەست نیە، کاتێک ئەم ڕستەیە دەڵێت گەرموگوڕییەک بۆ خەڵکەکە دروست دەکات کە بە خێراترین کات هەوڵی پەیوەندی کردن بدەن.

لەکاتێکدا کە گوێگر هێشتا سەبارەت بە کارێک کە لە حاڵەتی ئەنجامدانیدایە دڵنیا نیە یان ئەو هەڵبژاردە جیاوازانەی کە لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا لەبەردەستیدایە زۆر هاوشێوەی یەکترن. بۆ ئەم کارە سود لە ڕەوشی دەروونناسی قایل کردن- پەیماندان و پەیوەست بوون وەردەگیرێت. لەم حاڵەتەدا خەڵکی بەگشتی حەزیان لەوەیە کە کارێک ئەنجام بدەن کەکاتێک خەڵکی دیکە دەکەونە ئەو هەلومەرجەوە هەمان کار ئەنجام بدەن. ئەمە لە حاڵەتێکدا کە لەوانەیە لە هەلومەرجێکی تایبەتی دیکەدا کەسەکە، هەڵبژاردەیەکی باشتریشی هەبێت، بەڵام لەو حاڵەتەدا کە خەڵکەکە، لە هەلومەرجێکی هاوشێوەدا ئەو بژاردەیان هەڵبژاردووە، کەسەکانیش بە کەوتنە دوای ئەوان ئەو بژاردانە هەڵدەبژێرن. ڕەوشێکی دیکە لە سودوەرگرتن لە گریمانەی هەڵسوکەوتەکان لە حاڵەتی بوونی هەندێک لە وابەستەییەکانە لە نێوان کەسەکاندا.

## پەیوەندی حساب بۆکراو

ئایا تۆ کەسێکیت بە ئاسانی پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ خەڵکی دروست دەکەیت و دەردەڵیان لەگەڵدا دەکەیت؟ ئەم کارە هەڵەیە، چونکە کۆنترۆڵکەرەکان خاڵی لاوازی تۆ دەناسنەوە و سود لەو خاڵانە وەردەگرن

بۆ دژایەتی کردن و لێدانت. سەرەڕای ئەوە تۆ لەم ڕێگەیەوە، ڕەوشی ئاسایی ئەنجامی کارەکانت بە ئاسانی خستووەتەڕوو بۆ ئەوان و بوویتە ئامانجێکی ئاسانتر بۆیان. کۆنترۆلکەرەکان لەم جۆرە پەیوەندییانەدا دەرئەنجامی کردارەکانت هەڵدەسەنگێنن و پاشان لەسەر ئەوە ئیش دەکەن کە بۆت بسەلمێنن کە پشتگیر و پشتیوانیت دەکەن. ئەوان بە ئارامی قەناعەتت پێ دەکەن کە تەنها باشی تۆیان دەوێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک بەو شێوەیە نیە. ئەم کەسانە بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانیان پێش ئەوەی کە پەیوەندییەکە بەرەو قۆناغێکی جدیتر بڕوات بە ئارامی هەژموونیان بەسەر بیرکردنەوەی تۆدا کردووە و گۆڕیویانە. کاتێک کە ئەم کەسانە سەرکەوتوو بوون بەم ئەنجامدانی کارێکی لەو شێوەیە، ئیدی دەتوانن بە ئاسانی قەناعەتت پێ بکەن و یان ناچارت بکەن بە ئەنجامدانی هەر کارێک کە لە مێشکیاندایە.

## زیاتر گوێ بگرە

قسەکردن لەبارەی خۆتەوە، چێژی هاوشێوەی چێژی خواردن و خواردنەوەی هەیە. بەگشتی خەڵکی لەبەری ئەوەی هەوڵبدەن زیاتر فێربن لە دەوروبەریان، حەزیان لەوەیە باسی خۆیان بکەن، کە پێدەچێت وا دەربکەوێت کە خۆپەرستانە دەربکەوێت، بەڵام زۆربەی خەڵکی حەز دەکەن تەنها بیر لە خۆیان بکەنەوە. ئەم پرسە ڕاستی تێدایە. هەر بۆیە دەبێت زۆر ئاگاداری خۆت بیت لەکاتی قسەکردن لەگەڵ خەڵکی و کەمتر باسی خۆت بکەیت و خۆت لەو کارە بەدوور بگریت. هەروەها پێویستیش ناکات بەدرێژایی کاتەکە قسە لەسەر کەسی بەرامبەر بکەیت، بەڵام ئەوە بزانە هیچکەس تاقەتی ئەو کەسەی نیە زۆر لەبارەی خۆیەوە قسە دەکات.

ئامۆژگاری کردن و ڕاوێژ کردن بۆ دەوربەریش دەتوانێت یارمەتی دروستکردنی پەیوەندی بدات، بەڵام خەڵکی بەگشتی حەزیان لەوە نیە لەم ڕێگەیەوە پەیوەندی دروست بکەن، بەتایبەتی کاتێک کە خۆیان داوای ڕاوێژ و هاوکاریان نەکرد یان هەست دەکەن کەسی بەرامبەر زیادەڕەوی زۆر دەکات لە ڕاوێژ و ڕێگا دانان. هەندێکجار گوێ گرتن بۆ قسەکانی خەڵک بە ڕاستی قورس دەبێت. لەم حاڵەتانەدایە هەست دەکەیت کە ناتوانیت ئاگات لەخۆت نەبێت، بەتایبەتی ئەگەر کەسی بەرامبەر بەردەوام لە حاڵەتی باسکردنی خۆیدا بێت.

زۆرێک لە خەڵک لەکاتی دەستپێکردنی قسەی بەرامبەر، دەچن بە قولایی بیرکردنەوەدا. کاتێک زانیت لەکاتی قسەکردنی کەسێکدا ڕۆشتوویت بە داڵغەدا و ئاگاداری قسەکانی نیت، هەوڵبدە فکر و بیرت بەلای قسەکانی بەرامبەرەوە بێت. تەنها بیر لەکاردانەوە لە قسەکانی مەکەرەوە، بەڵکو سەرنجی گوفتار و شێوەی قسەکانیشی بدە. سەیری چاوەکانیان بکە و گوێ بۆ قسەکانیان بگرە. خەڵکی دەزانن لەکاتی قسەکردندا گوێیان بۆ دەگریت یان پشتگوێیان دەخەیت. تەنانەت ئەگەر بەباشی ئاگاداری خاڵەکانی پەیوەست بە زمانی جەستەشەوە نەبیت، دیسانەوە دەتوانیت هەست بکەیت بەوەی کە بەرامبەرەکەت ئاگای لێتە یان بە پێچەوانەوە. تەنها تەرکیز نەکەیت لەسەر قسەکانی بەرامبەر، هەوڵبدە شێوەی قسەکانی لەبەر بکەیت. وەڵامی قسەکانیان بدەرەوە و لەبارەی قسەکانیەوە پرسیار بکە و هەوڵبدە زانیاری زیاتر سەبارەت بە قسەکانی و خۆی بەدەست بهێنیت. ئەگەر بەو شێوەیە بکەیت بە ئاسانی دەتوانیت پەی بەریت بەوەی کە کەسەکان لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان سەبارەت بە خۆیان چێژ وەردەگرن.

## ڕاستگۆیە

جیا لەوەی کە ئامانجی کۆتایی کەسانی کۆنترۆڵکەر چییە، دەبێت بزانیت ئەوانە لە هەڵخەڵەتاندنی قوربانییەکان و سوژەکانیان پسپۆڕن و هەمیشە بەهۆی ئەو هەڵخەڵەتاندنەوە دەتوانن بگەن بە خواستەکانیان. درۆی تایبەتی زۆر هەیە کە کۆنترۆڵکەر دەتوانێت لە ڕێگەی ئەوانەوە بگات بە ئامانجەکانی کۆتایی خۆی. یەکێک لەو درۆیانە، درۆی پوختە، ئەڵبەتە لە پاڵ ئەم درۆکردنەشدا، چەندین جۆری دیکەی درۆ کردن هەیە بۆ نموونە لەوانەیە کەسەکە لە کاتی باسکردنی بابەتێکدا بەشێک لە ڕاستییەکانی پەیوەست بە بابەتەکە بە ئەنقەست بسڕێتەوە و نەیانکات. هۆکاری ئەم بابەتەش ئەوەیە کە بە درۆ، زۆر ئاسانتر دەتوانێت سەرنجی کەسەکە ڕاکێشێت تاوەکو بە وتنی ڕاستییەک. لەوانەیە وتنی ڕاستییەک بە کەسێک ببێتە ڕێگر لە درێژە پێدانی دەستکاری کردن و ئەمەش بە تەواوی دژی بەرنامەکانی کەسی کۆنترۆڵکەرە.

هەر بۆیە کۆنترۆڵکەر حەز دەکات بەهۆی درۆکردنەوە بەشێک لە ڕاستییەکان بسڕێتەوە، گوێگرەکەی قەناعەت پێ بکات بە ئەنجامدانی کارێک کە خۆی دەیەوێت. بەڵام بەزۆری کاتێک قوربانییەکە پەی بە درۆکە دەبات تاڕادەیەک کار لەکار ترازاوە و درەنگی کردووە.

هەروەها لەوانەیە کۆنترۆڵکەر بڕیار بدات بەشێک لە ڕاستییەکە باس نەکات و بیشارێتەوە. لەم ڕەوشەدا کۆنترۆڵکەر قەناعەت دەکات بە دەرخستنی بەشێک لە ڕاستییەکە و ئەو بەشەشی کە بەلایەوە پەسەند نیە و لەگەڵیدا ناگونجێت بە گۆڕینی حاڵەت یان هەستی قوربانییەکە لە ڕەوشی هەڵخەڵەتاندن و دەستکاریکردندا دەیگۆڕێت و دەیگونجێنێت

لەگەڵ حاڵەتی کەسەکەدا. ئەم جۆرە هەڵخەڵەتاندنەش بە رادەی شێوازەکانی دیکەی درۆکردن قورس و دژوارە، چونکە هەرچی زیاتر لەم بوارەدا پێش بکەوێت، ئاشکرا کردنی درۆکە مەترسیدارتر و دژوارتر دەبێت.

ئەو خاڵەی کە دەبێت بیزانیت ئەوەیە کە ئەوەی کە کەسی کۆنترۆڵکەر پێت دەڵێت، پەیوەندی بە بەشێک لە ڕەوشی هەڵخەڵەتاندنەوە هەیە و گرنگییەکی تایبەتی هەیە. چونکە کۆنترۆڵکەر بە هیچ شێوەیەک دەستپاریزی ناکات و کەمترخەمی ناکات لە گەیشتن بە ئامانجەکانی و درۆکردنیش یەکێکە لە ئامرازەکانی کارەکانی. سەرەڕای ئەوەش ئەو کەسە لەکاتی درۆکردن هیچ بێتاقەت نابێت و هەست بە تاوان و شەرمەزاری ناکات. مادام بە هۆی ڕەوشە جیاوازەکانیانەوە دەتوانن بە ئامانجەکانی کۆتایی خۆیان بگەن، کەواتە هیچ گرنگی نادەن بەوەی کە چ بەڵایەک توشی کەسی قوربانی یان سوژە دەبێت.

# وەرزی یانزەیەم

# ڕەوشەکانی هەڵخەڵەتاندن

# ڕەوشەکانی هەڵخەڵەتاندن

هەڵخەڵەتاندن دەکرێت چەندین جۆری جیاوازی بگرێتەوە وەکو: ناڕوونی، شێواندن، زیادەڕەوی، درۆکردنی شاراوە. کۆنترۆلکەرەکان لەبەر ئەوە سەرکەوتوو دەبن بە دەستکاری کردن و کۆنترۆلی مێشکی کەسی قوربانی، چونکە کەسی قوربانی و سوژە بەتەواوی متمانەیان بەو کەسانە کردووە. کەسی قوربانی وادەزانێت هەموو قسەکانی کەسی کۆنترۆلکەر حەقیقەتن و هاتوونەتە دی، هەر بۆیە دەتوانێت ئایندەی خۆی لەسەر بنەمای قسەکانی بەرنامەڕێژی بکات. هەڵخەڵەتاندن جۆرێکە لە پەیوەندی کە حەقیقەت لەناویدا سڕاوەتەوە و لەسەر بنەمای درۆ دروستبووە، تاوەکو بە باشترین شێوەی مومکین کە لەناویدا دروستبووە سودی لێ وەرگرێت.

## جۆرەکانی هەڵخەڵەتاندن:

هەڵخەڵەتاندن جۆری زۆرە، بەڵام چوار جۆریان لە باوترین و دیارترینەکانی جۆرەکانی هەڵخەڵەتاندنە:

**یەکەم- درۆکردن:** ئەمە لە هەلومەرجێکدایە کە کەسەکە، زانیارییەکی کۆکردووەتەوە یان خستووەتەڕوو کە بە تەواوی لەگەڵ ڕاستی و واقعدا جیاوازە. ئەم زانیارییە دەبێت بەشێوەیەک لە شێوەکان

بگوازرێتەوە بۆ قوربانی یان سوژە و ئەویش وەکو حەقیقەت و ڕاستی قبولی دەکات. کەسی قوربانی نابێت بزانێت کە زانیارییەکان بە هەڵە پێی گەیشتوون، چونکە ئەگەر دەربکەوێت ئیدی متمانەی بە کەسی بەرامبەر نامێنێت و ئەگەری هەڵخەڵەتاندنی سەرکەوتوو لەناو دەچێت.

**دووەم- ناڕوونی:** کەسەکە دەست بە دەرخستنی بابەتێکی ناڕوون، تێکچوو و مەرجدار دەکات. لەم کاتەدا قوربانی سەری لێ تێکچووە و ئاگاداری ئەوە نابێت کە لە حاڵەتی ڕوودانادیە. ئەم ڕەوشە بۆ پاراستن و بە ڕاست دەرکەوتنی کەسی کۆنترۆڵکەر زۆر گرنگ و کاریگەرە، چونکە ئەگەر کەسی قوربانی دواتریش بگەڕێتەوە و ناڕەزایەتی پیشان بدات کە هەڵخەڵەتێنراوە، هیچ ڕێگایەکی بۆ سەلماندن نابێت.

**سێیەم- شاردنەوە:** ئەمەش شێوەیەکی دیکەیە لە هەڵخەڵەتاندن و زۆریش باوە. ئەمە کاتێک ڕوو دەدات کە کۆنترۆڵکەر بە ئەنقسەت و هۆشیارانە یان بە بەرنامەیەکی پێشوەخت بەشێک لە زانیارییەکانی پەیوەست بە بابەتەکە کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر کەسی قوربانی یان بڕیارەکانی، دەسڕێتەوە و دەیانشارێتەوە. لەم کاتەدا کۆنترلکەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هیچ درۆیەک ناکات لەگەڵ کەسی قوربانی، بەڵکو بە تەواویی دڵنیایی پێ دەبەخشێت کە هەموو زانیارییەکانی بە ڕاستی و دروستی پێ گەیاندووە.

**چوارەم- زیادەڕەوی:** ئەمە کاتێک ڕوو دەدات کە کۆنترۆڵکەرەکە لە بارەی ڕاستییەکەوە، لە ڕادەی خۆی زیاتر زیادەڕەوی دەکات و یان

ڕاستییەکە تاوەکو ڕادەیەک لە بەرژەوەندی خۆی دەگۆڕێت و گرنگتر یان بە نرختر لە پێشووتر دەیخاتەڕوو. لەم حاڵەتەشدا، لەوانەیە کۆنترۆلکەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ درۆ لەگەڵ کەسی قوربانیدا نەکات، بەلام بە هەرحاڵ هەلومەرجەکە بەشێوەیەک لە شێوەکان دوور لە ڕاستی و واقع دەخاتەڕوو، تاوەکو قوربانییەکە ناچار بکات بە قبولکردنی خواستەکانی.

## شێوەی دەرخستن و ناسینەوەی هەڵخەڵەتاندن

ئەگەر قوربانی بیەوێت ببێتە ڕێگر لە هەڵخەڵەتان و دەستکاریکردنی مێشکی، باشترین ڕێگا، فێربوونی دیاریکردنی شێوەکانی هەڵخەڵەتاندنە لەکاتی ڕوودانیان. دیاریکردن و دەرخستنی هەڵخەڵەتاندن بۆ کەسەکان، دژوارە، مەگەر ئەو کاتەی هەڵەیەک لە کەسی کۆنترۆڵکەر ڕوو بدات یان درۆیەک بکات و دەستبەجێ لەو کاتەدا بکەوێتەوە بەدرۆدا و درۆکەی ئاشکرا ببێت. دیارە کێشە بۆ کەسانی هەڵخەڵەتێنەریش دروست دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە، مەبەستی هەڵخەڵەتاندنی کەسانی ناسراو و خزمی هەبێت، لەم حاڵەتەشدا ڕەوشەکانی هەڵخەڵەتاندن درێژخایەنتر دەبێت و پێویستی بە کاتێکی زۆرتر هەیە بۆ ئەوەی قەناعەت بکات بە قوربانییەکە. دەرخستنی هەڵخەڵەتاندن، بە زۆری زۆر دژوارە، چونکە هیچ شێوەیەکی دەرەکی یان تەنانەت دەروونی لە هیچکام لەلایەنەکان دەرناکەوێت.

هەر بۆیە حاڵەتی شێوەی هەڵخەڵەتاندن، فشارێکی زۆری دەروونی هەیە بەسەر کەسانی هەڵخەڵەتێنەرەوە، چونکە ئەو کەسانە دەبێت ئەو

چیرۆکانەی کە بۆ قوربانییەکانیان بە درۆوە گێڕاوەتەوە یان دروست کردووە، ڕێک بەو شێوەیەی کە پێشتر یەکەمجار باسیان کرد بیریان بکەوێتەوە و هەوڵبدەن وەکو خۆی بیگێڕنەوە بۆ ئەوەی قسەکانیان شایەنی قبوڵ کردن بێت و بگونجێت لەگەڵ قسەکانی پێشووتریان، تەنها هەڵەیەکی بچوک لە کەسی هەڵخەڵەتێنەرەوە بەسە بۆ ئەوەی کەسی قوربانی بکەوێتە گومانەوە و پەی بە درۆی باسەکە ببات.

کەسی هەڵخەڵەتێنەریش بەردەوام لە ژێر فشاردایە، چونکە دەبێت هەوڵبدات وەکو قسەکانی پێشووتر قسە بکات و بەردەوامی بدات بە هەمان ڕێگا کۆنەکەی، هەوڵبدات زانیارییەکان بە شێوازی جۆراوجۆر کە هەندێک جار بە قسە و هەندێک جار بە جوڵەی جەستەیین ئەوە بیر قوربانی بخاتەوە تاوەکو قوربانییەکە لەسەر ڕێگاکەی ڕاگرێت. پسپۆڕان باوەڕیان وایە کە ناسینەوەی هەڵخەڵەتاندن، پرۆسەیەکی عەقڵی و بەهێز و ئاڵۆزە کە بەزۆری لەگەڵ پەیامی ئاڵوگۆڕدا جیاوازە.

گریمانەی هەڵخەڵتاندن لەناو کەسەکاندا ئەوە نیشان دەدات کە هەڵخەڵەتاندن، میکانیزمێکی کۆنترۆڵی دووبارەبووی ئاڵۆزە کە لە نێوان کەسی هەڵخەڵەتێنەر و قوربانیدا ڕوو دەدات. کەسی هەڵخەڵەتێنەر لەم ڕەوشەدا، هەوڵی دەستکاریکردن مێشک دەکات بە هۆی گۆڕینی ئەو زانیارییانەی بەشێوەیەکی جیاواز ڕاستیان هەیە، و قوربانیش لە هەوڵداندایە بۆ هەڵهێنجاندنی ئەم بابەتە کە ئایا زانیارییە وەرگیراوەکانی ڕاستە یان هەڵە؟ دەستپێشخەرییەکانی کەسی هەڵخەڵەتێنەر پاش وەرگرتنی پەیامەکان دەبێت ئامادەی هەنگاوەکانی کەسی قوربانی بێت و لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵیدا. کەسی هەڵخەڵەتێنەر دەبێت لەم پەیوەندییەدا، بەرنامەڕێژی کردبێت بۆ بەشەکانی قسەکردن و جوڵەکانی جەستەیی و ئامادەکاری کردبێت بۆ ئەوەی کە قوربانی بەرەو

هەڵخەڵەتاندن ببات. هەر بۆیە هەندێکجار لەکاتی ئەم ڕەوشەدا لەوانەیە کەسی قوربانی توانای دیاری کردن و ناسینەوەی نەگونجاوی و ناسازگاری قسەکان یان درۆکانی کەسی هەڵخەڵەتێنەری هەبێت.

## ڕەگەزە جیاوازەکانی هەڵخەڵەتاندن

لەکاتێکدا کە بڕیاردان لە بارەی ئەوەی کە هەر ڕەوشێکی هەڵخەڵەتاندن پێکهاتووە لە چ بەشێک کارێکی قورس و دژوارە، بەڵام پرسە تایبەتییەکان لەم ڕەوشەدا بە شێوەیەکی ئاسایی دووبارەبوو وەکو یەکن. بەتەواوی ناتوانرێت پەی بە بوونی ئەو ڕەگەزە پێکهێنەرانەی ببرێت مەگەر ئەوەی کە کەسی هەڵخەڵەتێنەر، بە ئاشکرا درۆ بکات و قوربانی ئاگاداری ڕەوشی درۆکردنەکەی ببێت. ڕەگەزی دیکەش بوونیان هەیە کە ئەگەر کەسی هەڵخەڵەتێنەر بتوانێت ڕەوشەکانی هەڵخەڵەتاندن ڕێکبخات بە ڕێگای ڕاستی خۆیاندا بیانبات، دەتوانێت وەکو تەکنیکیەکانی یارمەتیدان سودیان لێ وەرگیرێت. شاردنەوە، ئاڵوگۆڕ کردن و ساختە کردن، ئەو سێ ڕەگەزە سەرکییەن کە دەتوانرێت لە ڕەوشی هەڵخەڵەتاندا بەکار بهێنرێن.

**ڕەهەندی یەکەم شاردنەوە یان پەردەپۆشکردن:** ئەم ڕەهەندە کاتێک ڕوو دەدات کە کەسی هەڵخەڵەتێنەر هەوڵبدات حەقیقەتەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان لە کەسی قوربانی بشارێتەوە بەجۆرێک ئاگاداری زانیارییە هەبووەکان نەبێت. ئەم تەکنیکە بەگشتی لە کاتێکدا سودی لێ وەردەگیرێت کە هەڵخەڵەتێنەرەکە مەبەستی بێت نیوەی زانیارییەکان و

ڕاستییەکانی پەیوەست بە بابەتەکە بدات بە کەسی بەرامبەری. کەسی قوربانیش ماوەیەکی زۆر دواتر و کاتێک کە ڕاستییەکە ئاشکرا دەبێت دەتوانێت ئاگاداری ئەو شاردنەوە و پەردەپۆشکردنە ببێت. هەروەها کەسی هەڵخەڵەتێنەر دەتوانێت لە ڕەهەندی دووەمیش سود وەرگرێت، ئەویش بریتییە لە شوێن گۆڕکێ و گۆڕانکاری ڕاستییەکان، تاوەکو شانسی ئەگەری قوربانی بۆ پەی بردن بە ڕەوشی هەڵخەڵەتاندنەکە بگەیەنێتە کەمترین ئاست.

**ڕەهەندی دووەم، شوێن گۆڕکێ یان گۆڕین:** شوێن گۆڕکێش یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە لەناو ڕەوشی هەڵخەڵەتاندا ئیشی پێ دەکرێت. ئەم پرسە کاتێک ڕوو دەدات کە هەڵخەڵەتێنەر بیەوێت خۆی وەکو کەسێکی دیکە بناسێنێت بە کەسی قوربانی، هەڵخەڵەتێنەر دەتوانێت بڕیار بدات چ شتێکی بووێت لە قوربانییەکەی بشارێتەوە و ئەم پرسەش دەتوانێت بوارەکانی وەکو ناوی ڕاستەقینە، شوێنی ئیش، کاری ڕاستەقینە و هاوبەشەکانی و کار و پیشەکەی بێت. ئەم گۆڕانکارییە وەکو گۆڕینی جلوبەرگی ئەکتەری فلیمێک نییە بۆ نیشاندانی جۆرێک لە کەسایەتی تایبەتی. لە ڕاستیدا ئێمە لە حاڵەتی قسەکردنین لەبارەی گۆڕانکاری گشتی کەسایەتییەک بۆ هەڵخەڵەتاندن و خستنە داوی کەسی قوربانی.

نمونەی زۆر لەبەردەستدایە کە سودوەرگرتن لە شوێن گۆڕکێ و ئاڵوگۆڕ کردن لە ڕەوشی هەڵخەڵەتاندن ڕوونتر دەکاتەوە. یەکێک لەوانە شاردنەوەی ڕواڵەتی جیاوازە کە هەڵخەڵەتێنەرەکان لە بڕیارە جۆراوجۆرەکاندا لەگەڵ کەسانی جیاوازدا هەیانە، تاوەکو بتوانن ڕێگری بکەن لە دەرکەوتنی کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆیان. هەڵخەڵەتێنەر، پێدەچێت سود لەم ڕەوشەش وەرگرێت بۆ دیاریکردنی سەلیقەی

کەسەکان بەهۆی پەردەپۆشکردنەکان و کەسایەتییە جیاوازەکانەوە، ئەو کەسە جێگە متمانانەی کە کەسی قوربانی بە ئاسانی دەتوانێت پەیوەندییان لەگەڵدا دروست بکات بناسێتەوە و لەم بارەیەوە بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکەی خۆی سودیان لێ وەرگرێت. هەندێکجار لە هەلومەرجی تایبەتیشدا سود لەم دەربڕینەی گۆڕانکاری و جێگۆڕکییە وەردەگیرێت کە هەڵخەڵەتێنەر، ناوەرۆکی سەرەکی پێشنیارەکەی لە پەردەپۆشکردنی گۆڕانکاریدا دەشارێتەوە و بەهیوای ئەوەی کە ئەم پەردەپۆشکردنە بتوانێت کاریگەری و ئەو جوڵە دژ و پێچەوانانەی کە لە پشتییەوە هەیە بشارێتەوە.

**ڕەهەندی سێیەمی ڕەوشی هەڵخەڵەتاندن، ساختەکردن و تەزویر:** لەم ڕەوشەدا ئەو زانیارییەی کە سەبارەت بە قوربانی دەیخاتەڕوو بەتەواوی هەڵەیە. سێ تەکنیکی گرنگ لەناو ساختەکردندا هەیە کە هەڵخەڵەتێنەر دەتوانێت سودیان لێ وەرگرێت.

**تەکنیکی یەکەم، چاولێکەری:** لەم حاڵەتدا تاک هۆشیارانە شتێکی هاوشێوە لەگەڵ خواستەکانی خۆی بەناوی خۆیەوە دەخاتەڕوو. بۆ نمونە لەوانەیە کەسی هەڵخەڵەتێنەر، بیرۆکەیەک کە پەیوەندی بە کەسێکی دیکەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ خواستەکانی ئەودا دەگونجێت بەناوی خۆیەوە بگوازێتەوە بۆ کەسی قوربانی.

**تەکنیکی دووەم، دەستکاری کردن:** لەم حاڵەتدا کەسی هەڵخەڵەتێنەر دەستکاری گێڕانەوە و چیرۆکە ڕاستییەکە دەکات بە ئاگاداربوون لەو ئامانجەی لە هەوڵداندایە بۆ گەیشتن پێی لە باس و

گێڕانەوەکەیدا. ئەم گۆڕانکارییە لەوانەیە بە کەم کردنەوە یان زیادکردنی چەند باسێک بێت بۆ چیرۆکەکە. هەڵخەڵەتێنەرەکان بە دەستکاریکردن بەشێک لە چیرۆکەکان دەتوانن گێڕانەوەکە باشتر یان خراپتر بکەن. لەگەڵ ئەوەی کە پێ دەچێت ئەم باس و چیرۆکە لە بنەڕەتدا ڕوویدا بێت، بەڵام پاش کرداری دەستکاری کردن لەلایەن هەڵخەڵەتێنەرەوە، لە ئەنجامدا بەرەو باسێک دەیگۆڕێت کە ئاراستەی چیرۆکە سەرەکییەکە لەناویدا ون دەبێت و ئاراستە و ڕێگایەکی دیکەی بەتەواوی جیاواز، دەبێتە جێگرەوەی.

<u>**تەکنیکی سێیەم، سەرقاڵ کردن**</u>: لە ڕاستیدا ئەمەش بە یەکێک لە شێوازەکانی ساختە کردن هەژمار دەکرێت. کاتێک سود لەم تەکنیکە وەردەگیرێت کە هەڵخەڵەتێنەر هەوڵدەدات تەرکیز و بیرکردنەوەی کەسی قوربانی بەرەو شێوەیەکی دڵخوازتر لە ڕاستییەکە ببات و لەم ڕێگەیەوە کەسی قوربانی لە ڕاستی بابەتەکە دووری بخاتەوە. بۆ نمونە بیهێنەرە بەرچاوت پیاوێک جگە لە هاوسەرەکەی پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا هەیە و هەست دەکات کە هاوسەرەکەی کەم کەم ئاگاداری بابەتەکە دەبێت. لەم حاڵەتەدا لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە ئەڵقەیەکی بە هەدیە بۆ دەکڕێت و بەم ڕێگایە سەر لە هاوسەرەکەی تێکدەدات و لە ڕاستییەکە دووری دەخاتەوە. کێشەی ئەم ڕەوشە ئەوەیە کە ماوەیەکی زۆر ناخایەنێت و هەڵخەڵەتێنەر دەبێت ڕێگایەکی دیکە بۆ پەرش و بڵاوکردنی هەستی قوربانییەکە بۆ بەردەوامی ڕەوشی هەڵخەڵەتاندنەکەی بدۆزێتەوە.

## شێوەی سود وەرگرتن لە هەڵخەڵەتاندن

لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە بواری دەروونناسی، زۆرترین سود لە بەشەکانی هەڵخەڵەتاندن وەردەگرن، چونکە سودوەرگرتن لەم ڕەوشە بۆ دیاری کردن و دەرئەجامی ڕاستەقینە زۆر پێویستە. ئەو ڕوونکردنەوەیەی کە لە پشت سودوەرگرتنەوەوە هەیە، بۆ ڕەوشی هەڵخەڵەتاندن ئەوەیە کە خەڵکی سەبارەت بە شێوەی تێڕوانینیان بۆ خەڵکی و خۆیان زۆر هەستیارن. لە هەلومەرجی ئاساییدا قوربانی تاوەکو ئەو کاتە هەست بە ئارامی دەکات کە ئاگاداری ئەوە نەبێت تاقیکردنەوەی لەسەر دەکرێت، بەڵام هەندێک کات لەوانەیە بەهۆی خودئاگایی کەسەکەوە، جوڵەی نائاسایی ئەنجام بدرێت و یان بەهۆی جوڵەکانیەوە دەستێوەردان لە بارەی ڕەوشی لێکۆڵینەوەکەوە دروست ببێت. هەر بۆیە زۆرجار سود لە هەڵخەڵەتاندن وەردەگیرێت بۆ لێکۆڵینەوەکانی دەروونناسی تاوەکو مرۆڤەکان هەستێکی ئارامتریان هەبێت و کەسەکە بتوانێت دەرئەنجامێکی ڕاست تر بەدەست بهێنێت.

بۆ نمونە لەوانەیە مامۆستایەک حەز بکات بزانێت لە چ هەلومەرجێکدا خوێندکارەکانی دەتوانن لە تاقیکردنەوەیەکدا غەش بکەن. ئێستا ئەگەر مامۆستا، خوێندکارەکانی جیا بکاتەوە و بە شێوەیەکی تایبت و بە تاکی تاقیکردنەوەیان بکات، زەحمەتە ئەوان بەشێوەیەکی ئاسایی و وەکو هەمیشە بتوانن تاقیکردنەوە بکەن و لەم ڕێگەیەوە ناتوانیت تێبگەیت کە کام لە خوێندکارەکان بە چ هەلومەرجێک خەریکی غەش کردنن. بەگشتی لە هەلومەرجی چاودێری توندا، ناتوانرێت کەسەکان وا لێ بکرێن

کە دان بە درۆکردنەکەیان ببنێن، مامۆستا ناتوانێت دەریخات کە چ کەسێک ڕاستی دەڵێت و چ کەسێک نایڵێت. هەر بۆیە لەم سیناریۆیەدا، دەبێت مامۆستا سود لە ڕەگەزی هەستی سەرقاڵ کردن وەرگرێت، تاوەکو وێنەیەکی ڕوون لە چۆنیەتی شێوەی غەش بەدەست بهێنێت.

سەرەڕای ئەوەش مامۆستاکە دەتوانرێت بەهۆی لێکۆڵینەوە پەی بەوە ببات ئەو کەسانەی تاقیکردنەوەیان دەکرێت تاوەکو چەند بەشێوەی هەستی و بینراوی هەڵسوکەوت دەکەن. تەنانەت مامۆستا دەتوانێت لە ماوەی پرۆسەکەدا ئەوە بخاتەڕوو بۆ خوێندکارەکانی کە دەتوانن پێش وەڵامدانەوەکانی خۆیان سەیری وەڵامی کەسێکی دیکە بکەن. پاشان بە بە شیکارکردنی تبینی و سەیرکردنەکانی بگاتە دەرئەنجامێکی گونجاو.

تەنانەت لێکۆڵەر یان مامۆستاکە لەم زەمینە تایبەتییەدا دەتوانێت تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ بۆ بکات بۆ ڕادەی پەوەیستبوونیان بە بە ویژدان و پەیمانی ئەخلاقییەوە، بۆ ئاساییتر پیشاندانی هەلومەرجەکە داوا لەکەسێکی دیکە بکات بە خوێندکارەکان بڵێن کە دەتوانن پێش خستنەی رووی وەڵامەکانی خۆتان سەیری وەڵامی تەنیشتەکەی خۆت بکەیت. لە کۆتایی تاقیکردنەوەکەدا، مامۆستا دەبێت ئەوە ڕوون بکاتەوە بۆ خوێندکارەکانی کە هۆکاری سەرەکی ئەم تاقیکردنەوەیە چی بووە و بۆچی لەکاتی ئەم تاقیکردنەوەیەدا سودی لەو جۆرە ڕەوشی هەڵخەڵەتاندنە وەرگرتووە. سەرەڕای ئەوەش، هەندێک لە مامۆستاکان پاش بەدەستهێنانی دەرئەنجامی تاقیکردنەوەکان، ڕوونکردنەوەیەکی خێرا و کورتیش لەبارەی دەرئەجامە گشتییەکانی بەشداربووەکانەوە دەخەنەڕوو.

# وەرزی دوانزەیەم

# شـــۆردنـــەوەی مێشـــك

## ڕەوش و پرۆسەی شۆردنەوەی مێشک

دیزاینکردنی پرۆسەی شۆردنەوەی مێشکی کەسێک بە تەنها زۆر جیاوازە لە پرۆسەی دیزاینکردنی شۆردنەوەی مێشکی کۆمەڵێک یان گرووپێک. هەریەکە لەم ڕەوشانە بەشێوەی جیاواز لەم وەرزەدا باسکراون. ئەم ڕەوشی شۆردنەوەیە بە سەرنجدان بە بارودۆخی دەروونی کەسی قوربانی لەکاتی دەستپێکردنی پرۆسەکە، بە بارودۆخ و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو کەسە دەستپێدەکات. ئەم لایەنانە تاوەکو ڕادەیەک بنەمای ڕەوشی شۆردنەوەی مێشک پێکدەهێنن. بەشە قورسەکەی ڕووداوەکە لەوەدایە ناکرێت هەموو کەسەکان مێشکیان بشۆردرێتەوە. ئەم ڕەوشە تەنها لەسەر ئەو کەسانە ئەنجام دەدرێت کە هەست بە بۆشاییەک دەکەن و بەدوای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەدا دەگەڕێن.

بە تایبەتی کلیلی سەرەکی دەستپێکردنی پرۆسەی شۆردنەوەی مێشک لە دیاریکردنی ڕاست و دروست و دۆزینەوەی ئەو کەسانەیە. ئەم جۆرە کەسانە دەتوانرێت ئەو کەسانە بن کە بەهۆی ئەزموونی خراپ و ناخۆشەوە لە ڕوانگەی دەروونیەوە ئازاریان پێ گەیشتبێت و حەقیقەتی وجودیان توشی لەرزۆکی بووبێت.

بۆ نمونە، کەسێک لەبەرچاو بگرە کە بۆ گەشت سەفەری وڵاتێکی پڕ لە ئاژاوەی وەکو سوریای کردبێت، پاشان بەهۆی لەدەستدانی کەسێکی نزیکی یان خزمێکی لەو ڕێگایەدا بووبێت بە تیرۆرست. کاتێک بە لە

دەستدانی ئەو کەسە، ژیانی بە بێ مانا بزانێت، ئەو کەسانەی کە دەست بە شۆردنەوەی مێشکی دەکەن ئەمە بە هەل دەزانن و بیرۆکەیەک لەسەر بنەمای کوشتنی کەسانی دیکە بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوەی هاوڕێکەی یان خزمەکەی لە مێشکی ئەم کەسەدا دروست دەکەن. کاتێک کە کەسێکی گونجاو بۆ ئەو مەبەستە ناسرا، پرۆسەی شۆردنەوەی مێشکی دەستپێدەکات.

لە ئەفسانەکاندا بەو شێوەیە باس دەکرێت ئەو کەسانەی کە مێشکی خەڵکی دەشۆنەوە کەسانی تاوانبارن و بە توندوتیژی هەوڵی ئەنجامدانی ئەم کارە دەدەن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو کەسانەی کە ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدەن لەسەر کەسانی دیکە بە ڕواڵەت ژیانێکی ئارام و بە بەرنامەیان هەیە. قوربانییەکانی ئەم کەسانەش بەگشتی ناتوانن هەست بکەن لەسەر بنەمای ئەوەی کە مێشکیان دەشۆردرێتەوە، چونکە هیچ هۆکارێکی نائاسایی لە ڕواڵەتی ژیانی ئەم کەسانەدا نابینرێت و بوونی نیە، سەرەڕای ئەوەش، کەسی قوربانی بەهۆی ئەو زیانەی توشی میشک و دەروونی بووە پێشتر تەنانەت توانای بوونی ڕواڵەتی باشی ناسینی ژیانی ئەم کەسانەشیان نیە.

سەیری یەکەم بینینی قوربانییەک بکە کە کاتێک لەگەڵ کەسێکدایە کە مەبەستی شۆردنەوەی مێشکی ئەوی هەبێت، بەراوردی بکە لەگەڵ کەسێکی سادە و هەژاردا کە کەسێکی بەناوبانگ و ناودار دەبینێت. کەسی هەڵخەڵەتێنەر لەم حالەتەدا پێش هەرشتێک هەوڵ دەدات لە نێوان قوربانییەکە و خۆیدا متمانەیەک دروست بکات و هەروەها لەگەڵیدا پەیوەندییەکی باش دروست بکات. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش، کەسی هەڵخەڵەتێنەر هەوڵ دەدات تاوەکو هاوشێوەیەکی ڕووکەشی و قوڵ لەگەڵ کەسێکی قوربانیدا دروست بکات.

نمونەیەک لە هاوشێوەی ڕووکەشی دەتوانێت دروستکردنی پەیوەندییەکی سادە بێت وەکو پێکەوە خواردن و خواردنەوەیەک کە کەسی قوربانی حەزی لێ دەکات، بەڵام هاوشێوەی قوڵ دەتوانێت لەناو بوونی ئەزموونە هاوبەشەکانی ژیانیاندا ببینرێتەوە. کەسی هەڵخەڵەتێنەر لە حاڵەتی پێویستدا دەتوانێت بە پسپۆڕی و لایەنەکانی پێویستی، ئەزموونێکی ساختە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی قوڵ لەگەڵ کەسی قوربانیدا دروست بکات. ئێستا بیری لێ بکەرەوە کە قوربانی، ئەزموونێک لەسەر لەدەستدانی هاوڕێ خۆشەویستەکەی بخاتەڕوو، پێت وایە چ کەسێک ڕێک لەو کاتەدا ئەزموونێکی هاوبەش لە گیرفانیدا شاردووەتەوە؟ بەڵێ، ڕاستە، کەسی هەڵخەڵەتێنەر کە مەبەستی شۆردنەوەی مێشکی قوربانی هەیە.

ئەم ساختەبوونەی سۆزدارییە تەنها لایەنی ناوەکی پرۆسەی شۆردنەوەی مێشکی نییە. کەسی هەڵخەڵەتێنەر لە پاڵ ئەو دەرخستنی پرسەی باسکردنی ئەزمونی هاوبەشەی کە لەڕاستیدا جگە لە درۆ هیچی تر نیە، خەڵات و هەدیە دەدات بە قوربانییەکە و جارجاریش چاکەی دیکەشی لەبەرامبەردا دەکات. ئەم چاکانە دەتوانن وەکو بەڵێنی خواردنی بە خۆڕایی، خواردنەوە یان پێدانی کەرەستەیەک و ئامێرێکی ئەلیکترۆنیش بێت. ئەم چاکە و بەخشینە دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی پێزانین و ڕێزداری و خۆ بە قەرزدار زانینی کەسی قوربانی و لەم حاڵەتەدا هەر جۆرە بەرگرییەک لەلایەن کەسی قوربانییەوە لەناو دەبات و ڕێگاکە ڕەوانتر و ئاسانتر دەکات.

نمونەیەکی دیکە لەبارەی ئەم پەیوەندییەوە، کاتێک سەربازە ئەمریکییەکان لە سەردەمی شەڕ بە دیل گیرا بوون، دوژمنکانیان جگەرەی تەزویری ئەمریکییان پێدەدان و بە دەنگێکی ئارام و بەڕێزانە و

دلسۆزانە قسەیان لەگەڵدا دەکردن. ئەم حاڵەتە قوربانی ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی بکەوێتە ژێر پرۆسەی شۆردنەوەی مێشکەوە.

پاش دروستکردنی پەیوەندییەکی گونجاو لەگەڵ قوربانی، خستنەرووی وێنایەکی خەیاڵی و ئایدیالیستانە، بە قۆناغی دواتری پرۆسەی شۆردنەوەی مێشک دادەنرێت. لەم قۆناغەدا، کەسی هەڵخەڵەتێنەر دەبێت بۆ ئەو کێشانەی کە کەسی قوربانی لەگەڵیدا باسی کردوون، هەوڵی چارەسەریان بدات. ڕێگا چارەکان بە شێوەیەکی نارەسمی و جارجار دەخرێنەڕوو بۆ قوربانی، تاوەکو ڕێگە بگرێت لە ئەگەری وەڵامە نەرێیەکانی لایەنی قوربانی، لە ئەنجامی فشارەکان بۆ قبوڵ کردنی ڕێگا چارەکان. ئەم ڕێگاچارە ئایدیالیستانە، شێوەیەکی دیکەی کەسایەتی یان ئەو ئایدۆلۆژیایانەن کە کەسی هەڵخەڵەتێنەر دەیەوێت بیانکاتە مێشکی قوربانییەوە و لە ڕێگەی پرۆسەی شۆردنەوەی مێشکییەوە. ئەم ئایدۆلۆژییانە لەوانەیە بەشێوەی هەڵسوکەوتی تیرۆرستی، کۆمۆنیستی یان هەر ئامانجێکی دیکە کە کەسی هەڵخەڵەتێنەر مەبەستییەتی لەناو کەسی قوربانیدا دروستیان بکات و گەشە بکەن.

## کاریگەرییەکانی شۆردنەوەی مێشك

پرۆسەی شۆردنەوەی مێشک، ڕەوش و پرۆسەیەکی بەهێزە، هەرچی بەهێز و کاریگەریش بوو دیارە لێکەوتەکەشی درێژخایەن و کاریگەر دەبێت. یەکێک لە بەهێزترین لێکەوتەکانی شۆردنەوەی مێشک، لەناوچوونی کەسایەتی تاکییەتی کەسەکەیە. دەروونی قوربانی لە ناسنامە کۆنەکەی خۆی جیا دەبێتەوە. قوربانی ئەو کارانە ئەنجام دەدات کە پێشتر هەرگیز ئەنجامی نەداون. دەتوانرێت بووترێت ئیدی ناسنامەی

پێشووتری بوونی نامێنێت. قوربانی واهەست دەکات کە گوایا خودی پێشووتری هەرگیز نەبووە و جگە لە خەیاڵێک هیچی تر نەبووە. هەستەکان، شێوەی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی قوربانیش بە تەواوی دەگۆڕێن.

تێکچوون و کێشەی سترێس پاش ڕووداوی (PTSD)- (ئەم ڕووداوی PTSD یە کێشەیەکی دەروونییە کە لەدوای ئەزموونێک یان ڕووداوێکی ترسناکەوە دروست دەبێت. وەکو فلاش باک، کابوسێک و ترسێکی بەهێز و بیرکردنەوەیەکی نەخوازراو لەناو ئەو تاکەدا دەردەکەوێت. وەرگێڕ)- یەکێک لە کاریگەرییەکانی لەسەر ئەو کەسانە دەردەکەوێت کە سەرکەوتوو دەبن بە ڕزگاربوون لە شۆردنەوەی مێشک. قوربانیانی شۆردنەوەی مێشک نیشانەی دەروونی و جەستەیی هاوشێوەیان لەگەڵ کۆنە سەربازەکانی جەنگدا هەیە. ئەمە ئەوە دەخاتەڕوو کە شۆردنەوەی مێشک دەتوانێت کاریگەرییەکی درێژخایەنی لە چەشنی کاریگەرییەکانی جەنگی هەبێت.

نمونەیەکی دیکە لە کاریگەری درێژخایەن ماوەی شۆردنەوەی مێشک لە حاڵەتێکدایە کە قوربانی پاش ڕزگاربوونی لە شۆردنەوەی مێشکی، سەبارەت بەو بارودۆخە یان ئەو هەڵخەڵەتێنەرە، هەست بە دڵتەنگی دەکات و خوازیاری گەڕانەوە دەکات بۆ حاڵەتی پێشووتری. ئەم دیاردە دەروونناسییە بە ستۆکهۆڵم سیندروم (Stockholm Syndrome) دەناسرێت- (ئەم دەربڕینە دەستەواژەیەکە یان چەمکێکە بەرامبەر بە دۆخێکی دەروونی تایبەت بەکاردێت، کە تیایدا کەسی توش بوو جۆرێک لە خۆشەویستی یان هاوسۆزی دەنوێنێ بەرامبەر بەو کەسەی کە دەیچەوسێنێتەوە یان تاوانی بەرامبەر دەکات، سەرباری ئەوەی کە ئەو کەسە ئازار دەچێژێ و تووشی نارەحەتی دەبێت لەلایەن کەسی

چەوسێنەرەوە یان تاوانکارەکە، بەڵام ئەو هێشتا هەر دلسۆزی نیشان دەدات. وەرگێڕ)- قوربانیانی تووشبووی ئەم سیندرومە تەنانەت لە ئایندەدا، سوپاس و ستایشی هەڵخەڵەتێنەر و مێشک شۆرەوەکەی دەکات و بەردەوام پاساو بۆ کارەکانی دەهێنێتەوە.

## هەندێك لە تەکنیکەکانی شۆردنەوەی مێشك

### دابڕان و گۆشەگیری

دابڕان یەکێکە لەو تەکنیکانەی کە بەدرێژایی پرۆسەی شۆردنەوەی مێشک لەسەر کەسی قوربانی جێبەجێ دەکرێت. دابڕان و گۆشەگیری بە مانای دوورکەوتنەوە لە خەڵک و شوێنەکانە. کەسی شۆرەرەوە دەبێت لەوە دڵنیا بێت کە قوربانی لە خەڵکی دیکە دابڕاوە، تاوەکو ئەگەری هەر جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەک یان پەیوەندییەک لەگەڵ خەڵکی و دروستکردنی کێشە یان گۆڕان لە ڕەوشی شۆردنەوەی مێشکی قوربانی لەناو بچێت، تاوەکو لە ڕێگەی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی بۆچوونەوە نەبێتە هۆی قورستربوونی پرۆسەی شۆردنەوەی مێشکی. قوربانی شۆردنەوەی مێشک لە هاوڕێکانیان، خێزانەکانیان و هاوتەمەنەکانی خۆیان جیا دەکرێنەوە، تاوەکو دڵنیا ببنەوە بە هۆی پەیوەندییان لەگەڵ ئەو کەسانە، شێوەی بیرکردنەوە و تێڕوانینی خۆیان ناگۆڕن.

### ترس و وابەستەبوون

ترس، ڕێگایەکی زۆر بەسود و کاریگەرە کە لە پرۆسەی شۆردنەوەی مێشکدا بەکار دەهێنرێت. بۆ نمونە کاتێک کەسی هەڵخەڵەتێنەر پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک یان گروپێکدا هەیە، دەتوانێت سود لە ترس وەرگرێت بۆ دڵنیایی بەدەستهێنان لەوەی کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی

بکەن و بە سود وەرگرتن لە هێزی ترس، قوربانییەکانی ناچار بکات بەوەی بە وەفابن لەگەڵیدا. زۆرجار بە ترس دەتوانێت خەڵکی بکاتە شوێنکەوتەی خۆی یان ناچاریان بکات بە بێدەنگبوونیان بۆ بەدەستهێنانی مەبەستێک.

**بۆردومانی سۆزداری**

بۆردومانی سۆزداری لە پرۆسەی شۆردنەوەی مێشکدا کاتێک ڕوودەدات کە کەسی هەڵخەڵەتێنەر، هەوڵبدات بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی سۆزداری لە ڕوانگەی ئەوەی کە خۆی بە یەکێک لە ئەندامەکانی خێزانی ئەو کەسە دەزانێت و لەم ڕێگایەوە پرسەکەی بخاتەڕوو.

دروستکردنی بیرۆکە لەناو مێشکی قوربانی و دروستکردنی کەسایەتییەکی تازە بۆی بە سودوەرگرتن لەو ڕەوشە ئاسانتر دەبێت. خێزان بۆ زۆربەی خەڵک وەکو گەنجینەیەکە، چونکە ئەوانە کەسانێکن کە تۆ لە هەموو کەس باشتر دەناسن و زۆرترین کاتت لەگەڵدا دەبەنە سەر.

**هەستکردن بە گوناهـ**

ڕەوشی دروستکردنی گوناه بەهۆی ئەوەوەیە کە کەسی هەڵخەڵەتێنەر، ئەو باوەڕە بۆ قوربانی دروست دەکات هەر کارێک کە ئەنجامی دەدات هەڵەیە و مرۆڤێکی خراپە. هەست کردن بە گوناه دەبێتە هۆی ئەوەی کە قوبانی لە بیروباوەڕەکانی خۆیدا توشی گومان بێت. لەم ڕەوشەدا هەڵخەڵەتێنەرەکە لە نیشاندانی هەڵەکانی قوربانیدا زیادەڕەوی دەکات و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دروستکردنی هەستی گوناهی زیاتر لەناو کەسی

قوربانیدا، و کەسی قوربانیش بەردەوام پێویستی بەوە بۆ ڕزگاربوون و نەجات بوونی لەو بارودۆخەی کە کەوتووەتە ناویەوە.

**دووبارەبوونەوە**

ئەگەر بابەتێک بە ڕادەی پێویست دووبارە بێتەوە، خەلک و کۆمەلگە دەست دەکەن بە قبولکردنی. لە ڕاستیدا، توێژینەوەکان ئەوەیان پیشان داوە کە ئەگەر تەنها یەک کەس سێ جار بۆچوونێک دووبارە بکاتەوە. ٩٠% ئەگەری هەیە بتوانێت سێ کەس لە دەوروبەریدا قەناعەت پێ بکات کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بەرزە. لەم ڕەوشەدا، کەسی هەلخەلەتێنەر بە سود وەرگرتن بە دووبارە کردنەوە، هەوڵ بۆ قەناعەت پێکردنی کەسی قوربانی دەدات.

**پرۆسەی ئاسایی**

لەم قۆناغەدا کەسی هەڵخەڵەتێنەر، هەوڵ دەدات ڕەوش و شێوازی ڕۆتینی ئاسایی کردار و بیرکردنەوەکانی پەیوەست بە کەسایەتی کۆنی کەسەکە بگۆڕێت و هاوکات شێوازێکی تازە لە کەسایەتییەکی تازە کە خۆی بەرچاوی گرتووە بکاتە جێگرەوەی کەسایەتییە کۆنەکەی.

**چالاکی جەستەیی**

ئامانجی کەسی هەڵخەڵەتێنەر لەم قۆناغەدا ئەوەیە کە قوربانییەکە بەهۆی چالاکییە جەستەییە دووبارەکانەوە، بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. ئەوەی کە چالاکییە جەستەییەکان لە پرۆسەی شۆردنەوەی مێشکدا لە وەرزشە ئاساییەکانی دیکە جیای دەکاتەوە، ئەوەیە کە لەم بوارەدا کەسی هەلخەلەتێنەر پاش ئەنجامدانی چالاکییە جەستەییەکان، بە خەلق و

خوی باشتر سود لە لە ناسنامەی گروپی قوربانییەکانی وەردەگرێت و بە بیروباوەڕ ئایدۆلۆژییە مەبەستدارەکانی لەکاتی ماندووبوونی قوربانییەکانی و ڕێک ئەو کاتەی کە بەرگری ئەوانە بەهۆی ماندووبوونیانەوە لە کەمترین ئاستدایە، بە هێزێکی زیاترەوە دەسەپێنێت بەسەریاندا. دووبارەبوونەوەش یەکێکی دیکەیە لە ڕەوشەکانی قایل کردنی خەڵک بۆ کەم کردنەوەی حاڵەتی بەرگری مێشکیان و کەمترکردنی بڕی گومانیان بۆ بیرۆکە و ئایدیاکان.

# قۆناغەکانی شۆردنەوەی مێشک

## وێرانکردنی کەسایەتی و ناسنامە

وێرانکردنی کەسایەتی مرۆڤ، یەکەمین هەنگاوە بۆ دەستپێکردنی ڕەوش و پرۆسەی شۆردنەوەی مێشک. هەڵخەڵەتێنەر، کەسایەتی کۆنی قوربانییەکەی خۆی تێکشکاندووە، زیانی پێگەیاندووە و بە درێژایی پرۆسەکە، کەسایەتییەکی تازەی مەبەستداری خۆی زاڵ کردووە بەسەریدا. ئەم قۆناغە بۆ پێشبردنی پرۆسەکە، زۆر پێویستە. ئەگەر قوربانییەکە هێشتا هەر باوەڕی بە کەسایەتییە کۆنەکەی و بیروباوەڕەکانی پێشووتری هەبێت، هەڵخەڵەتێنەر لە درێژەی پرۆسکەیدا، هیچ پێشکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە.

وێرانکردنی کەسایەتی و ڕێنوێنی کردنی قوربانی بۆ شوێنێک کە خۆی و دەوربەرەکەی بخاتە ژێر پرسیارەوە، هاوکارییەکی زۆر دەکات بۆ گۆڕینی خێراتری کەسایەتی لە قۆناغەکانی دواتری پرۆسەکەدا. ئەم ئامانجە بە چەند قۆناغێک وەکو هێرشکردنە سەر کەسایەتی کەسەکە بەدەست دەهێنرێت، وەکو سودوەرگرتن لە هەستی گوناە، خیانەت بەخۆی و خاڵی تێکدان.

## ئەگەری ڕزگاربوون

کاتێک کە کەسی هەڵخەڵەتێنەر، سەرکەوتوو بوو بە وێرانکردنی کەسایەتی قوربانی، سەرەی جێبەجێ کردنی قۆناغی دواتری پرۆسەکە

دێت، لەم قۆناغەدا، قوربانی تەنها لە حاڵەتێکدا دەتوانێت ڕزگاری ببێت کە ئامادەی وازهێنان لە کەسایەتی و بیروباوەڕی پێشووتری و قبوڵکردنی ئەو کەسایەتییە تازەیە بێت کە پێشنیاری بۆ کراوە. لەم قۆناغەدا ئەو هەلە دەدرێت بە کەسی قوربانی کە هەوڵبدات پەی بە ڕووداوەکانی دەوروبەری ببات و هاوکات ئەو دڵنیاییەی پێ دەدرێت کە پاش تێپەڕاندنی ئەو ڕێگایەی لەبەرچاو گیراوە بۆی، هەمووشتێک ڕێک و ئاسایی دەبێتەوە.

نەرمونیانی، ناچارکردن بە دانپیادانان، ڕێنوێنی هەست کردن بە گوناه و وازهێنان لە هەست کردن بە تاوانیش، چوار قۆناغی جیاوازە کە لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم بەشەش لە پرۆسەکەدا سودیان لێ وەردەگیرێت.

**دارشتنەوەی کەسایەتی**

کاتێک قوربانی دەچێتە ناو ئەم قۆناغەوە، چەندین قۆناغی پێشووتر لەگەڵ تێکچوونە سۆزدارییە جۆراوجۆرەکانی ئەزموون کردووە. لەم قۆناغەدا، قوربانی بەتەواوی قەناعەتی کردووە بەوەی هەموو بیروباوەڕەکانی پێشووتری هەڵەبوون و ئێستاش دەبێت هەموو شتێک ڕاست بکاتەوە. بەم کارانەی لە ڕێگەی شێوە جیاوازەکانەوە لە کەسایەتییەکەی پێشووتری دوور دەکەوێتەوە. پاش ئەنجامدانی هەموو ئەو قۆناغانە، ئێستا قوربانی دەبێت بە ڕێنوێنی کەسی هەڵخەڵەتێنەر خەریکی دارشتنەوەی کەسایەتی و ناسنامەی خۆی بێت.

ئەم قۆناغە ئەو هەلە دەدات بە کەسی هەڵخەڵەتێنەر تاوەکو بیرۆکەکانی بە واتایەکی تازە بناسێنێت بە کەسی قوربانی و لە مێشکیدا جێگیریان بکات، چونکە لەم قۆناغەدا کەسی قوربانی وەکو لاپەڕەیەکی سپییە و ئامادە و شەیدیای فێربوون و وەرگرتنی هەستێکی تازەی جیا لە هەستە کۆنەکەیەتی.

# وەرزی سیانزەیەم

## دەستکاری سۆزداری شاراوە

# دەستکاری سۆزداری شاراوە

لەوانەیە پەرۆش بیت بەوەی کە بزانیت بەشی شاراوەی دەروونناسی چییە و لە بارەیەوە دەتوانیت چ زانیارییەک بەدەست بهێنیت؟ لە ڕاستیدا ئەم بەشە پەیوەندی بە مەبەستی کەسێکەوە هەیە بە شێوەی ئاشکرا یان شاراوە بۆ کاریگەریی کردنە سەر تێڕوانین و هەستەکانی کەسێکی دیکە. ئەگەر بە جیا باسی هەر وشەیەکی ئەم دەربڕینە بکەین، واتا و بنەما سەرەکییەکەی تاوەکو ڕادەیەکی زۆر ئاشکرا دەبێت. ئەڵبەتە دەبێت ئاماژە بەو بابەتەش بکرێت کە نابێت هەموو جۆرەکانی کۆنترۆڵی هەستی بە شاراوەیی بزانرێن، بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا، ئەو کەسانەی کە دەبنە قوربانی و سوژەی کۆنترۆڵکەرەکان، بەهیچ شێوەیەک ئاگاداری ئەو بابەتە نین کە لەلایەن کۆنترۆڵکەرەوە کەوتوونەتە ناو بەرداشی پرۆسەی دەستکاری سۆزدارییەوە.

ئێمە لە ئێستادا کە بیرۆکەیەکی گشتیمان هەیە سەبارەت بەوەی کە بەناوی دەستکاری دەروونناسییەوە ناو دەبرێت، ڕێگەم بدەن هەنگاوێک زیاتر بڕۆینە پێشەوە تاوەکو تێڕوانینێکی قوڵترمان هەبێت بۆ دەرئەنجامەکانی پرۆسەی دەروونناسی تاریک و جیاوازی شێوازەکانی کۆنترۆڵی هەر ڕەوشێکی. هەروەها لەم وەرزەدا باسی دەرخستنی ئەو زەمینە جیاوازانە دەکەین کە ئەگەری ڕوودانی ئەم جۆرە شێوەیان لە هەڵخەڵەتاندن تێیدا زۆرە.

ئەوەی کە لێرەدا دەبێت سەرنجێکی تایبەتی بخەینە سەر ئەوەیە ئەو هەلومەرجەی کە ئەم جۆرە دەستکارییانەی تێدا ڕوو دەدات، بەشێکی جیانەبووە لە ژیانی کۆمەڵایەتی، زانکۆیی، ژن و پیاوی و خێزانی کەسێک و خۆلادان لەناو ئەوانەدا بەشێوەیەک لە شێوەکان نامومکین و نەگونجاوە.

گومانی تێدا نیە کە ترسناکترین و سۆزدارترین جۆری دەستکاری، دەستکاری سۆزداری شاراوەی عاشقانەیە، بەڵام هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە بە چاوپۆشی لەو هەلومەرجەی کە کەوتوویتە ناویەوە، کاتێک واتا بنەڕەتییەکان و ڕێگا چارە باشەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە دەستکارییە فێر ببیت، دەتوانیت کۆمەڵە سیستەم و یاسایەکی عەقلی بۆ بەرگری لە خۆت دروست بکەیت و خۆت بپارێزیت لە بەرامبەر ئەم هەلومەرجە.

هەروەکو چۆن ڕەوشە جۆراوجۆرەکان بۆ گواستنەوەی واتا و دەربڕینێک بوونیان هەیە، کەسانێکی تایبەتیش بوونیان هەیە کە بە دەرخستنی بیرۆکەیەکی تایبەتی، ئەگەری ڕوودانی دەستکاری سۆزداری شاراوە پەرە پێ دەدەن. بۆ تێگەیشتن و پەیبردنی زیاتری ئەم تێگەیشتنە پێویستی بەوەیە کە تاک، پەیوەندی نێوان ئەم گریمانە ئاڵۆزە و لایەنە کەسییەکانی واقعەکانی تێگەیشتن لە ژیانی ڕاستەقینەدا دروست بکات.

نمونەیەک لەبارەی ئەم پرسەوە، ئەو مەودا فراوانەی کارلێکی ژیانی کەسێکە کە بەشێوەیەکی بەردەوام، دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی سۆزداری و عەقلییەوە. بەگشتی کاتێک دوو کەس لە پاڵ یەکدا دەژین و یەکێک لە لایەنەکان تێدەگات کە لایەنەکەی دیکە بە ڕوونی و بە هەر ڕێگایەک بووە هەوڵدەدات بۆ کۆنترۆڵی ئەو پەیوەندییەی نێوانیان، کەسی زیانپێگەیشتوو یان قوربانی، هەوڵی کۆتایی هێنانی ئەو پەیوەندییە دەدات، چونکە باوەڕی وایە، کەسی بەرامبەر هێڵی سوری بەزاندووە. هەر لەبەر

ئەوەیە کە زۆربەی ئەو کەسانەی کە دەست بۆ دەستکاری دەبەن، بە ئاشکرا خواستەکانیان نمایش ناکەن و لەبەرامبەردا هەول بۆ شاردنەوەیان دەدەن و هەولدەدەن سود لە ڕەوشەکانی دەستکاریکردنی شاراوە وەرگرن.

لەم حاڵەتەدا، قوربانی بە ئاسانی و بەشێوەیەکی تەواو دەکەوێتە ژێر سوئیسفادەیەکی هەستییەوە، بەبێ ئەوەی ئاگاداری بێت. ئەم ڕەوشە ڕێگایەکی زۆری بۆ کۆنترۆلکەرەکە ئاسان کردووە و لەگەری سەرکەوتنیشی بۆ فەراهەم هێناوە، چونکە دەتوانێت بەبێ قوربانی کردنی پەیوەندییەکە، بە تایبەتی پەیوەندی عاشقانەی، ئەم پەیوەندییە بۆ کۆنترۆلی کەسانی دیکە لەناو خۆیدا بپارێزێت و بە شێوەی نهێنی کاری لەسەر بکات. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر یەکێک لەلایەنەکان، مەبەستی تەواوکردنی پەیوەندییەکەی هەبێت دەتوانێت سود لەم ڕەوشەی دەستکاری بۆ دەرچوون لە پەیوەندییەکە وەرگرێت.

هەندێک کاتیش سود لەم ڕەوشە وەردەگیرێت بۆ چاندنی تووی هەستی پەشیمانی، هاودەردی و تەنانەت بۆ دروستکردنی شەرم لەناو دڵی کەسی قوربانیدا. لەم حاڵەتەشدا دیسانەوە بەهیچ شێوەیەک تاک نازانێت و تێ ناگات کە هەڵخەڵەتێنراوە یان سۆزدارییەکانی توشی دەستکاری کردن بوون. لەم حاڵەتەشدا کەسی هەڵخەڵەتێنەر بە گشتی کارەکانی، هەڵسوکەوتەکان و قسەکانی لە ژێر ناوی ئەوەی کە (تەنها لەبەر خاتری پاراستنی خێزانەکانمان ئەم کارە دەکەین) دەشارێتەوە.

سوئیسفادەکردنی دەروونی بەردەوام، بەزۆری لەناو دنیای پسشپۆڕیدا ڕوو دەدات. زۆرێک لە کارمەندەکان کاتێک سەردانی سەنتەرەکانی دەروناسی دەکەن پێیان دەوترێت کە چ ئاگایانە و چ بێ ئاگایانە توشی هەستێکی توندی لەسەر بنەمای ترس، پەیمان یان کەمتەرخەمی بوون. لەکاتێکدا کە ئەم جۆرە کەسانە بە شێوەیەکی زۆر گەورە ئامادەگی

چالاکیشیان لە شوێنی ئیشەکەیاندا هەبووە و ئەرکی خۆیان جێبەجێ کردووە، کەچی تێ ناگەن کە بۆچی و چۆن توشی ئەم جۆرە هەستە بوون و هۆکار و سەرچاوەکەی چییە؟

یەکێک لەو تەکنیکانە، بۆردومانی سۆزدارییە. بیرخستنەوەی ئەو خاڵە زۆر گرنگە کە کەسی کۆنترۆڵکەر بەشێوەیەکی ئاسایی هەر لە ساتەکانی سەرەتای دروستکردنی پەیوەندییەکەی لەگەڵ قوربانیدا، سود لەو ستراتیژە وەردەگرێت. ئەمەش یەکێکە لە سادەترین ئەو تەکنیکە مومکینانەی کە لەناویدا، تەنها پێویستی بەوەیە کە کەسی هەڵخەڵەتێنەر بە دەربڕینی توند، خێرا و شەیدایانە هەستی ئیجابی بۆ کەسی قوربانی دەربڕێت.

سەرەتا کاتێک ورد دەبیتەوە لەو ڕەوشە، پرۆسەکە سەیر و نائاسایی بەرچاو دەکەوێت، چونکە بەڵگەی ئەوە دەهێنیتەوە ئەگەر کەسێک مەبەستی زیان پێ گەیاندنی بە کەسێکی دیکە هەبێت، سروشتییەن نابێت هەستی ئیجابی خۆی سەبارەت بەو کەسە دەربڕیت، بەڵام ئەگەر سەرنجی ئەم بابەتە بدەیت تێدەگەیت کە دەرخستنی ئەم هەستانە ئەوی بەرەو ئامانجەکانی کۆتایی نزیک تر کردووەتەوە و ڕێگای دەستپێڕاگەیشتنی ئاسانتر کردووە.

ئەو ئامانجەی کە لە پشت ئەم کارەوەیە زۆر سادەیە، چونکە مەبەستی سەرەکی ئەو کەسە دروستکردنی هەستی عەشق، متمانە و پەیڕەویکردنی کەسی قوربانییە. لەکاتی سودوەرنەگرتن لەم ڕەوشە، یان قبوڵ نەکردنی لەلایەن کەسی قوربانییەوە، کۆنترۆڵکەر ناچار دەبێت بە ئەنجامدانی کرداری ڕەوشی دیکە کە توندوتیژتر و بەهێزترن.

پێوەر و ڕەوشی سود وەرگرتن لە تەکنیکی بۆردومانی سۆزداری، بەگشتی پەیوەندی بە هەلومەرجی ژینگەیی و هەڵسەنگاندنەکانی کەسی

کۆنترۆڵکەرەوە هەیە سەبارەت بە کارکردنیان. ڕێگام بدە بە باسکردنی نمونەیەک تێگەیشتنی ئەم بابەتە ئاسانتر بکەم. بۆ نمونە کەسێک بهێنەرە بەرچاوت کە وا پێ دەچێت زۆر خەمبار و بێتاقەت و تەنهایە. کۆنترلکەر حەزێکی زۆرتری هەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەم کەسە وەکو قوربانی خۆی، چونکە وا بیر دەکاتەوە کە دەستکاریکردن مێشکی ئەم کەسە لەچاو کەسانێکدا کە هەلومەرجێکی دەروونی ئاساییان هەیە ئاسانترە.

لەو ڕوونکردنەوەیەی سەرەوە دەتوانرێت دوو خاڵی گرنگ تێبگەین، هەروەها دەتوانن دوو وانەی زۆر گرنگ لەبارەی دەستکاری سۆزداری هەمیشەییەوە لە ماوەی ئەم ڕوونکردنەوەیەدا فێربین.

**وانەی یەکەم:** دروستکردنی هەلومەرجێکی خەیاڵی لە هەمانکاتدا هەستێکی لەسەرخۆیی و ئارامی. تەنانەت خودی تۆش لەوانەیە لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە مەبەستی زیان پێگەیاندنیان بە کەسانی دیکە هەیە لەم ڕێگەیەوە، بڵێیت (بەڕاستی کەسێکە پەیوەندی خۆشە لەگەڵیدا، دەبێت زیاتر پێکەوە تێکەڵ بین و هاتوچۆ بکەین) لەڕاستیدا بۆ کەسێک کە زانیاری لەسەر ئەم ڕەوشە نەبێت، دیاریکردنی بۆردومانی سۆزداری لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەزەتا تاوەکو ڕادەیەک قورس و دژوارە.

**وانەی دووەم:** ئەوەیە کە پەیوەندی بە هەلومەرجی قوربانی، دەستکاری سۆزداری بەردەوامەوە هەیە، کە دەتوانێت بە ڕەوشی جۆراوجۆر ڕووبدات.

کۆنترۆڵکەرێکی پسپۆڕ بە کەمێک ئەزموون، زۆر ئاسانتر لە کەسانی دیکە دەتوانێت سود لەم ڕەوشە وەرگرێت، چونکە ئەو دەزانێت کە چۆن و

له چ کاتێکدا سود لەم ستراتیژییە وەرگرێت سەبارەت بە کەسەکان لەکات و شوێنی خۆیدا.

ئەم جۆرە تەکنیکە بەگشتی دەبێت بەشێوەیەک کاری پێ بکرێت کە کەسی قوربانی یان سوژە ئاگاداری نەبێت و پەی پێ نەبات. شێوەی کارکردنی تەکنیکی بۆردومانی سۆزداری بەگشتی بەم جۆرەیە کە لە سەرەتاوە بە دەرخستنی هەستێکی توند دەست پێدەکات و بەشێوەیەکی فراوان ڕەوشی ئەم دەرخستنی هەستە پەرە دەسێنێت و پاشان کاتێک کە ئامانجەکە بەتەواوی جێبەجێ بوو، کەسی هەڵخەڵەتێنەر، کۆنترۆڵی کەسی قوربانی لەدەست دەگرێت، توندی دەرخستنی هەستەکانیش بە شێوەیەکی کۆنترۆڵکراو کەم دەبنەوە و هاوسەنگتر دەبن. ئامانج لە سودوەرگرتنی تەکنیکی بۆردومانی سۆزداری، هێنانە خوارەوە یان نزم کردنەوەی دیواری بەرگری کەسی قوربانییە و پەرەسەندنی وابەستەبوونییەتی بە کەسی کۆنترلکەرەوە، چونکە بەردەوامیدان بەم تەکنیکە بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە هۆی دروستبوونی تێڕوانینێکی باش سەبارەت بە کۆنترۆڵکەر و پەیوەندییەکی ئیجابی دروست دەکات لەگەڵ کەسی قوربانی.

یەکێکی دیکە لە تەکنیکە زۆر بەسودەکان لەلایەن کەسی کۆنترۆڵکەرەوە، تەکنیکی سێ کوچکەیی یان سێ بەندییە. ئەمە یەکێکە لە ڕەوشە زۆر کاریگەرەکان کە کۆنترۆڵکەرەکان لە پەیوەندییەکانیاندا سودی لێ وەردەگرن، کە لەناویدا پەیوەندی نێوان خودی کەسی کۆنترۆڵکەر، قوربانی و کەسی سێیەم دروست دەبێت.

ئامانجی سەرەکی ئەم پەیوەندییە دروستکردنی سەرلێشێواندنی کەسی قوربانییە کە لە کۆتاییدا بە ڕێنماییەکانی کەسی کۆنترۆڵکەر بە دروستبوونی پەیوەندی سۆزداری قوڵ لەلایەن کەسی قوربانییەوە لەگەڵ

کۆنترۆڵکەر تەواو دەبێت. لەم ڕەوشەدا کەسی قوربانی لەبەر ئەوەی لە پاڵ کەسی کۆنترۆڵکەر هەستێکی باشی هەیە و هەست دەکات کە عەشقە کۆنەکەی بەدەست هێناوەتەوە و لەبارەی هەر بابەتێکەوە بە ئاسانی دەتوانێت قسەی لەگەڵدا بکات، سەرنجی ڕاکێشاوە و کەم کەم پەیوەندی لەگەڵ دروست دەکات. ئێستا ئەگەر کۆنترۆڵکەر لە نێوان کەسی قوربانی و کەسی سێیەم، پەیوەندی ئاڵۆز و هەستیاری نەرێنیش دروست بکات، بارودۆخەکە هەنگاو بە هەنگاو خراپتر دەبێت. قوربانییەکانی ئەم کەسانە بەگشتی گیرۆدەن بە ترس و دڵەڕاوکێ. ئەگەر کەسی کۆنترۆڵکەر لەگەڵیاندا قسە بکات و پێیان بڵێت ئەم هەستیان لە خەمۆکی و کەمی باوەڕبەخۆبوونیانەوە سەرچاوە دەگرێت، کرداریەن ئەگەری ئەوەی کە قوربانی جورئەتی ڕۆشتنی بەرەو کەسی سێیەم و هەنگاونان بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسی سێیەمدا لەدەست دەدات. پێم وابێت زۆرێکمان ئەزموونی هاوشێوەی ئەم بابەتەمان بینیووە.

سەرەڕای ئەو مەسەلەیە، لە ڕوانگەی ستراتیژییەوە، بەهیچ شێوەیەک دوور نیە کە کەسی کۆنترۆڵکەر پاش تەواوکردنی کارەکەی لەگەڵ قوربانیدا، کەسی سێیەمی ئەم پەیوەندییەش وەکو ئامانجی دواتری هەڵنەبژێرێت.

یەکێکی دیکە لەو تەکنیکانەی کە بۆ کاریگەری کردنە سەر مێشکی شاروەی کەسەکان سودی لێوەردەگیرێت، تۆمەت دروستکردنی ناڕاستەوخۆیە. لەم ڕەوشەدا کۆنترۆڵکەر ڕستەیەکی پڕ لە نەرێنی و تۆمەتبارانە دەرەبڕێت و پاشان (خۆی بە بێ تاوان و بێ گوناە) پیشان دەدات و هەوڵدەدات لەم ڕەوشەوە خۆی بپارێزێت یان خۆی بە پارێزراو بزانێت لە ئەنجامی ئەو سۆزدارییە نەرێنییەی کە.لە بەرامبەر قسەکانیدا دروست بووە. لەم حاڵەتەدا ئەگەر بەهۆی قسەکانی کەسی کۆنترۆڵکەر،

قوربانی بێتاقەت ببێت و یان ئازاری پێ بگات، بەخێرایی کۆنترۆڵکەر ئەوە دەخاتەڕوو کە مەبەستی لە دەرخستنی ئەو قسەیە ئەوە نەبووە کە ئەو لێی تێگەیشتووە و یان بە هەڵە لێکی داوەتەوە. بەزۆری ئەو قسانەی کە کۆنترۆڵکەر دەیانکات لە چوارچێوە و قاڵبی پیاهەڵداندا دەیانکات، بەڵام ئامانجی بە ڕاستی هاندان و باسکردنی نیە، بەڵکو تانە لێدانە لێی و بە بیستنی ئەم قسانەش بەگشتی ئەو جۆرە هەستە بۆ ئەو کەسە دەگوازرێتەوە کە ئەویان بەکەم سەیر کردووە و تۆمەتیان بۆ دروستکردووە.

کەسی کۆنترۆڵکەر بەم ڕەوشە، خاڵە لاوازەکانی تۆ و یان ئەو بابەتەکانی کە تۆ هەستیاری پێیان و نارەحەت دەبیت پێیان دەناسێنێت و هەر جارێک ڕستەیەک دەردەبڕێت کە تۆ بتوانێت مانای جیاوازی لێ هەڵهێنجێنیت و زیاتر بێتاقەت و توشی گومان و ڕاڕای ببیت.

زۆرجاریش لە سەرەتاوە هیچ قسەیەک نایێت بە مێشکتدا بۆ وەڵامدنەوەی، چونکە مانا و لێکدانەوەی زۆر لە قسەکانی کەسی کۆنترۆڵکەردا هەیە و تەنانەت نازانیت وەڵامی کام لە لایەنی قسەکانی بدەیتەوە. بۆ نمونە لەوانەیە هاوبەشی ژیانت لەکاتی خواردن پێت بڵێت (خۆزگە هەر لەوێ لەسەر ئیشەکە نانم بخواردایە) و کاتێک پرسیاری لێ دەکەیت مەبەستت چییە؟ وەڵام دەداتەوە کە ئاخر بەو شێوە تۆ کەمتر زەحمەتت دەکێشا، بەڵام تاوەکو ماوەیەکی زۆر ئەم قسەیە لە مێشکتدا دەمێنێتەوە و بە خۆت دەڵێیت ئەم قسەیە بە ڕاستی چ مانایەکی هەبوو یان بۆچی کردی؟

لەوانەیە بەخۆت بڵێیت بۆچی کاتێک کە خواردنم دروست کرد و خستمە بەردەمی و لە کاتی نان خوردندا ئەم قسەیەی کرد. ئایا تۆ بڵێیت گرنگیم پێ بدات، چونکە بەم قسەکردنەی ئازاری زۆری پێ

گەیاندنم. ئایا تۆ بڵێی حەزی لە خواردنەکەم بووبێت؟ ئایا تۆ بڵێی حەز بکات لەبری ئەوەی لەگەڵ مندا نان بخوات کاتەکانی لەگەڵ هاوکارەکانی بەسەر بەرێت؟

سەیرکە بزانە پرسیارێکی لەو شێوەیە چەند بۆچوون و کاریگەری هەیە کە زۆرجار توڕەبوون، جیاوازی و ئەگەری هەیە ناجێگیری لە پەیوەندیشدا دروست بکات. بۆ کۆنترۆڵکەرەکە زۆر ئاسانە بڵێت ئەمە تەنها هەڵەیەک بووە و هیچ مەبەستێکی نەبووە لەو قسەکردنە، بەڵام بەڵگەی دیکە هەیە کە بە وردبوونەوەی دەتوانێت زۆر بە ئاسانی پەی بە مەبەستی کەسەکە ببەیت.

لەوانەیە کۆنترۆڵکەرەکە بڵێت مەبەستی لەو قسەکردنە تەنا بۆ گرنگیدان بووە بە تۆ و حەزی کردووە ئەرکت نەخاتە بەردەست یان ویستوویەتی توشی زەحمەتت نەکات و بە گەورە و بەڕێز سەیرت بکات، بەڵام ئایا کردنی ئەو قسانە لەکاتێکدا تۆی بۆ ماوەیەکی زۆر توشی بیرکردنەوەیەکی ناخۆش و ڕاڕای کرد و توشی هەزار گومانی خراپی کردی، هیچ مانای هەیە و ئایا بەڕاستی ئەو ئامانجەی هەبووە؟

لەبیرت بێت کە پێکهاتەی سەرەکی ستایش و پیاهەڵدان ئەوەیە کە نە زیان بە هەستەکانت دەگەیەنێت و نە مێشکیشت بۆ ماوەیەک درێژ سەرقاڵ دەکات.

# وەرزی چواردەیەم

## چەواشەکاری تاریک (سەرلێشواندنی تاریک)

# چەواشەکاری تاریک (سەرلێشواندنی تاریک)

چەواشەکاری و سەرلێشواندنی خەڵک و زاڵبوون بەسەریاندا، چەمکێکی هێندە تایبەت و سەرەکی یان ناوەندییە کە پێویستە وەرزێکی تەواوی لە دەروونناسیدا بۆ تایبەت بکرێت. زۆربەی خەڵکی، کەسانێک لە نزیک خۆیان دەناسن کە بەهۆی بنەمای سەرلێشوانی چەواشەکاری و هەڵسوکەوتی ناڕاستیانەوە ڕەفتاری هەڵەیان نیشانداوە. تەنانەت لەوانەیە ئەگەر سەیری کرداری شەخسی خۆت بدەیت، تێدەگەیت کە لە پەیوەندییەکانتدا، هەندێکجار سودت لە هەندێک لە دەستکاری مێشکی نا ئەخلاقی و نا یاسایی وەرگرتووە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆت. حەزی پەیوەندی سێکسی لەناو مرۆڤدا، یەکێکە لە گرنگترین خواستەکانی و نەبوونی بەدەستهێنانی دەتوانێت ببێتە هۆی ئاڵۆزی، خەمۆکی و بێ هیواییەکی زۆر. تەنانەت بە پێی بەڵگەکانیش دەتوانرێت ئەوە تێبگەین کە ژمارەیەکی زۆر لە بەناوبانگترین کەسایەتییەکانی مێژوو، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و تەنانەت هەندێکجاریش لەسەرەوەی کارەکانی خۆشیان، خەریکی بەدەستهێنانی ئەو حەز و خواستەیان بوون.

زۆربەی کاتەکانیش، جوانترین و باشترین کچەکانی جیهان وەکو خەڵاتێکی شایستە و بەنرخ، پێشکەش بە پاشاکان و ئیمپراتۆرییەتەکان دەکران بەهۆی پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتییانەوە.

هێنری هەشتەم، کە یەکێک بوو لە پاشاکانی بەریتانیا، نمونەیەکی بەرز و بەناوبانگی چەواشەکارێکی بەهێز بوو. تەنانەت بزوتنەوەیەکی ئاینی

دروستکرد کە بەهۆیەوە لە ڕوانگەی ئاینییەوە ئەو ڕێگایەی پێ درابوو کە هەرچی حەز بکات لەگەڵ کچەکاندا هاوسەرگیری بکات. حەز و خولیای بۆ ژن زۆر زۆر بوو. تەنانەت کۆنترۆڵی تەواوی ژیانی هەندێک لە هاوسەرەکانیشی لە ئەستۆ گرتبوو، دەرئەنجام هەر ئەو پرسەش بوو سەری زۆرێکی لەوانەی بە بادا.

هێنری هەشتەم نمونەیەکی بچوکە لە بواری دەروونناسی تاریک و بەشێکی پەیوەستە بە چەواشەکاری و شەهەوەتبازییەوە، بەڵام بوونی ئەم نمونە تایبەتییە ئیلهامبەخشی خەڵکی دیکەش بووە، هەر بۆیە ئەو بە نیشانە و سومبولی یەکێک لە لایەنە بنەڕەتییەکانی دەروونناسی تاریک دادەنرێت. ئەگەر کەسێک زانیاری پێویستی لەسەر قوربانییەکەی نەبێت، ناتوانێت بگات بە ڕاستی چۆنیەتی سودوەرگرتنی چەواشەکاری و ڕاکێشانی شێوەی کاریگەر و ناسراوی دەروونناسی تاریک.

ئێستا بەو پرسیارە دەستپێدەکەین ئایا زۆربەی ئەو کەسانەی کە چەواشەکاری دەکەن، لە حاڵەتی سودوەرگرتنن لە ئامرازێکی تاریکی پەیوەست بە دەروناسی تاریکەوە؟ بەو شێوەیە نیە. چەواشەکاری لە ڕاستیدا شێوەیەکی تایبەتە کاتێک کار دەکات کە کەسی بەرامبەر بەشوێنیدا بگەڕێت. ئەم گەڕانەش بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەشێوەیەکی غەریزی و بەبێ بەرنامەی پێشوەخت لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجام دەدرێت کە پەیبردنیان لە توانایی و لایەنە تاریکەکانی دەستکاری کردنەکانی سۆزداری و چەواشەکاری عەقڵی نیە. چونکە چەواشەکارەکان بە وردی دەزانن تۆ چیت دەوێت و چۆن دەبێت ئەو شتانەت پێشکەش بکات.

سودوەرگرتن لە دەروناسی تاریک وەکو ڕەوشێک بۆ قایل کردن و چەواشەکاری کەسەکان، بەو شێوەیەی کە لەم وەرزەدا دەیبینی، مەرج نیە و بە پێویست نازانرێت کە باش بێت یان خراپ، ئەم پرسە تەنها بە

سەرنجدان بە کاریگەری کرداری ئەنجام دراو لەسەر کەسی قایلکراو شایەنی سودوەرگرتن و بەرهەمداربوونە. هەر بۆیە بەشێکی تەواوی ئەم وەرزە گفتوگۆیە لەبارەی جیاوازی نێوان چەواشەکاری ئەخلاقی و نائەخلاقی.

لەوانەیە پرسیار بکەیت لەبارەی ئەوەی کە چۆن دەتوانین سود لە زانیارییەکانی ئەم وەرزە وەرگرین؟ دەبێت بڵێم پاش خوێندنەوەی ئەم وەرزە، بەلایەنی کەمەوە پەیبردنت لەبارەی تێگەیشتنی گەشتی دەروونناسی تاریکەوە کامل و تەواو دەبێت. دەبێت ئاماژە بەوە بکەم کە هەر کتێبێک لەم بارەیەوە بنووسرێت، بەڵام تایبەتمەندی چەواشەکاری تێدا نەبێت، ناتەواو و کەموکورت دەبێت. هەروەها دەتوانیت لەم کتێبەدا بە ڕەوشێکی کرداری سود لە داتا وەرگیراوەکانت وەرگریت. بەتایبەتی ئەگەر بتەوێت سود لە زانینەکانت وەرگریت بۆ پاراستنی خۆت یان خۆشەویستەکانت لە چەواشەکاری تاریک، ئیدی ئەوەش دەمێنێتەوە سەر هەڵبژاردنی شەخسی خۆت و بەتەواوی لە ئەستۆی خۆتدایە.

هەر بەشێکی ئەم کتێبە، دەتوانێت بە شێوەیەکی نەرم و فێرکاری، تێڕوانینت سەبارەت بە دنیای ئەمڕۆ و پەیوەندییەکانت بە شێوەیەکی شایستە و گونجاو بگۆڕێت.

## هۆکاری سود وەرگرتن لە چەواشەکاری تاریک چییە؟

یەکەمین پریسار کە بۆ زۆربەی خەڵکی دروست دەبێت پاش پەی بردن بەم واتایە و دروستبوونی تێگەیشتنی ئەم بابەتە ئەوەیە کە (بۆچی؟) بۆچی هەڵخەڵەتێنەرەکان سود لەم تەکنیکە تایبەتە وەردەگرن

بۆ ڕاکێشانی خەڵکی؟ چۆن کەسێکی چەواشەکار دەتوانێت لە دنیای ئەمڕۆدا ئەو چەشنە خۆشەویستی و کاریگەرییەی هەبێت؟

هەموو ئەم پرسانە، پەیوەندییان بە هێز و توانایی پیادەکردن و جێبەجێ کردنی ئەو ڕەوشی تەکنیکانەوە هەیە کە لەم بوارەدا پێکەوە باسیان دەکەین. هەروەها نمونەیەکی زۆرمان لەبارەی چۆنیەتی کارکردنی دەروونناسی تاریک و زۆرێک لە بوارە جیاکانی لە وەرزە جیاوازەکانی ئەم کتێبەدا باس کردووە. ئێستا بە دوای ئەو پرسیارەدا دەڕۆین کە زەمینەی ئاشنایەتی و دۆستایەتی و دۆزینەوەی هاوڕێیەتی لە چ بوارێکدا لەگەڵ چەواشەکاریدا جیاوازە؟

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دەروونناسی تاریک و چەواشەکارەکانی ئەوەیە کە ئەوانە چەکێکی تاڕادەیەک شاراوەیان بۆ دەروونی مرۆڤەکان لە بەردەستدایە. زانیاری ئاسایی و سونەتی، ئەم ڕێگایە دەخنە بەردەم کەسەکان کە لە پەیوەندییەکی عاشقانەدا بوونیان هەیە و لەم ڕێگایەوە پێشڕەوی دەکەن و چاوەڕێ دەکەن تاوەکو سەیرکەن چ دەرئەنجامێک بەدەست دێت، بەڵام زانیاری دەروونناسی تاریک، کەسی چەواشەکار دەگۆڕێت بۆ ڕاوچییەک کە قوربانی و سوژەی خۆی بدۆزێتەوە و ئەوەشی کە پێویست بێت بۆ ڕاوکردنەکەی بەکاری دەهێنێت و لە کۆتاییشدا بە دڵنیاییەوە بەدەستی دەهێنێت.

ئەو کەسەی لە دنیای ئەمڕۆدا بەشوێن تیۆرەکانی ناسینی تاریکەوە بێت. ئەگەری هەیە پاش فێربوونی دەروونناسی تاریک، توشی شۆک بێت لە ڕووبەڕووبوونەوەکان و هەوڵەکانی پێشوتری. هەر بۆیە لە فێربوونی ئەم ڕەوشانە، هەولبدە هەستی کۆنترۆڵ و باوەڕبەخۆبوون بکە بە جێگرەوەی هەموو هەستەکانی ئاماژەکانی نادڵنیایی، ئازار و مەینەتییە قبوڵکراوەکانت. ئەو کەسەی کە سود لە چارەسەری دەروونی تاریک وەردەگرێت بەو

پەڕی سەرسوڕمانەوە تێ دەگات کە نەک تەنها هەستێکی باشتری سەبارەت بە کردارەکانی خۆی هەیە، بەڵکو ئەو کەسانەشی کە پەیوەندی لەگەڵدا دروست دەکەن ئەوانیش بە زۆری هەستێکی باشتریان لەگەڵیدا دەبێت و لە ئەزموونی پێکەوە قسەکردن و هاوبەشی زیاتر چێژی لێ وەردەگرن. هۆکاری ئەم مەسەلەیەش ئەوەیە کە دەروونناسی تاریک ئەوە فێری تاک دەکات کە بەرامبەرەکەت و ئەوانەی کە بۆ ئاشنایەتی کار دەکەن بەشوێن چییەوەن و ئەوە فێری تاک دەکات کە چۆن بە پێشنیاردان بە کەسی بەرامبەر، چەواشەی بکات و بەرەولای خۆی قایلی بکات

کاتێک زۆربەی خەڵک بۆ یەکەمجار سود لە فێرکارییەکانی دەروونناسی تاریک وەردەگرن بۆ پەیوەندییەکانیان ئیدی لەو ڕێگەیەوە دەگەن بە خواستەکانیان، هەستی بە ڕێکەوتی دەرخستن و کەشفی دووبارەی ژیان ئەزموون دەکەن. بە سودوەرگرتن لەم ڕەوش و واتایانە، تۆ قوڵترین خواستەکان و دێرینترین حەزەکانت بەدەست دەهێنیت و ئەوەی کە دەتەوێت لە ژیانتدا بەدەستی دەهێنیت.

## ئایا چەواشەکاری تاریک کارێکی ناپەسەندە؟

یەکێک لە تازەترین نیگەرانییەکان لەبارەی تیۆری چەواشەکاری تاریکەوە، هەستکردنە بەوەی کە ئایا ڕەوشەکانی خراپ یان بە دەربڕینێکی دیکە نائەخلاقین یان بە پێچەوانەوە. چەواشەکاری تاریک خۆی لەخۆیدا نە شتێکی باشە و نە شتێکی خراپە. ئەوەی کە بە چەواشەکاری تاریک جوڵە دەبەخشێت و ئەوەی کە بە کردارێکی باش

یان خراپ دەیگۆڕێت، شێوە و پێگەی سودوەرگرتنییەتی لەلایەن کەسەکانەوە. بەگشتی خەڵکی لەبەر سێ هۆکاری سادە سود لە بنەمای چەواشەکاری وەردەگرن هۆکارەکانیش دەکرێت یارمەتیدانی کەسێک، زیان پێ گەیاندنی کەسێک یان تەنها لەبەر پاراستن و پارێزگاری خۆی بێت.

بۆ زۆرێک لە خەڵکی قبوڵ کرنی ئەم بابەتە قورسە کە کەسێک بە نیەتی یارمەتیدانی خەڵکی چووبێتە ناو دنیای چەواشەکاری مێشکییەوە. لەکاتێکدا بە تایبەتی هەموو کەسانی چەواشەکار، تەماحکارن و زۆر خەڵکیان بەلاوە گرنگ نیە، ئایا بەو شێوەیە نیە؟ نەخێر! بەو شێوەیە نیە. یەکێک لە باشترین تێورە ناسراوەکانی جیهان لە بواری جێبەجێکردنی ڕەوشەکانی چەواشەکاری ئەوەیە کە (ئەو کەسەی کە دەیبنیت پێش ئەوەی وازی لێ بهێنیت و بەجێیبهێڵیت، هەوڵبدە بیگۆڕیت بە کەسێکی خۆشحاڵ تر) ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بەم هۆتاف و دەربڕینە هەبێت، ئەوە قبوڵ ناکەن کە کەسێک لە بازنەی چەواشەدا شتێک (لە دەست بدات). و هەر کەسێک بەسود تر لەو کاتەی سەرەتا پێی ئاشنابووی بەجێتهێشت. هەردوولا، کەسی چەواشەکار و کەسی چەواشە لێ کراو، دەتوانن لە ڕووبەڕووبوونەوەیاندا وەکو یەک سودوەرگرن و لە کۆتاییدا هیچ کەس لەو پەیوەندییەدا توشی زیان نەبێت. ئێستا ئەو پرسیارە دروست دەبێت کە چۆن کەسێک شێوەی ژیانی لەسەر بنەمای چەواشەکاری، سودێکی زیاتر لە ژیانی وەردەگرێت؟ وەڵامەکە سادەیە. هەر پرسێک بنەما و شێوازێکی هەیە و بنەمای پشت چەواشەکاری (ئەخلاقی) بەهیچ شێوەیەک نابێتە خیانەت بە کەسێک یان هەڵخەڵەتاندن و سوئیسفادەکردن لێی.

ئێستا باسی کۆمەڵەی دووەم دەکەین. یەکێک لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی کەسی فێڵباز و ڕیاکار ئەو کۆمەڵە کەسەن کە سود لە چەواشەکاری وەردەگرن بۆ پرسێکی نائەخلاقی، ئەمانە ئەو کەسانە کە چاوەڕوانییەکی زۆر بەرزیان هەیە و لەبەرامبەر ئەو چاوەڕوانیەشیان هیچ کاردانەوە و کردارێکیان بۆ بەرامبەرەکەیان نیە.

ناتوانرێت ئینکاری ئەم بابەتە بکرێت کە زۆرێک لە خەڵکی بە هۆکاری نەگونجاو و بە وێرانکردنی عەقڵی قولی کەسەکان، پێ دەخەنە ناو ئەم قەڵەمڕەوییەوە. تەنها ئامانجیشیان گەیشتنە بە خواستەکانیان و هیچیش بەلایانەوە گرنگ نیە لەم ڕێگایەدا بەرامبەرەکەیان هەڵبخەڵەتێن و بریندار بن یان خراپترین زیانی پێ بگات. هەڵسوکەوتی کەسێک جگە لە ڕەزامەندبوونی خۆی، شتێکی دیکەی بەلاوە گرنگ نەبێت و هیچ گرنگییەک نەدات بە بەرامبەرەکانی، لەم حاڵەتەدا توشی کێشەی چەواشەکاری سۆزداری بووە. کەواتە ئەو کەسانەی بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانیان دەست لە هیچ کردارێک ناپارێزن و پەیوەست نین بە هیچ ئەرک و کردارێکی ئەخلاقییەوە، لەناو کۆمەڵەی چەواشەکار و نەرێنی و زیان پێ گەیەنەرەکاندان.

تاوەکو ئێستا ئاماژەمان بە دوو هۆکاری سود وەرگرتن لە چەواشەکاری تاریک وەرگرتووە. ئێستا باسی کۆمەڵەی سێیەم دەکەین. کۆمەڵەی سێیەم ئەو کەسانەن کە تەنها گرنگی بە ژیانی خۆیان دەدەن.

ئەمانە ئەو کەسانەن کە چەواشەکاری دەروونناسی تاریک تەنها بەتەواوی بۆ سودی شەخسی خۆیان بەکار دەهێنن. لەم حاڵەتەدا لەوانەیە کەسێک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا لەگەڵ دەوروبەرەکەی، ناچاریان بکات بە ئەنجامدانی کارێک کە تەنها بۆ ژیانی خۆی بەسودە و یان دەرئەنجامی کارەکە ئەوەیە کە تەنها سود بەو دەگات. ئەم کەسانە

خەڵکی دیکە دەخەنە ژێر فشارەوە و لە کۆتاییدا ئەو دەرئەنجامەی کە لەم کارەدا بەدەست دێت تەنها لە بەرژەوەندی خۆیاندا بەکارهێنراوە و کارەکانی خۆیان بەو کارە پەرەپێداوە و گەشەیان پێ کردووە.

ئەم کەسانە بەگشتی بەهۆی هەر پێشکەوتنێکەوە کە لەم پەیوەندییەدا بەدەستی دەهێنن، هەلومەرج و یاسایەکی کۆمەڵاتی تازە دروست دەکەن تاوەکو بەرژەوەندی و سودی خۆیان زیاتر پەرە پێبدەن.

# وەرزی پانزەیەم

## ئەگەری قوربانییەکانی دەستکاریکردنی عەقڵی

## ئەگەری قوربانییەکانی دەستکاریکردنی عەقڵی

بەم پرسیارە دەستپێدەکەین کە چۆن دەتوانرێت بووترێت کە کۆنترۆڵکەرەکان چ کەسانێک و بە چ تایبەتمەندییەک قوربانییەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن؟ کۆنترۆڵکەرەکان بەگشتی حەزیان لە دوو کۆمەڵە کەسایەتی جیاواز هەیە.

**کۆمەڵەی یەکەم:** ئەو کەسانەن کە لە پەیوەندییەکانیانیدا خوازیاری بڕێکی دیاریکراو لە خۆشەیستی و عەشقن.

عەشق، پرسێکی جیهانی و گشتگیرە. عەشق، هەستێکی غەریزەیی و سروشتییە لەناو مرۆڤدا. ئێمە وەکو مرۆڤ سەبارەت بە بوون و پێویستی عەشق هۆشیاری تەواوەتیمان هەیە. ئێمە عەشق دەکەین و ئەو عەشقەی کە پێمان دەدرێت هەستی پێ دەکەین. ئێمە چێژ لەو هەستە وەردەگرین، هیچکەس ئەوەندەی کەسێک کە عاشقە و دەزانێت کە ئەو عەشقە دوولایەنەیە و کەسی بەرامبەریشی عاشقیەتی، چێژ لە ژیانی وەرناگرێت.

هۆکاری سەرەتایی دروستبوونی هەر پەیوەندییەکیش هەستکردنە بە عەشق. بە سەرنجدان بەوەی کە تاوەکو ئێستا باسم کرد، ئەگەری هەیە خۆیشت تێگەیشتبێت لەم بابەتە کە لەم هەلومەرجەدا و بەهۆی ئەو ڕەگەزە بەهێزەوە، لەانەیە هەموو شتێک لە ئاراستەی ڕاستی خۆی بچێتە

دەرەوە و لەوانەیە لە ڕێگەی ئەو عەشقەشەوە وەکو کەرەستەیەکی دانوساندن لەسەر بوونی دەسەڵات و هێزی زیاتر سەبارەت بە کەسێکی دیکە سودی لێ وەربگیرێت.

ئێستا باسی بەشێک لە لایەنەکانی پەیوەست بە دەروونناسی تاریکی ئەم بابەتە دەکەین. لەوانەیە تاوەکو ئێستا گوێت لەم جۆرە دەربڕینانە هەبووبێت کە (بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی کە دەتەوێت، واز لە هیچ کردارێک مەهێنە.) ئەم ڕستەیە بەزۆری لەناو کۆمپانیاکانی سەرتاسەری جیهاندا دەست بەدەست دەسوڕێتەوە. ئێستا دەستکاری، ئەو شتەیە کە هەندێک لە مرۆڤەکان لە پەیوەندییەکانیاندا بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان دەستی لێ هەڵناگرن، بەڵام کاتێک قسە دێتە سەر دەروونناسی تاریک، بەگشتی هەموو ئەوانەی لەناو ئەم کایەیەدان لە ئەنجامدا قازانج ناکەن. ئەم پرۆسەیە لەوانەیە بۆ کەسانی قوربانی زۆر بە خراپی کۆتایی بێت.

سەرنجت ڕادەکێشم بۆ بابەتێک لەم بوارەدا. هاوسەرێک بهێنەرە بەرچاوت، وەرە ئەم ژن و پیاوە ناوبنێین دیڤید و مایا. کەسایەتی دیڤید و مایا بەتەواوەتی جیاواز و دژ بەیەکن. دیڤید پیاوێکە حەزی بە ماڵ و خێزانە و حەز دەکات زیاتر کاتەکانی لە ماڵەوە بەسەر بەرێت، بەڵام مایا ژنێکی بەتەواوی چاو لەدەرە و کۆمەڵاتییە و هاوڕێ و پەیوەندی زۆری هەیە. سەرەتا وادەردەکەوێت کە ئەم جیاوازییە کەسایەتییانە، زۆر کێشەدار نەبن و لەوانەیە ئەم دوو کەسە بتوانن ببنە تەواوکەری یەکتری، بەڵام دیڤید حەز دەکات کۆنترۆڵێکی زیاتری بەسەر هاتوچۆکانی مایاوە هەبێت و لەلایەکی تریشەوە ناتوانێت بە ڕەوشی ڕاستەوخۆ و بە سودوەرگرتن لە زۆر، مایا ناچار بکات گوێڕایەڵی بیت. لەبەر ئەوە دەست دەکات بە بەرنامەڕێژی بۆ ئەوەی مایا بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

دەست دەکات بە کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی مایا و هاوڕێکانییەوە. سەرەتا ئاماژە بە هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی هاوڕێکانی مایا دەکات و ستایشیان دەکات و هەندێکجار مایا بەراورد دەکات پێیان و جارجاریش تانەیەکی بچوک دەدات لە مایا لەبارەی خۆی و هاوڕێکانیەوە و بەم شێوەیە کەم کەم باوەڕبەخۆبوونی مایا دادەبەزێنێت. پاشان دەڵێت بە مایا هاوڕێکانت بەم کار و ڕواڵەتە دڵڕفێنەت، مەبەستیانە کە ئازارت پێ بگەیەنن، مایاش لەکاتی کۆبوونەوە هاوڕێیەتییەکاندا هەوڵدەدات بە وردی بیر لەو بابەتە بکاتەوە و هەوڵدەدات ئەو تیۆرییە خۆدروستکردنەی کە دیڤید خستوویەتییە ناو مێشکییەوە تاقی بکاتەوە.

هەرکاتێک کە مایا سەبارەت بەم بابەتە هەستیارتر دەبێت، تۆوی گومان لەناو دڵیدا زیاتر گەشە دەکات، تاوەکو ئەگاتە ئەوەی کە دڵنیا بێتەوە لەوەی کە قسەکانی دیڤید ڕاست بوون و ئیدی کەم کەم ماوەی نێوان خۆی و هاوڕێکانی زیاتر دەبێت. لە کۆتاییدا مایا وابیر دەکاتەوە تەنها کەسێک کە مایای خۆشدەوێت و گرنگی پێ دەدات دیڤیدە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بیەوێت خۆی تەرخان بکات بۆ دیڤید و هەرکارێک کە ببێتە هۆی خۆشحاڵکردنی دیڤید، ئەنجامی بدات. بەم شێوەیە دیڤید، دەتوانێت مایا بەشێوەیەکی تەواو بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

ئێستا بەسەرنجدان بەو نمونەیە، دەبینین هەندێکجار پەیوەندی سۆزداری نێوان دوو کەس، لە ڕێگەی دەستکاری و هەڵخەڵەتاندنەوە، دەبێتە ڕێگایەک بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی یەکێک لەلایەنەکانی ئەو پەیوەندییە.

لەوانەیە پەیوەندییەکان سەرەتا بە نیەتێکی ڕاست و بە مەسەتی باش دەستپێبکەن، بەڵام لە کۆتاییدا بە زیانی یەکێک لەلایەنەکان تەواو بێت.

هاوشێوەیی هەموو ئەم نموونانە لەو شوێنەدایە کە قوربانی، هەموو هەوڵدانەکانی بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی لایەنی بەرامبەر بەکار دەهێنێت. هەر بۆیە حەزی ئێمە بەرەو عەشق و خۆشویستن لەم پەیوەندییەدا خۆ بەخۆ دەتوانێت ئێمە ئامادەی قوربانی کردن بکات. تەنانەت ئەم پەیوەندییە دەتوانرێت دەستکاریش بکرێت و بۆ بەرژەوەندی کەسانی دیکەش سودی لێوەربگیرێت.

**کۆمەڵەی دووەم:** کەسانی کۆنترۆڵکەر حەزیان بەوەیە کە قوربانی بەکار بهێنن و دەستکاری مێشکیان بکەن، ئەو کەسانەن کە بیروباوەڕێکی ئاینی توندڕەوانەیان هەیە. ئەم کەسانە بەگشتی بەهۆی پشتگوێ خستنی لۆژیک و عەقڵیانەوە، هەموو شتێک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە یاسای ئاینی خۆیان هەڵدەسەنگێنن، هەر بۆیە کەسانی کۆنترۆڵکەر حەز دەکەن بە هەژموون و لادانی پرسەکان لەناو مێشکی ئەم کەسانەدا، بیانخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. دروستبوونی گروپە بچوکە توندڕەوەکانی ئەمڕۆ کە تەنانەت هەندێکجار دەست بە وێران کردن و کاری نامرۆڤانەش دەکەن لەڕێگەی ئەم دەستکارییکردنە عەقڵییەوەیە.

جگە لە سەکردەکانی ئەم گروپە توندڕەوانە کە خواستەکانی خۆیان لەبری خواستەکانی خودا جێبەجێی دەکەن بەسەر ئەندامەکانیاندا، گروپی دیکەش هەن کە ئامانجی هاوشێوەی سەرکردەکانی ئەم گروپە توندوتیژەیان هەیە. ئەم کەسانەش دەروونناسە درۆزنەکان و ئەو ڕاگەیاندنانەن کە بانگەشی پەیوەندی دەکەن لەگەڵ جیهانی مردووەکاندا.

ترسی مرۆڤ لە مردن و نەبوونی وێنایەکی ورد سەبارەت بەوەی کە پاش مردن بۆی دروست دەبێت، ئەو کەسە بەرەو قبوڵکردنی ئەو قسانە هان دەدات کە جگە لە سودوەگرتن لە ترسی خەڵکی بۆ بەرژەوەندی

خۆیان، هیچ توانایییەکی دیکەیان نیە. ئەم کەسانش هەمان ئەو فێل و تەڵەکەبازییەی پیاوە ئاینییە درۆزنە مەزهەبییانە بەکار دەهێنن کە لەهەڵخەڵەتاندن و درۆکردن بۆ دەستکاری قوربانییەکانیان سودیان لێ وەردەگرن.

قوربانییەکانی ئەم خەڵکانە، هەندێکجار چەندین کاتژمێر و زۆرجاریش چەندین مانگ لە چاوەڕوانیدا دەبن و بڕێکی زۆر پارە دەدەن بۆ بینینی کەسێک کە بانگەشەی ئەوە دەکات زانیاری میتافیزقی هەیە و بە دە خولەک هەموو ژیانیان بە خوێندنەوەی ناو دەستیان دەردەخات. بەو ئومێدەی کە لە ڕێگەی ئەم حەقیقەتەوە بتوانن ئەوە بەدەست بهێنن کە بەشوێنیدا دەگەڕێن.

کاتێک قەیرانێک دروست دەبێت، خەڵکی دەگەڕێت بەشوێن خاڵێکی ئارام و ئەو شتەی کە ئارامی و دڵگەرمی پێ دەبەخشێت. سروشتییەن زاناکان بەشوێن زانیارییدا دەگەڕێن تاوەکو ڕێگا چارەیەک بدۆزنەوە. نەخۆشکەوتنیش یەکێکە لەو قەیرانانە. کاتێک کەسێک نەخۆش دەکەوێت بەرەو لای چارەسەر دەڕوات. ئەگەر نەخۆشەکە بزانێت ئەو دەرمانانەی کە تاوەکو ئێستا دروستکراون بۆ نەخۆشییەکەی، شکستیانخواردووە و هیچ سودێکیان نەبووە، بەرەو چارەسەرێکی نەناسراوی دیکە دەگەڕێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بارودۆخی باشتر و ئاسایی بکاتەوە، و دەرئەنجامیش سەری لە شوێنێکەوە دەردەچێت کە مرۆڤەکان بەبێ هیچ دەستکەوتێکی دڵنیایی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەتوانن نەخۆشەکە چارەسەر بکەن. بەداخەوە ئەم ڕێگەچارانە زۆر ترسناک، گران و نادڵنیان، بەڵام بۆ کەسێک کە خۆی لەبەردەم مەرگدا دەبینێتەوە، ئامادەی پێدانی هەر برە پارەیەکە بەرامبەر بەوەی کە شانسێکی هەبێت بۆ دووبارە ژیانی و خەڵکی ساختەچی و هەڵخەڵەتێنەریش، باش ئاگاداری

ئەم مەسەلەیەن. هۆکاری ئەم پرسەش ئەوەیە کە تۆ لە قورسترین قەیران و لاوازترین حالی بەرگری کردنی لە خۆت، ئەم کەسانەش بە تایبەتی باش دەزانن دەبێت چۆن سود لەم بارودۆخەی تۆ بۆ بەرژەوەندی خۆیاین وەرگرن.

ئەلبەتە ئەم جۆرە پرسانەش تەنها لەکاتی سەرهەڵدانی قەیراندا روونادەن. تۆ ڕیکلامێکی زۆر دەبینیت لەسەر بنەمای دۆزینەوەی دەرمانێکی تازە بۆ کەم کردنەوەی کێش، ڕواندنەوەی قژی سەر و یان بابەتەکان دیکەی ئەم بوارە. کەسێک دەبینیت کە بانگەشەی ئەوە دەکات بە زەمانەتی کامل، بەرهەمێکی لەو شێوەیەت پێشکەش دەکات، لە کاتێکدا هیچ گریمانەیەکی پزیشکی یان زانستی سەلمێنراو لەپشت ئەم بانگەشەیەوە نیە، زۆرێک لە خەڵکیش بەدرێژایی ئەم قسانە، قەناعەت دەکەن و لەسەرە بنەمای ئەو زانیارییانەی کە پێیان دەدرێت، بەرهەمەکە یان دەرمانەکە بە هیوای ئەوەی کە دەرئەنجامێکی باشی هەبێت دەکڕێت و تێچوونیەکی زۆریش دەکات.

# وەرزی شانزەیەم

## پەیوەندی و دۆستایەتییە زەهراوییەکان و ڕێگاکانی خۆپاراستن

## پەیوەندی و دۆستایەتییە ژەهراوییەکان و ڕێگاکانی خۆپاراستن

ئامانجی کەسێکی کۆنترۆڵکەر لە چوونە ناو پەیوەندییەکی درێژخایەنەوە لەگەڵ کەسێکدا بۆ بەدەستهێنانی دڵنیایی و کۆنترۆڵی تەواوەتییە بەسەریدا. ئەم شێوە لە پەیوەندی بەتەواوی ناتەندروستە، چونکە تەنها کۆنترۆڵکەر دەتوانێت سودی لێ وەرگرێت.

یەکێک لە نیشانە گرنگەکانی پەیوەندییەکی تەندروست، بریتییە لە ڕەچاوکردنی هاوسەنگی لە پاریزگاری کردن. ئەگەر لە پەیوەندییەکدایت کە هەمیشە تۆ لە حاڵەتی پێشکەشکردنی خزمەتدایت بۆ کەسی بەرامبەر و پشتگیری کردنی دەکەیت، پێدەچێت لە حاڵەتی ئەزموونکردنی پەیوەندییەکی ناتەندروستدا بێت.

دیاریکردنی پەیوەندییەکی دەستکاری کراو قورس و دژوارە، چونکە دەستکاری کردن لە پەیوەندیدا، لە چاو هەموو شێوە پەیوەندییە ژەهراوییەکانی دیکە بە وردەکاری و جوانکارییەکی زۆرترەوە ئەنجام دەدرێت. دەستکاری دەروونناسی، کاتێک ڕوو دەدات کە یەکێک لەلایەنەکان، خوازیاری تێکدانی هاوسەنگی هێز و بەدەستهێنانی قازنج و سودی زیاتر بێت لە پەیوەندییەکەدا.

ڕەوشی جۆراوجۆر لە دەستکاری کردندا بوونیان هەیە، کە هەر یەکەیان لەوانەیە لە پەیوەندییەکەدا بەکاربهێنرێن، بەڵام دەرئەنجامی

هەموو ئەوانە بەشێوەیەک دیاریکراو شایەنی پێشبینییە؛ بەدرێژایی ئەو پەیوەندییە کەسێکی کۆنترۆڵکەر، قازانج دەکات و لایەنێکی دیکە، کەسێکی قوربانی و زیان پێگەنراوە و لە پەیوەندییەکەدا هیچ سودێکی پێ ناگات.

هەندێک حاڵەت هەیە کەسێک توشی پەیوەندییەکی ناتەندروست دەبێت، لەکاتێکدا هەرگیز نازانێت پەیوندییەکی ژەهراوی چ جۆرە پەیوەندییەکە. ئەم پەیوەندییە لەوانەیە لە ڕواڵەتدا بەتەواوی ئاسایی بەرچاو بکەوێت، بەڵام هەرچی کات زیاتر تێدەپەڕێت، فشاری دەروونی و سترێسێکی زیاتر لەلایەن کەسی کۆنترۆڵکەرەوە دەسەپێنرێت بەسەر کەسی بەرامبەردا. خودی ئەم پرسە ناڕوون بوون و ناتەندروستبوونی پەیوەندی، بە بەشێک لە تەکنیکی سوئیسفادەکردنی کەسی بەرامبەر حساب دەکرێت، چونکە ئەم تەکنیکە یارمەتی کەسی کۆنترۆڵکەر دەدات تاوەکو بەبێ ئەوەی کەسی بەرامبەر ئاگاداری شتێک بێت، بە خواستەکەی خۆی بگات و قوربانییەکە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

بەشێوەیەکی سروشتی هیچ یەک لە لایەنەکانی پەیوەندی لەگەڵ پرسە ڕەفتارییە نمایشییەکاندا سەرەتا بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە و بەرژەوەندییانە لە ڕەوشەکانی دەستکاریکردن عەقڵی و سۆزدارییدا کار ناکات. چونکە ئەگەر کۆنترۆڵکەر لە هەمان سەرەتای ناسین و پەیوەندییەکانیدا سود لەم ڕەوشە وەرگرێت، کەسی قوربانی ئاگاداری نیەتی دەبێت و پەیوەندییەکەی کۆتایی پێ دەهێنێت. هەر بۆیە دەبێت کۆنترۆڵکەر سود لە شێوەیەکی دیکە وەرگرێت، شێوەیەک کە کاریگەرییەکی بەردەوام، بەڵام نەرمتر و کاریگەرتری لەسەر پەیوەندی بەرامبەرەکە هەبێت.

سەرەتا بە سودوەرگرتن لە تەکنیکەکانی بۆردومانی سۆزداری و نیشاندانی حەزی پەیوەندی و گرنگیدانی بەردەوام، هەڵبژاردەیەکی باشترە بۆ دەستپێکردنی دەستکاری و هیچ زیانێک بە پرۆسەکە ناگەیەنێت. کاتێک کە قوربانی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم ڕەوشەوە یان عاشقی کەسی کۆنترۆڵکەر بێت، ئیدی کۆنترۆڵکەر دەست دەکات بە گۆڕینی تەکنیکەکانی. ئەم پرسانە بە یەک شەو ڕوونادەن و تەنانەت لەوانەیە چەندین هەفتە و ماوەی زیاتر درێژە بکێشێت، تاوەکو نەبادا قوربانی پێش کاتی خۆی ئاگاداری نیەتی کەسی کۆنترۆڵکەر ببێت.

لەم قۆناغەدا لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە ئاشنایەتی هەردوولا تێپەڕیووە، ئیدی گەیشتوونەتە پرسی هاوسەرگیری، هەر بۆیە ئەگەر قوربانیش، تەنانەت ئاگاداری هەڵسوکەتی خراپ و نیەتی سوئیسفادەی کەسی بەرامبەریش ببێت، هەوڵدەدات زیاد لەڕادە پشتگوێی بخات و نادیدەی بگرێت.

بەشێوەیەکی ڕواڵەتی کۆمەڵە نیشانەیەکی تایبەت بوونیان هەیە کە دەرخەری دەستکاری پەیوەندیین لە ناو تۆدا. ئەگەر نازانیت ئەو کەسەی کە لەگەڵ تۆدا هاوسەرگیری دەکات ئایا کەسێکی تەندروستە یان ژەهراوی؟ کەسێکی کێشەدارە یان دڵنیا؟ کەسێکی ئاساییە یان کۆنترلکەری مێشکی؟ سەیری ئەم نیشانانەی خوارەوە بکە:

- ئەگەر بەشێوەیەکی بەردەوام داوای لێ کردی کە لەناو ژینگەی ئارامی خۆت بچیتە دەرەوە، ئەمە بە نیشانەیەکی نەگونجاو بزانە. کەسی کۆنترلکەر بە مەبەستی بەدەستهێنانی دڵنیایی لە جێبەجێکردنی خواستەکانیدا و گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی، بەردەوام هەوڵ دەدات تۆ لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی، جەستەیی و دەروونییەوە لە ناوچەی ئارام و حاڵەتی ئارامیتدا بکاتە دەرەوە. لەم حاڵەتەدا، دەرئەنجامەکە ئەوەیە کە

لەناو هەر فەزایەکدا دەرکەویت، بەهۆی نەبوونی هەست کردن بە ئارامی، کەسی کۆنترلکەر وەکو سەرۆک یان کەسێکی باڵاتر لە تۆ کار دەکات و هەوڵدەدات کۆنترڵی هەموو بوارەکانت لەدەست بگرێت.

• ئەگەر هەستت کرد بەدرێژایی پەیوەندییەک، هەستی باوەڕبەخۆبوونت لەدەست دەدەیت و یان تەنانەت ئەم هەستە لەناختدا کەمبووەتەوە، ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە، ئەگەر باوەڕبەخۆبوونێکی کەمترمان هەبێت بێگومان ئاسانتر دەکەوینە بەر دەستکاریکردن ڕاستەقینەوە، چونکە بەردەوام بەشوێن ڕێگایەکەوەین کە هەستێکی باشترمان سەبارەت بەخۆمان هەبێت. هەر لەبەر ئەوەیە کۆنترلکەرەکان لە قۆناغی یەکەمدا باوەڕبەخۆبوونت نیشانە دەگرن و هەوڵدەدەن کە ئەو هەستەت بۆ دروست بکەن یان تەڵقینت بکەن بەوەی کە زۆر لەوان کەمتری و هیچ کاتێک ناتوانیت بگەیت بە باشی ئەوان.

• هەڵبژاردەی دواتر پەیوەستە بە چارەسەری نهێنییەوە. حاڵەتێک بهێنەرە بەرچاوت کە هەڵەیەکی بچوک لە کرداری کەسی کۆنترۆلکەردا دروست دەبێت، تۆش ئاگاداری دەبیت و بابەتەکە دەگۆڕیت بۆ شەڕێکی گەورە. لەم کاتەدا، کەسی کۆنترلکەر سود لە چارەسەرێکی تایبەتی وەردەگرێت کە ئەو ڕێگایەش بە چارەسەری نهێنی یان چارەسەری بێدەنگی ناو دەبەین. ئەو کەسە خۆی لە وەڵامدانەوەی هەر جۆرە باسێک دەپارێزێت نەبادا کە ئامانجە سەرەکییەکەی بکەوێتە مەترسییەوە و هەوڵدەدات بێدەنگی هەڵبژێرێت لەبری وەڵامدانەوە. لەم کاتەدا نامەکان، ئیمێڵەکانی و تەنانەت شێوەی دەنگیشی بەشێوەیەکی تایبەتی کۆنترڵ دەکات. کۆنترۆڵکەر بەم ڕەوشەی دووبارەی هەموو شتێک دەخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و کاتی کۆتایی هاتنی ئەم بێدەنگییەش بە چاککردنی تێڕوانینی خۆی تاوەکو کاتی دیاریکراوی خۆی بەردەوامی پێ دەدات.

• خاڵێکی دیکە ژیانی ژێر هەلومەرجێکە کە هەست بە گوناە یان پەشیمانی دەکەیت. هیچ یەکێکمان حەز ناکەین کە هەست بە گوناە یان پەشیمانی بکەین و ئەگەر هەست بە گوناە یان پەشیمانی بکەین لە کارێکماندا، هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ لەناوبردنی ئەو هەستە. بەڵام ئەم پرسە لەناو کەسی کۆنترڵکەردا بەشێوەیەکی تایبەتی تر دەردەکەوێت، چونکە ئەم کەسانە لەبری پۆزش هێنانەوە یان هەوڵدان بۆ چارەسەری پرسەکە، هەر کارێک کە پێویست بێت ئەنجامی دەدەن و دواتر بە هەوڵی پاساو هێنانەوەی جۆراوجۆر بەردەوام کار لەسەر بە کەمتەرخەم نیشاندانی کەسی بەرامبەر دەکەن و پرسەکە ئەخەنە ئەستۆی بەرامبەرەکەیان.

• خاڵێکی دیکە پەیوەستە بەو گلەیی و گازندانەی کە سەبارەت بە کێشە چارەسەر نەکراوەکانی ژیانت هەتە. هاوسەرگیری ناتەندروست بەگشتی پڕە لەم جۆرە گلەیی و گازندانە و هۆکارەکەشی نەبوونی پەیوەندییەکی گونجاوە لە نێوان هەردوو لایەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە و پرسەکانیان. ئەڵبەتە زۆرجاریش ئەم کیشانە بەردەوام دەمێننەوە، چونکە کەسی کۆنترڵکەر بە ئەنقسەت نایەوێت کۆمەڵێک لە کێشەکان چارەسەر بکات. هۆکاری ئەو مەسەلەیەش ئەوەیە کە ئەو کەسە، خۆپەرستە و خۆی بە ڕاست دەزانێت و هەرگیز نایەوێت کاتێک تەرخان بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. ئەو کەسە هەمیشە حەز دەکات وابزانێت کێشەکە چارەسەرکراوە و هەرگیز هیچ کێشەیەکیان نەبووە.

ئیدی ئێستا دەزانیت کە درێژەدان بە پەیوەندییەکی ژەهراوی کە بەرەو پەیەندییەکی جدی تری وەکو پەیوەندی ژن و پیاوی و ژیانێکی هاوبەش دەڕوات، هەڵبژاردەیەکی گونجاو نیە. هیچ یەکێکمان حەز ناکەین کە گیرۆدەی پەیوەندییەکی لەم شێوەیە ببین و بەردەوام هەست بە دیلییەتی و ژێر دەستەیی بکەین. هەموو کەس حەز دەکات کە

سەروەری ژیانی خۆی بێت و خۆی کۆنترۆڵی ژیانی خۆی بکات. هەر بۆیە هەموو کەس دەیەوێت بەبێ ئەوەی بکەوێتە بەر دەستکارییەوە ئەو لایەنە نەبن کە سود لە پەیوەندییەکە وەرنەگرن، بەڵکو دۆستایەتییەکی تەندروست و دوو لایەنە بۆ خۆیان دروست بکەن، بەڵام پێش ئەوەی زیاتر بچینە ناو پەیوەندییەکەوە، پێویستە چەند پرسیارێک بخەینەڕوو بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیش دەتوانین تێ بگەین کە ئایا هاوڕێ و هاوبەشی ژیانمان کەسێکی ژەهراوی و کۆنترڵکەرە یان بە پێچەوانەوە. ئەگەر ئەم کتێبە ڕینوێنییەت بە باشی خوێندبێتەوە، بە ئاسانی دەتوانیت ئەوە دەربخەیت کە ئایا پەیوەندی هاوڕێیەتی و دۆستانەت بەسود و دوو لایەنەیە یان بە پێچەوانەوە؟ سەرنج بدە بە چاوپۆشی لەوەی کە کەسەکان و هاوڕێ کۆنترۆڵکەرەکانت داوات لێ دەکەن و تەڵقینت دەدەن کە بە خواستی ئەوان کار بکەیت، بەڵام تۆ کەسێکی خاوەن مافی بنەڕەتی خۆتی و دەبێت پارێزگاری لێ بکەیت. ئەم مافەش بریتییە لە ڕێزگرتن لە بەرامبەر، مافی خستنەڕووی بۆچوون، خواستەکان و بیروباوەڕ، مافی دیاریکردنی ئامانجەکەی خۆت بەبێ کاریگەری و لەبەرچاونەگرتنی مافی کەسانی دیکە.

هەروەها تۆ بەردەوام ئەو مافەت هەیە کە بۆچوونی جیاوازی خۆت لەبەرامبەر بۆچونی بەرامبەرەکەت دەرببڕیت و بە دڵنیاییشەوە ئەم مافە زامنی ئاسایشی دەروونی، رۆحی و سۆزدایت بۆ دەستەبەر دەکات. هەروەها ئەو مافەت هەیە کە هەر کاتێک حەزت لێ بوو بتوانیت لەو ژیانە بچیتە دەرەوە و جیا لەو درێژە بە ژیانی خۆت بدەیت.

ئەمانە هەموو ئەو دەستکەوت و مافانەن کە کەسی کۆنترۆڵکەر هەوڵدەدات لە درێژماوەدا لێت وەرگرێتەوە و بێ بەشت بکات لێیان. بەڵام ئاگاداربوون لەو خاڵانەی کە باسمان کردن و زانینی ئەو مافانەی کە تۆ

خاوەنیانی یارمەتیت دەدات سەبارەت بەوەی کە بە مافی تۆ حساب دەکرێت لەبیرت بێت و ئەو دڵنیاییەت پێ دەبەخشێت کە دەتوانیت ئەوەی کە دەتەوێت ئەنجامی بدەیت.

ئەگەر ئەم جارە لەگەڵ هاوڕێ کۆنترۆلکەرەکەتدا دانیشتیت، ئاگاداری مافەکانت بە، هەناسەیەکی قوڵ هەڵمژە و هەوڵی بەرگری کردن لە خۆت بدە. تۆ تەنها کەسێکی کە ژیانی خۆت کۆنترۆڵ دەکەیت. پرسی دواتر کە دەبێت تەرکیز بکەیتە سەری، دوورکەوتنەوەیە لەم جۆرە کەسانە. هەوڵبدە دووری خۆت لەگەڵ ئەم کەسانە بپارێزە. باشترین ڕێگا ئەوەیە پاش ئەوەی کە بۆت دەرکەوت کەسێکی کۆنترلکەرە، لێی دووربکەویتەوە. ئەگەر بۆ دوور کەوتنە لە کەسی بەرامبەریش درەنگ بوو، هەوڵبدە بزانە دەتوانیت بۆ ماوەیەک لێی دوور بکەویتەوە یان ناتوانیت.

کاتێک ڕووبەڕووی ئەم جۆرە کەسانە بوویتەوە یان چوویتە ناو پەیوەندییەکەوە لەگەڵیاندا، ئەگەر پاش ئەوەی تێگەیشتیت لە کەسایەتی فێڵباز و دووڕوویان، ئەگەر دوور نەکەوتیتەوە لێیان، لە ڕاستیدا بەو مانایەیە کە شانسی دووبارەت داوە پێیان تاوەکو باشتر تۆ بناسن و باشتر پەی بە خاڵە لاوازەکانت ببەن و لە ئایندەشدا بەهۆی هەموو خاڵە لاوازەکانتەوە، باشتر دەتوانن دەست بەسەرت بکەن.

دوور کەوتنەوە لەم کەسانە، یەکەمین و باشترین ڕێگایە بۆ پارێزگاری کردن لە خۆت. ئەگەر پاش ماوەیەک لە دوور کەوتنەوە لەو کەسانە، هەستت کرد کە دەتەوێت دووبارە هەوڵبدەیت و بارودۆخەکە باشتر بکەیت، تەواو بە پێچەوانەی ئەو حەزەت کار بکەیت، ئەوەت لەبیر بێت کە کۆنترلکەرەکان هەموو هەولێکی خۆیان دەدەن تاوەکو ببینە هۆی ئەوەی تۆ سەبارەت بەخۆت و ئەو بڕیارەی کە بۆ پارێزگاری کردن لەخۆت داوە هەستێکی ناخۆشت بۆ دروست بکەن و لەم ڕووەوە هەڵدەدەن

دووباره بتگەڕێننەوە بۆ پەیوەندییەکە و دووباره سوئیسفادەت لێ بکەن. هەوڵ دەدەن وا تێت بگەیەنن کە باشترە بیر لە بەرژەوەندی و سودی خۆت بکەیتەوە. ئەگەر پەیوەندییەکی لەم شێوەیە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باسمان کرد ببێتە هۆی جیابوونەوە، بەهیچ شێوەیەک کەمتەرخەمی تۆ نیە.

لایەنێکی دیکە کە کۆنترۆڵکەر گرنگی پێ دەدات و تەرکیزی دەخاتە سەر، بەدەستهێنانی ڕەوشێکی گونجاوە بۆ سوئیسفادە کردن لە خاڵە لاوازەکان و ئەو پرسانەیە کە تۆ دەکرێت زیانت پێ بگەیەنرێت. ئەگەر کۆنترۆڵکەر دەستی بگات بەو خاڵە لاوازانە و زانیاری بەدەست بهێنێت سەبارەت بەو خاڵانەی کە دەتوانرێت زیانت پێ بگەیەنرێت، دەتوانێت بەردەوام سود لەو خاڵە لاوازانەت وەرگرێت بۆ ئەوەی بەردەوام لە ڕێگەیانەوە هێرشت بکاتە سەر و لێت بدات. ئەم پرسە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تۆ بەردەوام هەست بە ناتەواو بوون و یان بێ کەڵک بوون بکەیت و بەگشتی بە جۆرێک کۆتایی دێت کە کۆنترۆڵکەر بەهۆی ئەو ناتەواوییەتەوە بەردەوام سەرزەنشتت دەکات و یان زۆرجاریش سزات دەدات. کۆنترڵکەر بە ئەنقەست و هۆشیارانە ئەم پرسانە دەخاتەڕوو.

لەم حاڵەتەدا تۆ بەردەوام بەشوێن ڕێگایەکەوەیت کە ڕێگری بکەیت لە سزادانت لەلایەن ئەو کەسانەوە، بەڵام کۆنترڵکەرەکان هەمیشە ئەو ئامانجەی کە تۆ بەشوێنیەوەیت بەشێوەیەک دەیگۆڕن کە تۆ هەرچەندە زیاتر هەوڵبدەیت تاوەکو بە بەهێزبوونی خۆت لە سەرزەنشتی ئەوانە خۆت بەدوور بگرێت، هیچ کاتێک بەو ئامانجە دیاریکراوەت ناگەیت. ئەم پرسەش یارمەتی کۆنترڵکەرەکان دەدات تاوەکو هەر کاتێک بیانەوێت، بتوانن کۆنترۆڵی کەسی قوربانییەکەیان لە ژێر دەستدا بێت.

ڕێگە نەدەیت بە کۆنترۆڵکەرەکان بۆ دریژەدان بە ئاراستەیە! ئەوان دەیانەوێت سەرزەنشتت بکەن سەبارەت بە هەموو شتێک و ئەو دڵنیاییە بەدەست بهێنن کە هەمیشە هەستێکی خراپت سەبارەت بەخۆت هەیە. تاوەکو دڵنیا ببن هەمیشە لەدەوروبەریان دەمێنیتەوە و بە هەوڵدانی زۆر هەوڵ بۆ ڕازی بوونی ئەوان دەدەیت، تاوەکو لەوانەیە لەو ڕێگایەوە، هەستێکی باشتر سەبارەت بەخۆت بەدەست بهێنیت. خودی ئەم پرسەش بەڵگەیەکی بەهێز و تەواوەتییە لەسەر ئەو بابەتەی کە تۆ لە هیچ بابەتێکی خراوەڕوو لەلایەن کۆنترۆڵکەرەکانەوە خەتابار نیت و هیچ بەرپرسیارییەتێک لەم بوارەدا لە ئەستۆی تۆدا نیە.

ئاگاداری هۆکاری وتنی (بەڵێ)کردن بە، و خۆت ڕابهێنە لەسەر بەکارهێنانی (نەخێر). ئامانجی کۆنترۆڵکەرەکان ئەوەیە کە هەمیشە گوێیان لە بەڵێ قوربان کردنی بەرامبەرەکەیان بێت. ئەوانە زانیاری زۆر کۆ دەکەنەوە و سود لە تەکنیک و ڕەوشی زۆر وەردەگرن تاوەکو دڵنیابن لە وەڵامی ئەرێنی و ئیجابییەکانت لە هەموو بابەت و هەلومەرجێکدا. سەبارەت بەوەی کە بزانیت و چۆن و چ کاتێک بڵێیت (نەخێر) و ڕووبەڕووی ببیتەوە یەکێکە لەو مافانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، بەڵام ئەمە پرسێکە دەبێت کاتی زیاتری بۆ تەرخان بکەیت و نەرم نەرم بە ڕاهێنان و بەردەوامیدان پێی لەناو خۆماندا بیکەینە کارێکی سروشتی و ئاسایی، چونکە هەموو ئەوانەی کە لەناو پەیوەندییەکی دەستکاریکراودان و ئەوانەشی کە لەناو ئەو پەیوەندییەدا نین، بەگشتی لە کاتێکدا کە دەبێت بڵێین (نەخێر)، ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە و ناتوانن بە ئاسانی ئەو دەستەواژەیە بەکار بهێنن.

ئەگەر خەمی زیان پێ گەیشتنی هەستی بەرامبەرەکەمان هەبێت و وابیر بکەینەوە کە لەوانەیە تێڕوانینی بەرامبەرەکەمان لە حاڵەتی بەرگریدا

بگۆڕێت، وتنی نەخێر ئەوەندە قورس و دژوار دەبێت کە تەنانەت لەوانەیە بمانخاتە گریانەوە و بەگشتی پێویستی بە ئازایەتییەکی زۆر هەیە. ئێستا بیر بکەرەوە لەوەی کە ئەگەر بەرامبەرەکەت کەسێکی کنترۆڵکەر بێت چەندە وتنی نەخێر قورس دەبێت بۆت، هەر بۆیە لەم بوارەدا پێویستت بە هێزی قسە کردن و ڕاست قسە کردن و بوونی ئیرادە و جورئەت و ڕووبەڕووبوونەوە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانیت بڵێیت نەخێر، ئەمەش بە بەهایەکی بەرز و گرنگ هەژمار دەکرێت کە دەتوانێت ئازادیت دەستەبەر بکات و یارمەتیت بدات کە کنترۆڵی ژیانت بگریتە دەست و خەڵکی یاریت پێ نەکات.

بێگومان ئەوانە حەزیان لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەم جۆرە نیە و تۆ دەبێت شەڕ بۆ ئازادی خۆت بکەیت و لەبەرامبەریان بووەستیتەوە. ئەگەر خۆت ڕابهێنیت لەسەر ئەوەی بەبێ هیچ پەشیمانبوونەوەیەک بڵێیت (نەخێر)، چ بە کەسێکی کۆنترۆڵکەر بێت و چ بە کەسێکی دیکە، ئەوە دڵنیابە فێری نهێنی ژیانێکی ئازاد تر و تەندروست تر بوویت. ئەوەت لەبر بێت کە نەبوونی هیچ پەیوەندییەک، هەمیشە زۆر باشترە لە بوونی پەیوەندییەکی ژەهراوی.

لە پەیوەندی ژەهراویدا، هەموو شتێک بە حەز و خواستی کەسی کۆنترۆڵکەر تەواو دەبێت و هەمیشە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسی بەرامبەری پەیوەندی، بەرە بەرە هەموو شتێک لەدەست بدات. کێشەکە لێرەدایە ئەو قوربانییەی کە دەرگیری ئەم جۆرە پەیوەندییە دەبێت، هەست دەکات ئەم شێوە ڕووبەڕووبوونەوەیە و ئەم جۆرە پەیوەندییە سروشتییە و لە هەر پەیوەندییەکدا دەبێت لەخۆبوردەیی پیشان بدات و بەهیچ شێوەیەک ئاگاداری ئەوە نابێت کە گیرۆدەی پەیوەندییەکی ژەهراوی بووە.

یەکەمین هەنگاویش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بابەتە دەکرێت دیاریکردنی ئەو پرسە بێت کە چ کاتێک هەڵخەڵەتاندن، بە ناچاری و لە سەرەوەی کێشەکانت لە پەیوەندییەکاندا ڕوو دەدات. دەرخستنی ئەم کێشەیە، پێویستی بە کات و ئازایەتییەکی زۆر هەیە، چونکە بە کات و ماوەیەکی زۆر پەیوەندییەک بەرەو ژەهراوی و مەترسیداربوون دەڕوات، کەسی کۆنترۆڵکەریش بەرە بەرە هەست بە لەناوچوونی باوەڕبەخۆبوونی کەسی بەرامبەر دەکات، هەر لەبەر ئەوەشە بۆ ئەو کەسە زۆر قورس دەبێت کە بتوانێت دووبارە لەسەر پێی خۆی بووەستێتەوە.

ئەم کێشەیەش پێویستی بە کات و ئازایەتی هەیە، بەڵام کاتێک جێبەجێ دەکرێت و دەبێتە کرداری، ئیدی کەسەکە دەتوانێت تێبگات کە بەبێ بوونی کەسی کۆنترۆڵکەر، چەند هەموو شتێک لە ژیانیدا گۆڕاوە و ژیانی بەرەو باشتر و ئارام تر ڕۆشتووە.

# وەرزی حەڤدەیەم

## توێژینەوە لەسەر بنەمای
## کارکردنی دەروونناسی تاریك

# تیۆدۆر رۆبێرت تید باندی
# (Theodore Robert, Ted Bundy)

تید باندی یەکێکە لە بەناوبانگترین تاوانبار و بکوژە زنجیرەییەکان لە مێژووی جیهاندا. ئەم شەیتانە شەڕەنگێزە لە کارنامەکەیدا باسی بابەتەکانی وەکو ئازاردان، تاقیکردنەوەی پزیشکی لەسەر کەسەکان، تاوانی کوشتن لە ڕێگەی برسییەتی و خنکاندن بە گازی ژەهراوی کردووە. ژیانی لە زۆر بواردا هاوشێوەی کتێبێکی ڕێنوێنییە کە چۆن دەبێتە تاوانبار و بکوژێکی زنجیرەیی. یەکێک لەو بوارانەی تید باندی سەرنجی دەوروبەرەکەی بۆلای خۆی ڕاکێشا، حەزی بۆ دەرکەوتن و حەزی بۆ چاوپێکەوتن و خستنەڕووی بۆچوونە شەخسییەکانی بوو لە بارەی ئەو زانیارییانەی کە کۆی کردبوونەوە سەبارەت بە تاوانەکانی. دەرخستنی بابەتی زیادەڕەوانە و درۆکردن و لاف لێدانی ڕاگەیاندنەکان هەمیشە کاریگەری هەبووە لەسەر گەورەکردنی تاوانەکانی زۆرێک لە تاوانبارە بەناوبانگەکان سەبارەت بەوەی کە ڕوویانداوە، بەڵام لە بارەی باندییەوە بەو شێوەیە نیە، ئەوەی کە باسکراوە، بەشێوەیەکی شێتانە ڕاستییە و هیچ زیادەڕەوییەکی تێدا نەکراوە.

هیچ ئامارێکی وردی ژمارەی کوژراوەکان بە دەستی تید باندی باس نەکراوە. هەندێک تاوانباری دەکەن بە کوشتنی ٣٠ کەس، بەڵام خۆی باوەڕی وایە ژمارەی ئەو کەسانەی لەناوی بردوون دەگاتە ١٠٠ کەس.

هیچکەس ئاگاداری حەقیقەتی ڕووداوەکان نیە و تەنانەت زۆرێک لە لێکۆڵەرەوانیش باوەڕیان وایە، تەنانەت خودی باندیش بە وردی نازانێت چەند کەسی کوشتووە. پاش ئەوەی کە باندی سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا، لە ماوەی پێش لە سێدارەکانی، بابەتێکی زۆری بەرچاو لەبارەی پەیوەندی بە هۆکارەکانی پشت کوشتنەکانی باندی و هەروەها هەلومەرجەکانی وەکو جەستەیی، ڕۆحی و دەروونییەوە خراوەتەڕوو. سەرەڕای ئەوەش لە زۆرێک لەو شیکاری و شیکردنەوانەی پاش مردنی باندی ئەنجام درا، هەوڵدرا تاوەکو بە لێکۆڵینەوەی ورد لە تاوانەکانی و بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر لەبارەیانەوە، پەردە لەسەر یەکێک لە نهێنیترین بکوژی زنجیرەیی ناسراو هەڵماڵن.

زۆرێک لەو ڕەوش و شێوازانەی کە باندی وەکو بکوژێکی زنجیرەیی دژە کۆمەڵگە سودی لێ وەردەگرتن، لەم کتێبەدا باسکراون. بەڵام وەرن پێش ئەوەی باسی شیکارییەکانی ئەم کەسە بکەین لەسەر بنەمای فێرکارییەکانی ئەم کتێبە و پەیوەندی باندی لەگەڵ دەروونناسی تاریک، سەرەتا باسی هەندێک لەلایەنە دیارەکانی تاوانکاری باندی بکەین.

شێوەی گۆڕان و بەرزبوونەوەی کردارەکانی باندی، یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی لە پێشینەی دوورودرێژی لە تووشبوونی بە تاوانە جۆراوجۆرەکان و کوشتنە زنجیرەییەکانی. باندی دەیوت کاتێک بۆ یەکەمجار دەستی کرد بەکوشتن، ئەم کارەی بەبێ پاساو، بە نارێکی و بەتەواوی لەسەر بنەمای حاڵەتێکی کتوپڕ و بەبێ بەرنامە ئەنجامداوە، بەڵام ئەویش وەکو زۆرێک لە کەسانی دیکە کە بە ڕاهێنان لە کارەکەی خۆیدا لێهاتوویی زیاتر بەدەست دەهێنێت، بەرە بەرە لەم کارەدا دەبێتە پسپۆڕ و بە وتەی خۆی، وردتر، حەزەرانەتر و بە شێوەیەکی بە بەرنامە کارەکانی ئەنجام دەدا.

پەیبردنی وردی مێشکی باندی جێگەی مشتومڕ و گفتوگۆیە، چونکە ئەم کابرایە توانایەکی زۆری هەبووە لە لادان و گۆڕینی ڕاستییەکان. تواناییەکانی لە شاردنەوەی ناسنامەی ڕاستەقینەی بە دروستکردنی هەندێک گۆڕانکاری لاوەکی، بەڵام سەرلێشێواوانە و توانایی لە خستنەڕووی هەر جۆرە کەسایەتییەکی هەڵە کە بە پێویستی دەزانی تاوەکو لەو ڕێگەیەوە قوربانییەکەی بخاتە ناو داوەکەوە، ئەمەش وای کرد کە بەگشتی ناوی (شێوەی گۆڕاو)ی لێ بنێن.

پرۆسە فێڵبازییەکانی بەشێوەیەک لێهاتوانە و ورد بوون لە هەر هەلومەرجێکدا ببووایە، هۆکار، ڕەوش، و شێوەی تایبەتی هەمان هەلومەرجی بۆ ئەجامدانی تاوانەکەی دروست دەکرد. لە درێژەی باسەکەدا پوختەیەک لە یەکەم کۆڕەکانی پێشکەشکراو لە پەیوەندی لەگەڵ دۆزینەوە تاریکەکەکانی دەروونناسەکان لە پەیوەندی لەگەڵ تید باندیدا دەخەینەڕوو.

کتێبێکی زۆر تەرکیزیان کردووەتە سەر شێوەی بواری ڕەوشەکانی تید باندی و لەبارەی ئەوەوە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە. بەڵام تۆ لەبری ئەوەی چەندین کاتژمێر تەرخان بکەیت بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان سەبارەت باندی لەناو کتێبەکان و ڕاپۆرتە جیاوازەکاندا، لێرەدا دەتوانیت خاڵە گرنگەکانی پەیوەست بە دەروونناسی تاریکی مێشکی لەم بەشەدا بخوێنیتەوە.

بێ هیوایی یان نائومێدی یەکێک بوو لە تایبەتمەندییە تاریکەکانی دەروونناسی باندی. ئەم کارە دەکرێت لە هەڵسوکەوتەکانی لەگەڵ قوربانییەکانی، چ پێش کوشتنیان و چ دوای کوشتنیان ببنیرێت. هەڵسوکەوتەکانی باندی لەگەڵ ئەو قوربانیانە دەرخەری لادانەکانییەتی چ لە ڕوانگەی جەستەیی و چ لە ڕواگەی دەروونناسییەوە.

له بواری سەرنجڕاکێشییەوە باندی وەکو پیاوێکی گەنج لەلایەن هەموو کەسێکەوە پەسەند و ئینکاری نەکراو بوو. ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییە جیاوازەکان لەناو کەسانی دژە کۆمەڵگەدا کە دەتوانن بەبێ بوونی هیچ جۆرە هەستێکی ڕاستەقینەی دەروونی، خۆیان وەکو کەسێکی عاشق و سەرنجڕاکێش پیشانی بەرامبەرەکەیان بدەن. باندی لە ڕوانگەی دەروونییەوە، ناسرابوو بە کەسێکی بێ حەز و سارد، بوونی گرفتە دژە کۆمەڵگەبوونەکەشی ئەم پرسەی زیاتر تۆخ تر کردبوویەوە. بەو شێوەیەی کە خۆی باسی کردووە، خێزانەکەی کەسانێکی توندوتیژ و سارد بوون و ئەگەری هەیە هەندێک لە کێشەکانیشی پەیوەستبن بە هەڵسوکەوتەکانی باوک و دایکییەوە، لە ڕاستیدا هەر بۆیە کوژراوەکانیشی بە سادیزمانەترین و دڕندانەترین شێوە دەکوشت.

چالاکییەکان و قسەکانی باندیش دەرخەری توانایی و لێهاتویی مێشکی کەسانی دژە کۆمەڵگەیە، بۆ پەیبردنی هۆکارەکان و پێشبینی کاریگەرییەکان لەناو کرداری دەوروبەرەکەیاندا. هیچ شتێک ناتوانێت ئەم بابەتە ئەوەندەی قسەکانی خودی باندی ڕوون بکاتەوە، کە عەسری ڕۆژێک پێش لە سێدارەدانی، لەبەردەم دکتۆر جیمز دابسۆن باسی کردن. ئەو ڕۆژەی کە باندی قبوڵی کرد لەگەڵ دکتۆر دابسۆن چاوپێکەوتن بکات، باندی دەیزانی دکتۆر خەریکی دروستکردنی کەمپینی دژە هاوڕەگەزبازییە، هەر بۆیە قسەکانی ڕێک بەو شێوەیە و بەهەمان ناوەڕۆک دەکرد کە دەیزانی دکتۆر دابسۆن دەیەوێت گوێیان لێ بێت و بەم کارەی تەرکیزی دکتۆری لەسەر هەڵسوکەوتە سەرەکییەکانی لادا و دەستیکرد بە قسەکردن لەسەر کرداری شەیتانی کە بێ گومان بوونە هۆی سەرنجڕاکێشی دابسۆن، چونکە دکتۆر خۆی پێشتر ئەندامی کۆنی کەنیسە بوو، هەروەها کەسێکی باوەڕداری ئاینی مەسحیش بوو. لەو

چاوپێکەوتنەدا باندی ئەوەی نیشاندا کە ئەو توانایییەی هەیە خۆی بەشێوەیەکی تەواو لەو کەسایەتییە جیا بکاتەوە کە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەی توشی بوو بوو، هەروەها خۆی بگۆڕێت بۆ کەسێکی دیکە. باندی بۆ دیاریکردنی شوێنی هەریەکە لەو کوژراوانە سودی لە سەرە داوێکی نهێنی ئامێز وەردەگرت کە تەنها بۆ خۆی واتای هەبوو. لەناو مێشکی کەسێکی دژە کۆمەڵگەی وەکو باندی کە هیچ پەیوەندییەکی لە هەست و گوناە و باش و خراپ نیە، پیشاندانی شوێنی جەستەی ئەو منداڵانەی کە کوشتوونی تەنها وەکو هۆکارێک بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی شەخسی حساب دەکرێت.

تەنانەت زۆرێک لە کەسانی تاوانبار و دژە کۆمەڵگەی دیکەش دانیان بە لێهاتوویی باندی داناوە لە ئەنجامدانی کردارە تایبەتیەکانیدا. تێڕوانینی لەبارەی تەکنیکەکانی بەڕێوەبردنی یاسا و هەڵاتن لە کاتی خۆیدا لە دەستی یاسا لە سەردەمێکدا کە ئەم جۆرە بوارانە کەمتر لە ئەمڕۆ ناسرابوون بەڵگەیەکی دیکە بوو بۆ سەلماندنی زیرەکی بەرزی باندی و سودوەرگرتنی ترسناکی لە دەروونناسی تاریک.

سەرەڕای ئەو پرسانە و بە سەرنجدان بە ڕەوشەکانی باندی کە بۆ ئازاردانی قوربانییەکانی سودی لێ وەردەگرت و ئەو وێنایەی کە سەبارەت بە جەستەکەیان باسی دەکرد و هەروەها ئەو پرسەی کە لەکاتی باسکردنی جێبەجێکردنەکانی کارەکانی خۆی بە کەسی سێیەم ناو دەبرد، دەتوانرێت پەی بەو مەسەلە ببرێت کە باندی سەرەڕای دژە کۆمەڵگەبوونەکەی، توشی کێشەیەکی دیکەی وەکو سادیزم و خۆپەرستیش بووبوو.

# ئەدلۆف هیتلەر

هاوشێوەییەکی زۆر لە نێوان ئایدیا سیاسییەکانی ماکیاڤیللی کە لە کتێبەکەیدا بەناوی (میر) لە نووسینی نیکۆلۆ ماکیاڤیللی نووسراوە و کارە سیاسییەکانی هیتلەردا هەیە. هەر بۆیە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە هیتلەر، تایبەتیترین وێنەی مومکینی لە سەرۆکێکی گەورەی ماکیاڤیللی هاوچەرخی نمایش کردووە. ڕێگەم بدەن پێش ئاماژەکردن بە بەرنامەکانی هیتلەر بۆ دروستکردنی ئایندەیەک لەسەر بنەماکانی ماکیاڤیللگەرایی، باسی هاوشێوەیی نێوان ئایدیاکان و کردارەکانی ماکیاڤیللی و هیتلەر بکەین.

ئەم ڕستەیەی کتێبی (میر) لەسەر بنەمای ئەوەی کە (دەبێت ئاشتی بەدرێژایی ڕووبەڕووبوونەوە و دەرگیرییە بێ کۆتاییەکان، وەکو پشوویەکی کورت یان ئارامییەکی کورت حسابی بۆ بکرێت)، دەتوانرێت ئەمە وەکو یەکەمین پەیوەندی لە نێوان ئایدیاکانی ماکیاڤیللی و هیتلەر ببینین. هیتلەر خۆی تەرخانکردبوو بۆ گەڕان و دۆزینەوەکان و دواجار مەبەستی بوو تەواوی جیهان لەژێر ناوی ڕایشی سێیەم بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. هەر بۆیە دەتوانین هیتلەر وەکو نزیکترین کەس بە واتای ڕێبەری جەنگی بێ کۆتایی وێنابکەین کە لە کتێبەکەی ماکیاڤیللیدا ئاماژەی پێ کراوە.

سەرەڕای ئەوەی کە ماکیاڤیللی بەرگری لە دروستکردنی کۆنترۆڵی ڕاستەقینە و ڕوون دەکردەوە بۆ کردارێکردنی ئامانجێکی سیاسی بەرنامەڕێژکراو. بەشێوەیەکی نافەرمی، بیروباوەڕی سیاسی هیتلەر ئەوە بوو کە هەموو جولەکە نیشتەجێبووەکانی ئەڵمانیا ئاوارە بکات و ئازاریان بدات

و له کۆتاییشدا هەموویان لەناو بەرێت. کرداری ئالای درۆینە یەکێک بوو لەو ڕووداوە گرنگانەی کە یارمەتی هیتلەری دا بۆ بە کرداریکردنی ئەو کۆمەڵکوژی و ڕەگەزپەرستی و قڕکردنەی کە دەستیپێکرد بوو.

سەبارەت بەوەی کە ئایا هیتلەر ئەو ڕووداوانەی هاوکات بە دەستوری کاری دژە جولەکە و دژە کۆمۆنیستی خۆی دارشتبوو یان بە پێچەوانەوە، ئەو بابەتە تاوەکو ئێستاش جێگەی گفتوگۆیە و نەگەیشتووەتە سەلماندنی کۆتایی، بەڵام بەڵگەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە هیتلەر بەو ئامانجانە ئەم بەرنامەڕێژییەی دەستپێکردبوو. بەبێ گوێدان بە هەلومەرجە تایبتەکانی ئەو سەردەمە، ئەم ڕووداوە شایەتییەکی بەهێزە لەسەر ئەوەی کە هیتلەر سودی لە ستراتیژی ئالای درۆینەی ماکیاڤیللی وەرگرتبوو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی تەواو جیاواز.

یەکێک لە ئایدیا سەرەکییەکانی ماکیاڤیللی و ئەوانەی کە شوێنکەوتەی بیرکردنەوەکانی ماکیاڤیللیین ئەوەیە کە بەدەستهێنانی دەسەڵات خۆی لەخۆیدا، ئامانجێکی بەنرخە. هەر ڕێگا و ڕەوشێک کە بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی دەسەڵات بەکار دەهێنرێت، لە ڕوانگەی بۆچوونی بنەمای هەڵسوکەتی ماکیاڤیللاییەوە بە ڕەوا دادەنرێت.

لە ڕوانگەی کردارییەوە لە ڕاستیدا خودی کەسایەتی هیتلەر نمونەیەکی ڕوونە لە واتا و تێگەیشتنی بەرجەستەی کتێبی میر. هیتلەر دەیتوانی سیستەمی سیاسی، دڵ و مێشکی خەڵکی ئەڵمانیا بەڕێوە ببات و ئەم کارەشی کرد. بۆچوونێک هەیە سەبارەت بەوەی کە هیتلەر لە ئەڵمانیای نازی هەڵاتووە بۆ ئەرجەنتین و پاشماوەی ژیانی لەلایەن نازییەکانی لایەنگریەوە بەسەر بردووە، ئەڵبەتە ناتوانرێت ئەم بانگەشەیە بسەلمێنرێت، بەڵام پێ دەچێت بۆچونێکی ڕاستیش بێت، سەرەڕای ئەوەی کە بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەوە خراوەتەڕوو کە هیتلەر خۆکوژی

کردووە، بەڵام دیسانەوەش ناتوانرێت باوەڕ بکرێت بەوەی کە کەسایەتییەکی ماکیاڤیللیایی بەو ئاسانییە بتوانێت دەست لە دەسەڵات هەڵگرێت.

ئەم ئایدیایە لەوانەیە گرنگترین و دیارترین هاوشێوە و پەیوەندی نێوان هیتلەر و ماکیاڤیللی بێت کە دەڵێت: (دەبێت هاوکات خەڵکی تۆیان خۆشبوویت و لێشت بترسن، بەڵام ئەگەر بڕیار بێت تەنها یەکێک لەو خاڵانە جێبەجێ ببێت، ئەوا دەبێت هەوڵبدرێت لێت بترسن چونکە ترسان گرنگترە لەوەی تۆیان خۆشبوویت). نادیدەگرتن و لەبەرچاوانەگرتنی هەستی لە خۆبووردەیی، عەشق و تەنانەت ئەو ستایشەی کە خەڵکیش هەیانبوو بۆ هیتلەر کە ئیلهام بەخشی بوو، ئاسان بوو. نزیکترین هەڵە کە جیهان پاش نافەرمانییەکەی شەیتان کردی لەوانەیە ئەوە بێت کە هیتلەر وەکو ڕواڵەتی گەمژەیی پیشان بدرێت، بەهەرحاڵ هیتلەریش لە دروستکردنی کاردانەوەکانی وەکو عەشق و ترس لە هەردوو لایەنەکەدا لێهاتووییەکی زۆری هەبوو. بۆ پەیبرنی چۆنیەتی دروستکردنی ئەم ئاوێتەبوونەی عەشق و ترس، دەبێت سەیری ڤیدیۆی وتارەکانی هیتلەر بکەیت.

پشتیوانی کردن لە قسەکانت تەنانەت لە حاڵەتێکیشدا کە ئەگەر خەڵکیش باوەڕی پێ نەکەن، یەکێکی دیکەیە لە ئایدیا سەرەکییەکانی کتێبی میر، ماکیاڤیللی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە تەنانەت ئەگەر قسەکانیشت ڕاست نەبن، دەبێت بەجۆرێک بیانکەیت و دەریان ببڕیت کە شایەنی باوەڕبن و بە ڕاست بەرچاو بکەون.

هیتلەر تێڕوانینی واقعی لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو بنەما و واتایە لەلایەن کەسایەتییەکانی دنیای ڕاستەقینە بە دەسەڵاتی سیاسی دەخاتەڕوو. دەربرینەکانی هیتلەر، کرداری بازرگانی و شێوەیەکی

شکۆمەند و زۆر دژواربوون بۆ جێبەجێبوونی ئەو حەقیقەتانە و بەهیچ شێوەیەک واقعبینانە نەبوون. سەرەڕای ئەوەی کە هیتلەر نەیدەتوانی لەلایەنی زمانییەوە قسەکانی لەبەر بکات، بەڵام سەرکەوتووبوو بەوەی کە دەموچاوی وەکو کەسێک کە بەشوێن جێبەجێکردنی قسەکانی خۆیەوەتی بپارێزێت. واتای ماکیاڤیللیایی بە جیاکردنەوەی راستی و پەیمانەکانی دەوڵەت، بەهۆی کاریگەری دەروونناسی و بەرچاوەوە، کاریگەرییەکی سەرنجڕاکێشی بۆ جیهانی هەبووی پیشاندابن.

بەهێزبوونی دەسەڵات و مەترسییەکانی، واتایەکی ماکیاڤیللیایی دیکە بوو کە لەلایەن هیتلەرەوە خرایەڕوو. هەرکەسێک ڕووبەڕووی ئەو بزوتنەوە نەتەوایەتییە ببوایەتەوە، بەشێوەیەکی بە بەرنامە لەسەر شانۆی سیاسی و ژیان دەسڕایەوە. هەرکەس بهاتایەتە سەر ڕێگەکەی لەناو دەبرا. هیتلەر باوەڕی وابوو کە دەبێت دووژمنەکانی پێشووی ئەڵمانیا، نەیارانی ئایدۆلۆژی و کۆمەڵە نەتەوەییانی دیکە کە دژی بوون لەناویان ببات. هیتلەر بەم ڕەوشە توانی تاوەکو ڕادەیەکی زۆر ئایدیاکانی جێبەجێ بکات. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت لە واقعدا، تەنانەت لەسەردەمی مۆدێرنەشدا، هێشتا فەلسەفەی ماکیاڤیللی کارامەیی خۆی هەیە و کاری پێ دەکرێت.

سود وەرگرتن و حەزی هیتلەر بۆ سادیزم، دواهەمین ئەو پرسەیە کە لە قەڵەمڕەوی دەروونناسی تاریکدا باسی دەکەین. ڕەوشەکانی هیتلەر لە بەڕێوەبردنی ئۆردوگاکانی کاری زۆرە ملێی، ڕوونترین نیشانە و ئاماژەیە کە بوونی تایبەتمەندی سێگانەی تاریک لەناو هیتلەردا بەشێوەیەکی تەواو دەبنیرا.

## بەشی کۆتایی

لە دڵەوە سوپاست دەکەم کە تاوەکو کۆتایی کتێبەکە لەگەڵمدا بوویت. لە کتێبەکەدا هەوڵدرا فێری نهێنییەکانی دەروونناسی تاریک بکرێیت، کە ڕێنماییەکی سەرەتایی بوو بۆ فێربوونی بابەتەکانی وەکو دەستکاری سۆزداری شاراوە، (NLP)، کۆنترۆڵی مێشک، هەڵخەڵەتاندن و شۆردنەوەی مێشک، تاوەکو فێری هونەری خوێندنەوەی مێشکی کەسەکان و کاریگەرییان ببیت لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان.

هیوادارم ئەم کتێبە بەسود بوو بێت و پاش تەواوکردنی کتێبەکە، توانیبێتی ئامرازەکان و بابەتەکانی پێویست بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانت، هەرچییەک بن خستبێتە بەردەستت.

ئێستا کە کتێبەکەت تەواو کرد، هیوادارم پەیبردن و تێڕوانینت بۆ دەستپێکردن و سودوەرگرتن لە دەروونناسی تاریک بەدەستهێنابێت و بە سودوەگرتن لە چەند تەکنیک و ڕەوشێکی بەسود، بتوانیت بۆ ئەو سەردەمانەی کە سەبارەت بە هەندێک لە پرسەکان توشی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ دەبیت، بەکاریان بهێنیت و سودیان لێ وەرگریت. پێش ئەوەی دەست بە سودوەرگرتن لەم ڕەوشانە بکەیت، پێویستە داوات لێ بکەم کە چاوەڕوانییەکی واقعبینانەت هەبێت سەبارەت بە ئاستی ئەو سەرکەوتنانەی کە بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەدەستیان بهێنیت.

هەنگاوی دواترت بەتەواوی بە کرداری کردنی ئەو زانستەیە کە ئێستا لەبەردەستتدایە. خاڵێکی ئیجابی ئەم کتێبە ئەوەیە کە هەرچی تۆ پێویستت بێت لەناویدایە. تەنها کارێک کە دەبێت لە قۆناغی دواتردا

ئەنجامی بدەیت ئەوەیە کە بتوانیت سودی لێ وەرگریت. ئەمە پرۆسەیەکی فێربوونی بەردەوامە بۆ هەموو تەمەنت، هەر بۆیە دەتوانیت ماوە ماوە بگەڕێیتەوە بۆ کتێبەکە و بەکاری بهێنیت و سودی لێوەرگریت.

ڕاستە هەندێکجار کەسانێک هەیە بەخێرایی ئەزموونی سەرکەوتنی جدی دەکەن، بەڵام ئەمە جێگەی داخە لە ژیاندا کە کەسانێکی دەگمەن و زۆر کەمن، نەک ڕێسایەکی گشتی بێت بۆ هەموو کەسێک. ئەمەش بەو مانایەیە بۆ بینینی دەرئەنجامێک کە خوازیاری بەدەستی بهێنیت، پاش ئەوەی توانیت پەی بەو ئامانجە بەریت کە بەشوێنیدا دەگەڕێیت، دەبێت هەوڵدانەکانت بخەیتەگەڕ و بە نەرمی و بەردەوام بڕۆیتە پێشەوە.

کەواتە لەبری بوونی هیوا و ئامانجێکی وەهمی و دوور لە حەقیقەت، دەبێت بە شوێن باشترکردنی توانایی و لێهاتوییەکانی خۆتەوە بیت و لەبری ڕاکردن بە هەموو خێراییەکەوە و ماندووبوونی لەناکاو، نەرم و بەردەوام درێژە بە ڕۆشتنت بدەیت، چونکە ئەوەی کە بەردەوام و نەرم هەوڵدەدات، هەمیشە سەرکەوتوو دەبێت.




WILLAM COOPER

# DARK PSYCHOLOGY SECRETS

ئێستا کە ئەم کتێبەت هەڵبژارد، هیوادارم بە قەناعەتەوە بیخوێنیتەوە و پەیبردن و ئیرواینیست بۆ دەستپێکردن و سودوەرگرتن لە دەروونناسی تاریک بەدەستبهێنێت و بە سودوەگرتن لە چەند تەکنیک و ڕەوشێکی بەسودی ئەم کتێبە، بتوانیت بۆ ئەو سەردەمانەی کە سەبارەت بە هەندێک لە پرسەکان توشی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ دەبیت، بەکاریان بهێنیت و سودیان لێ وەرگریت. پێش ئەوەی دەست بە سودوەرگرتن لەم ڕەوشانە بکەیت، پێویستە داوات لێ بکەم کە چاوەڕوانییەکی واقعبینانەت هەبێت سەبارەت بە ئاستی ئەو سەرکەوتنانەی کە بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە بەدەستیان بهێنیت.

هەنگاوی دواترت بەتەواوی بە کرداریکردنی ئەو زانستە دەبێت کە ئێستا لەبەردەستتدایە. خاڵێکی ئیجابی ئەم کتێبە ئەوەیە کە هەرچی تۆ پێویستت پێیبێت لەناویدایە. تەنها کارێک کە دەبێت لە قۆناغی دواتردا ئەنجامی بدەیت ئەوەیە کە بتوانیت سودی لێ وەرگریت. ئەمە پرۆسەیەکی فێربوونی بەردەوامە بۆ هەموو تەمەنت، هەر بۆیە کتێبەکە بپارێزە و ماوە ماوە بگەڕێرەوە سەری.

خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما
renma_bookstore
نرخ(6000)دینار